ئەنەکەسە و تەڤدەم ڕێککەوتنی دهۆک بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی دەکەنە بنەمای گفتوگۆکانیان

لێکتێگەیشتنی سەرەتایی هاوبەشیان ڕاگەیاند

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5956) پێنج شەممە 18ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

هەریەک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سووریا (ئەنەکەسە) و حزبەکانی نێو تەڤگەری دیموکراتی کە پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)ش تێیدا ئەندامە، ڕایانگەیاند کە گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتنێکی سەرەتایی هاوبەش.

دوێنێ چوارشەممە لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا کە وێنەیەکی دەست خەبات کەوتووە، ئاماژە بەوە دراوە: "حزبەکانی ئەنەکەسە و تەڤدەم سێشەممە 16ی حوزەیرانی 2020 لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان کۆبوونەتەوە و قۆناغی یەکەمی دانوستانەکانی یەکڕیزیی کوردیان تەواو کردووە و گەیشتوونەتە تێڕوانینێکی سیاسییانەی هاوبەشی مولزەم و لێکتێگەیشتنێکی سەرەتایی".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "ڕێککەوتنی دهۆکی ساڵی 2014ی سەبارەت بە دەسەڵات و هاوبەشیی لە ئیدارە و پارێزگاری و بەرگری، بە بنەما دانا بۆ بەردەوامیی گفتوگۆ و دانوستانی ئێستای نێوان هەردوو شاندەکە، بە ئامانجی گەیشتن بە واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی گشتگیر لە داهاتوویەکی نزیکدا".

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان دەکات

هەفتەی داهاتوو شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ سەردانی بەغدا دەکات

گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بودجەیە کرا کە ئێستا لە بەردەستی حکوومەت دایە بە مەرجی پاراستنی مافی مووچەخۆریی ئاساییی شایستە



3

دوێنێ چوارشەممە 2020/6/17 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەشداربوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لە ڕێگەی قیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بودجەیە کرا کە ئێستا لە بەردەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری دایە بە مەرجی پاراستنی مافی مووچەخۆرانی ئاساییی شایستە. ئەنجوومەنی وەزیران جەختی کردەوە لە بەردەوامبوونی کەمکردنەوەی مووچەی خاوەن پلە تایبەتەکان و ئەوانەشی بەو پلانە خانەنشین بوون کە لە کۆبوونەوەکانی پێشوو بڕیاریان لەسەردرا. لەمبارەیەوە کۆبوونەوەکانیش تا ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو بەردەوام دەبن.

سااڵیادی 73 ساڵەی پەڕینەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە ڕووباری ئاراس

پەڕینەوە لە چەمی ئاراس بەرەو یەکێتی سۆڤییەت بڕیارێکی مێژوویی چارەنووسسازبوو لەلایەن مەلامستەفا بارزانییەوە

کاروان محەمەد سینۆ

ئەمڕۆ ساڵیادی ڕۆژێک دەکەین کە یادەوەری 62ڕۆژی خەبات و بەرخودان و شەڕی دەستەویاخەی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانیەتی لە گەڵ سێ ڕژێمی دوژمن و داگیرکەری کوردستان. سێ دوژمن... کە تاکە ئامانجیان تەنها کوشتنی مەلامستەفا بارزانی و تواندنەوەی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد بووە. سێ دوژمن... سێ ڕژێمی دەوڵەتمەدار (ئێران - عێراق - تورکیا)... سێ سوپای بەهێز و زۆرێک لە بارودۆخی سروشتی ناڕەبار و برسێتی و تینوێیی و بێ چەک و تەقەمەنی و سەرما و بێ جلوبەرگی و بێ ئازوقە و دەرمان و بێ دۆست و هەڤاڵ، هەموو ئەمانە و چەندین بارودۆخی دیکە، بوونە دوژمن و نەیاری سەر و خوێنی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی پاش داگیرکردنی کۆماری کوردستان لە مهاباد (17/12/1946).

لەو بارودۆخە نەیارەدا، مەلامستەفا بارزانی بڕیارێکی چارەنووسساز و لێهاتوو و هۆشمەندانەی دا، چالاک و قارەمانانە، خەبات و شۆڕشگێڕانە، بەپیادە و شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ سەربازانی هەرسێ دوژمن و لەتیر بوردوومانی تۆپ و فڕۆکەی هەرسێ سوپای (ئێران - عێراق - تورکیا)، بارزانی خۆی و هەڤاڵانی لە قەتڵوعام ڕزگار کرد و لە ڕێچوونێکی ئەفسووناویدا بەردێژایی زیاتر لە (500کیلۆمەتر) و شەڕی بەردەوام بۆماوەی زیاتر لە (62ڕۆژ) خۆی و هەڤاڵانی گەیاندە ولاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران (ڕوسیا)، کە ئەوکات یەکێتی سۆڤیەت بە ولاتی دۆست و لایەنگر و پشتیوانەنای مللەتانی ژێردەست بوو؟!.

(زیاتر لەلاپەڕە 9-8 بخوێنەوە)

وەزیری تەندروستیی: بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆرۆنا 150 ملیۆن دینار بۆ پێنجوێن تەرخانکراوە

6



7

کۆرۆنا.. فەریزەی حەج لەنێوان ئەنجامدان و ئەنجامنەدان

خەبات/ هەولێر: بڕیاربوو لە کۆتایی مانگی حوزەیران گەشتی حاجیان لە هەرێمی کوردستانەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی فەریزەی حەج دەست پێ بکات، بەڵام بەهۆی بوونی قایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا هیچ بڕیارێک بۆ ئەنجامدانی گەشتەکە نییە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، شێخ قاسم بەرزنجی ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئێستا سعوودیە هیچ ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوەیەکی نەبووە بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج.

حکوومەتی هەرێم ساڵانە یەک ملیار دۆلار لە ئاوارەکان خەرج دەکات



بە مەبەستی باشترکردنی ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران، ساڵانە لە جیهاندا لە ڕۆژی 16ی حوزەیران چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچن وەک فشارێک بۆ سەر حکوومەتەکان بۆ خزمەتکردنی زیاتری پەنابەران. بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەندی هەماهەنگیی قەیرانەکانیش دەڵێ، جگە لە ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق، زیاتر لە 265 هەزار پەنابەر لە هەرێمی کوردستان دەژین و تەواوی خەرجییەکانیشیان لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمە.

هۆشەنگ محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەندی هەماهەنگیی قەیرانەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە مانۆپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: جگە لە 800 هەزار ئاوارەی ناوخۆی شارەکانی عێراق، لە هەرێمی کوردستان 265 هەزار پەنابەر دەژین، کە تەواوی خەرجییەکانیان لەسەر حکوومەتی هەرێمە و تێچووی هەر پەنابەرێک لەسەر حکوومەتی هەرێم مانگانە 78 دۆلاری ئەمەریکییە، کە بە تێکڕایی خەرجیی پەنابەران و ئاوارەکانیش لە کوردستان.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە



6

تۆپخانەکانی ئێران سنووری حاجی ئۆمەران تۆپباران دەکەن



بەڕێوەبەری تەندروستیی دهۆک:

تا ئێستا 135 حاڵەتی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە دهۆک تۆمارکراو

2

ئەنەکەسە و تەقدەم ڕێککەوتنی دهۆک بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی دەکەنە بنەمای گفتوگۆکانیان



هەرێک لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریا (ئەنەکەسە) و حزبەکانی نێو تەڤگەری دیموکراتی کە پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیدە)ش تێیدا ئەندامە، ڕایانگەیاند کە گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتنێکی سەرەتایی هاوبەش.

دوێنێ چوارشەمە لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا کە وێنەیەکی دەست خەبات کەوتووە، ئاماژە بەوە دراوە: "حزبەکانی ئەنەکەسە و تەقدەم سێشەمە 16ی حوزەیرانی 2020 لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان کۆبوونەتەوە و قۆناغی یەکەمی دانوستانەکانی یەکپرسیی کوردیان تەواو کردووە و گەیشتوونەتە تێڕوانینێکی سیاسییانەی هاوبەشی مولزەم و لێکتێگەیشتنێکی سەرەتایی".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "ڕێککەوتنی دهۆکی ساڵی 2014ی سەبارەت بە دەسەلات و هاوبەشیی لە ئیدارە و پارێزگاری و بەرگری، بە بنەما دانا بۆ بەردەوامیی گفتوگۆ و دانوستانی ئێستای نێوان هەردوو شانەکە، بە ئامانجی گەیشتن بە واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی گشتگیر لە داهاتوویەکی نزیکدا".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە "هەردوو شانەکە جەختیان لەسەر گرنگیی هاوکاری و یەکێتیی کورد لە سووریا کردووە، پێشوازییشیان کردووە لەم دەسکەوتە، وەک هەنگاوێکی مێژوویی گرنگ بەرەو تێگەیشتنی گەورەتر و هاوکاریی کردەیی، کە سوودی گەلی کوردی لە سووریا، هەروەها سووریییەکان لە گشت پێکهاتەکان تێدایە".

ڕاگەیاندراوەکە تیشکیشی خستووەتە سەر "هەردوو شانەکە کارەکانیان تەرخان کرد وەک وەفایەک بۆ ئەو قوربانییە گەورەیەی کوڕان و کچانی سووریا بەخشییان، بەتایبەت بۆ شەهیدان و بریندارانی ڕۆژئاوای کوردستان و خانەوادەکانیان، کە گیانی خۆیان لە جەنگێکی شەڕافەتمەندانەدا بەخشی، بۆ پاراستنی جیهان لە ستەمکاریی داعش". هەروەها هاتووە "ئەو لێکتێگەیشتنانە هەنگاوی سەرەتایی گرنگن، کە بە چاودێریی و یارمەتیی جێگری نێردەی ئەمەریکی، تایبەت بە هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی، بالوێز (ویلیام ڕوباک) و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات جەنەڕاڵ (مەزلووم عەبدی) پێی گەیشتوون".

دەربڕینی دەخا "هەردوو شانەکە سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ جەنەڕاڵ مەزلووم عەبدی دەربڕی، بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی بۆ یەکێتیی کوردان لە سووریا، هەروەها بۆ فەخامەتی سەرۆک مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ پشتیوانی و هەوڵەکانیان لەپێناو یەکێتیی کوردان لە سووریا."

لە ڕاگەیاندراوەکەدا "سوپاسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کردووە، بۆ پاراستن و پشتیوانیی بەهێزی بۆ یەکێتیی کوردان، هەروەها بۆ پشتیوانیی لە بەدیهێنانی دواڕۆژێکی زیاتر دیموکرات بۆ سووریا و فرەیی، کە ڕێز لە مافەکانی سەرجەم پێکهاتەکان بگیرێ".

هەر لەمبارەیەوە ولیەم ڕۆباک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: دەمەوێت بەناوی حکوومەتی ئەمەریکاوە ستایشی هەوڵەکانی هەردوو لا بکەم لەپێناو ئەو پێشکەوتنانەی ئەنجامیانداوە لە گفتوگۆکانیان و هەردوولا گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتنێکی سەرەتایی. هەروەها بەکارهێنانی ڕێککەوتنی دهۆکی ساڵی 2014 وەکو بناغەیەکی گفتوگۆکان و پێشەڤچوون لەو گفتوگۆیانە و ئێمەش ئەمرۆ کە لێرەین بۆ پیرۆزباییکردنە لەم پێشکەوتنە کە هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام بێگومان هێشتا زۆر کار ماوە ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەش هەردوولا هەنگاوی زۆریان هاویشتووە بۆ گەیشتن بەم قۆناغە، کە لە ئایندەدا ئەو هەنگاوانە لە بەرژەوەندی گەلی کوردە و لەو بڕوایەشدام کە دەتوانین بەم هەنگاوە کاری گەورەتر بنیات بنێین و گفتوگۆکان فراوانتر بکەین و لە داهاتوودا سەرجەم لایەنەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لەخۆ بگرێت. دەمەوێت سوپاسی ژەنەڕاڵ مەزلووم بکەم بۆ هەوڵەکانی هەروەها سوپاسی بەڕێز مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی دەکەم بۆ هەوڵەکانیان لەپێناو یەکپرسیی کورد".

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی مامۆستا مەلا حەمەدەمین گوێزلێنگەی دەکات

دوێنێ چوارشەمە سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا حەمەدئەمین گوێزلێنگەی، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی مامۆستای کۆچکردوو کرد، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی مامۆستا مەلا حەمەدئەمین گوێزلێنگەی بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(مەلا حەمەدئەمین گوێزلێنگەی)مان پێگەیشت.

مامۆستا حەمەدئەمین گوێزلێنگەی ڕۆڵەیەکی بەوەفا و دڵسۆزی پارتی و ڕێبازی بارزانیی و کەسایەتییەکی نیشتیمانپەروەر بوو. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خوای گەورە داواکارم گیانی مامۆستا مەلا حەمەد ئەمین بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئۆقرەیی و ئارامییش بەهەمووڵایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی
17ی6ی2020

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی تۆفیق ئەلیاسری دەکات

دوێنێ چوارشەمە سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا تۆفیق یاسری، پرسەنامەیەکی ئاراستەی بەڕێزان زولفەقار ئەلیاسری و خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەڕێزان زولفەقار ئەلیاسری و خانەوادەی خوالێخۆشبوو تۆفیق ئەلیاسری

بە دڵێکی پڕ لە ئیمان بە قەزاو قەدەری خودا و، بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا تۆفیق یاسری ـ مان پێگەیشت، کە تەواوی تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو لە پێناو ئازادی و دادپەروەری بۆ گەلی عێراق.

لە کاتێکدا کە سەرەخۆشیتان لێدەکەم بە بۆنەی لەدەستدانی خوالێخۆشبوو، لە خوای گەورە داواکارم گیانی بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئۆقرەیی و ئارامییی بە ئێوەو ئێمەش ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی
17ی 6ی 2020

فارس عیسا: لەسەر داوای بەغدا سەردانی شاندی هەرێم دواخرا



سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەڵێ، هۆکاری دواخستنی سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا، لەسەر داوای بەغدا بووە. دڵنیاییشی دا کە لیژنەی هەرێمی کوردستان لە سەردانی داهاتوودا نیەتی ڕێککەوتنی کۆتاییان هەیە. فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، لە لێدوانێکیدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، کە هۆکاری دواخستنی سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا، لەسەر داوای حکوومەتی عێراق بووە، ئەویش بەو پێیەی کە تیمی خۆیان ئامادە نەکردووە، ئەوەش لە کاتێکدایە بڕیار بوو دوێنێ چوارشەمە لیژنەی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و داهات و ناردنی شایستە دارایەکانی هەرێم، سەردانی بەغدا بکەن.

ناوبراو هۆکارەکەشی بۆ خۆئامادەنەکردنی وەزیری نەوتی عێراق گەڕاندەوە، بەو پێیەی ماوەیەکی زۆر ئەو وەزارەتە وەزیری نەبووە، گەر وەزیرەکەی زوو دەستبەکار بوایە، ئەوا ئامادە دەبوون، سەبارەت بە وادەی سەردانیکردنی لیژنەی هەرێم بۆ بەغدا، ئاماژەی بەوە دا، کە تا ئێستا دیاری نەکراوە کەی دەبێت، جەختیشی لەوە کردووە، کە حکوومەتی هەرێم نیەتی ڕێککەوتنی لەگەڵ بەغدا هەیە.

بەڕێوەبەری تەندروستیی دهۆک: تا ئێستا 135 حاڵەتی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە دهۆک تۆمارکراو

بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگای دهۆک، نزار عسمەت ڕایگەیاند کە ڕەوشی تەندروستیی (کۆرۆنا) لە پارێزگاکە لەژێر کۆنترۆڵ دایە، دووپاتیشی دەکاتەوە کە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی پارێزگای دهۆک لە هەوڵی بەهێزکردنی دەزگاکانی دایە و ئاشکرایشی دەکات کە لە سەرجەم قەزاکان سەنتەری ڕاوێژکاری دادەمەزرێنن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی گومانی هەیە یان نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19)ی هەیە، بچنە ئەو سەنتەرانە و پشکنینی خۆیان بکەن.

بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگای دهۆک، نزار عسمەت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییدا ئاماژەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێتی خستە ڕوو و گوتی: تا ئێستا 135 حاڵەتی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە دهۆک تۆمارکراون کە 88 لەو حاڵەتانە چارەسەرکراون و هیچ حاڵەتێکی گیانلەدەستدان نەبووە و تا ئێستا 23هەزار و 585 پشکنین لە سنووری پارێزگاکە ئەنجامدراوە و حەوت هەزار و 557 کەس کەرەنتین کراون لە 24شوێنی کەرەنتینکردندا کە ئەمە زۆرترین ژمارەی کەرەنتینکردنە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و ئێستاش 718 کەس لە کەرەنتینەدان.

نزار عسمەت باسی لەوەیش کرد کە ڕەوشی تەندروستیی پارێزگای دهۆک لەژێر کونترۆڵدایە و ئەگەر بەم شێوەیە بێت و خەڵک هاوکارمان بێت ئەوا ئێمە هەر لەسەر پلانی A بەردەوام دەبین و تا پێمان بکرێت پلانی B ئەنجام نادەین کە تەرخانکردنی نەخۆشخانە گەورەکانە بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام ئەگەر حاڵەتەکان زۆر بن و ڤایرۆسەکە زۆر تەشەنە بکات لەژێر کۆنترۆڵی ئێمە دەردەچێت و ناچار دەبین کە پلانی B ئەنجامبدەین، بۆیە داوا لە هاوواڵتییان دەکەین کە پابەندی ڕێنماییەکان بن و هاوکارمان بن کە چۆن پێشتر هاوکارمان بوون بە تایبەت ئەو هاووڵاتییانەی کە لە باشووری عێراق یان پارێزگاکانی دیکەی هەرێم دێنە سنووری پارێزگای دهۆک و پابەندی هەموو ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ بن بۆ ئەوەی ڕەوشەکە لە دەست ئێمە دەرنەچێت.

بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگای دهۆک، نزار عسمەت گوتیشی: ئێمە لە هەوڵی بەهێزکردنی توانا و دەزگاکانمان داین و لە پلانداندایە بۆ ماوەی داهاتوو لە هەر قەزایەکی پارێزگای دهۆک سەنتەرێکی ڕاوێژکاری دابمەزرێنین بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە گومانی هەیە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە یان نیشانەکانی لەسەر دیاربووە بچنە ئەو سەنتەرانە و پشکنین بکەن کەواتە ئەو پرۆسەیە دەست پێ دەکەین کە خەڵک بێن پشکنین بکەن نەوەک تەنها ئێمە بچین پشکنینیان بۆ بکەین.

نزار عسمەت گوتیشی: گەڕان بە دوای حاڵەتەکاندا بە تایبەتی لە شوێنە مەترسیدارەکان و ئەو شوێنانەی کە قەرەباڵغی دروست دەبێت بەردەوام دەبێت و لە خاڵە سنووریەکان ڕێکارەکانی تەندروستیی تووندتر دەکەین و توانای دەزگاکانی تەندروستیی وەکو بەڕێوەبەرایەتی خۆڕاپرتزی تەندروستیی و توانای تاقیگای مەڵبەندی بەهێز دەکەین بۆ ئەوەی زۆرترین پشکنین ئەنجامبدەن و هەوڵدەدین سەنتەرەکانی چارەسەرکردن بەهێز بکەین و ئەگەر پێویستیشی کرد



حکوومەتی هەرێم ساڵانە یەک ملیار دۆلار لە ئاوارەکان خەرج دەکات



بە مەبەستی باشترکردنی ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران، ساڵانە لە جیهاندا لە ڕۆژی 16ی حوزەیران چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچن وەک فشارێک بۆ سەر حکوومەتەکان بۆ خزمەتکردنی زیاتری پەنابەران. بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی هەماهەنگیی قەیرانەکانیش دەڵێ، جگە لە ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق، زیاتر لە 265 هەزار پەنابەر لە هەرێمی کوردستان دەژین و تەواوی خەرجییەکانیشیان لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمە.

هۆشەنگ محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی هەماهەنگیی قەیرانەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: جگە لە 800 هەزار ئاوارەی ناوخۆی شارەکانی عێراق، لە هەرێمی کوردستان 265 هەزار پەنابەر دەژین، کە تەواوی خەرجییەکانیان لەسەر حکوومەتی هەرێمە و تێچووی هەر پەنابەرێک لەسەر حکوومەتی هەرێم مانگانە 78دۆلاری ئەمەریکییە، کە بە تێکڕایی خەرجیی پەنابەران و ئاوارەکانیش لە کوردستان، ساڵانە زیاتر لە یەک ملیار دۆلار دەبێت.

محەمەد ئاماژەی بەوەش دا: لە کۆی ئەو 265 هەزار پەنابەرە، 245 هەزاریان خەڵکی سووریان و 20 هەزارەکەی دیکەش خەڵکی وڵاتەکانی تورکیا و ئێران و فەلەستینن و 40% کۆی گشتیی ئەو پەنابەرانەش، لە 10 کەمپ نیشتیەجێ کراون، کە پێنجیان دەکەونە شاری دهۆک و چواریان لە هەولێر و یەکیان لە شاری سلێمانییە، هەروەها 60%ی دیکەش لە ناو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ژیان بە سەر دەبەن.

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی هەماهەنگیی قەیرانەکان دەشڵێت: حکوومەتی هەرێم تەواوی حزمەتگوزارییەکانی بە خۆڕایی بۆ ئاوارە و پەنابەران دابین کردووە، وەک: ئاوی خاوێن و کارەبا، خوێندن و تەندروستی و چەندین سێکتەری دیکە، کە بەشێک لە ڕێکخراوەکانیش هاوکارن بۆ خزمەتکردنی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/18 ژمارە (5956)

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان دەکات

هەفتەی داهاتوو شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ سەردانی بەغدا دەکات

گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بودجەیە کرا کە ئێستا لە بەردەستی حکوومەت دایە بە مەرجی پاراستنی مافی مووچەخۆریی ئاساییی شایستە





درێژکردنەوەی ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزی کارەبا و ئاو و پێشیینەکان بە لێخۆشبوونی 15% تا 2020/9/1

دوێنێ چوارشەمە 2020/6/17 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەشداربوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو توانا و بودجەیە کرا کە ئێستا لە بەردەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری دایە بە مەرجی پاراستنی مافی مووچەخۆرانی ئاساییی شایستە. ئەنجوومەنی وەزیران جەختی کردەوە لە بەردەوامبوونی کەمکردنەوەی مووچەی خاوەن پلە تایبەتەکان و ئەوانەشی بەو پلانە خانەنشین بوون کە لە کۆبوونەوەکانی پێشوو بڕیاریان لەسەردرا. لەمبارەیەوە کۆبوونەوەکانیش تا ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو بەردەوام دەبن.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزی کارەبا و ئاو بە لێخۆشبوونی 15% درێژ بکرێتەوە تاوەکو 2020/9/1.

لە بەشێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی تاوتوێ کرا و بڕیاردرا، هەفتەی داهاتوو شاندی حکوومەت بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکان سەردانی بەغدا بکات بە ئاراستەی بڕەودان بەو لێکتێگەیشتنە هاوبەشانەی پێشتر هەردوولا پێی گەیشتبوون بۆ دابینکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم لەبەرامبەر پابەندییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی دەستووری عێراق.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پەرلەمان نامەیەک ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان دەکەن

نووسراوەکە دژی بنەماکانی دیموکراسییە و سەرۆکی پەرلەمان خاوەنی تەنها یەک دەنگە لە پڕۆسەی دەنگدان بۆ یاسا و بڕیارە تەشریعییەکان



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی و سکرتێری پەرلەمانی کوردستان مونا قەهوەچی لە نامەیەکدا کە ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕێواز فایەقیان کردووە، بڕیارەکەیان بە نایاسایی ناوزەدکردووە. لە نامەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی و سکرتێری پەرلەمانی کوردستان مونا قەهوەچیدا، هاتووە: سەرۆک و جێگر و سکرتێری پەرلەمان دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوەی "بڕیاری تەشریعی"ی پەرلەمانیان نییە. بۆیە سەرۆکی پەرلەمان ناتوانێت بەهیچ شێوەیەک "بڕیاری تەشریعی" ژمارە چواری زۆرینەی ڕەها"، دەسەلاتی پەرلەمان لە دەسەلاتی سەرۆکی پەرلەمان بالاترە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ئەوەشیان خستوەتەڕوو کە، دوای تێپەڕبوونی 38 ڕۆژ لە بڕیاری ژمارە 4ی ڕۆژی 2020/5/7 سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هیچ تێبینی و سەرنجێکی لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی نەبووە، بۆیە "وادیارە ئەو نووسراوەتان لەژێر گوشاری سیاسی دەرکردووە". جەختیش دەکەنەوە کە دەبووایە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وەکو یاساناسێک پێگەی یاسایی خۆی بپاراستایە و لەژێر هیچ گوشارێکدا ئەم نووسراوە پڕ لە هەڵە سیاسی و پەیڕەویان واژۆ نەکردایە.

جێی باسە لە دانیشتنی ڕۆژی حەوتی ئایاری 2020ی پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی 57 پەرلەمانتار لە کۆی 58 پەرلەمانتاری ئامادەبوو، پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، سۆران عومەر هەڵگیرا.

ڕێکەوتی 2020/5/7 کە بە دەنگی 57 ئەندام پەرلەمان کە زۆرینەی ڕەهایە دەرچووە، هەڵبوەشێنێتەوە، بڕیاری تەشریعی تەنها بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانیی بەهەمان ڕێکاری یاسایی و پەیڕەویی، هەڵدەوەشێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی نامەکەدا کە ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕێواز فایەق کراوە، هاتووە: "بەبیری بەڕێزتان دەهێنینەوە ئەم ڕێکار و شێوازە پەیڕەویی و یاساییە کە لە دانیشتنی ژمارە چوار گیراوتەبەر، بە هەمان میکانیزمی یاسایی کە پێشتر بۆ هەڵبژاردنی بەڕێزتان گیراوەتەبەر لە دانیشتنی ژمارە 14ی 2019/7/11 بۆیە ئەگەر بەپێی نووسراوەکەی بەڕێزتان بێت و دانیشتنی ڕۆژی 2019/7/11 و هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نایاسایی و ناپەیڕەویی بووە.

لە خاڵێکی دیکەی نامەکەدا، ئەوەش خراوەتەڕوو کە ئەم نووسراوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دژی بنەماکانی دیموکراسییە و، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان خاوەنی تەنها یەک دەنگە لە پڕۆسەی دەنگدان بۆ یاسا و بڕیارە تەشریعییەکان، بڕیاری ژمارە چوار بە زۆرینەی ڕەها دەرچووە، بۆیە ئەم جۆرە بڕیارانەی سەرۆکی پەرلەمان پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییە و، خۆسەپاندنێکە "یەک دەنگ بەرامبەر بە

مایک پۆمپیۆ پیرۆزبایی لە فواد حوسێن دەکات



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پیرۆزبایی لە هاوتا عێراقییەکەی دەکات و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکە تازەکەی بۆ دەخوازێت. مۆرگان ئۆرتاگۆس، گوتەبێژی وەزارتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کرد، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ فواد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق ئەنجام داوە. ڕوونی کردەوە کە پەیوەندییەکە بۆ پیرۆزباییکردن بووە و تێیدا پۆمپیۆ هیوای سەرکەوتن و هەماهەنگی و کاری هاوبەشی لەبارەی بابەتە گرنگەکانی نێوان هەردوو وڵات خواستووە. هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، مایک پۆمپیۆ پیرۆزبایی پرکردنەوەی وەزارەتە بەتاڵەکانی کابینەکەی مستەفا کازمی کردووە. باسیش لە گفتوگۆی ستراتیژیی نێوان عێراق و ئەمەریکا کراوە کە بە هاوبەشیی نوێنەری هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت و تێیدا جەخت لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات کراوەتەوە.

دۆستێکی کورد بە ئەندامی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی ئازادییە ئاینییەکان لە حکوومەتی ئەمەریکا هەڵدەبژێردرێتەوە



خەبات–مەریوان ندقشەندلی:

بە فەرمانی ئیدارەی ئەمەریکا هەفتەی ڕابردوو خاتوو نەدین بلێسەر ماینزا بۆ خولی دووەمی ئەندامێتی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی ئازادییە ئاینییەکان لە حکوومەتی ئەمەریکا هەڵبژێردرایەوە.

خاتوو نەدین یەکێکە لەو ئافرەتە کاریگەر و مرۆڤدۆستانەی کە چەندجارێک سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و پشتیوانی ڕەوشی پێکەوەژیانی ئاینی و ئازادی ئاینی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: زۆر خۆشحاڵ بووم کە چەندین نامە و وشەی ستایش و پیرۆزبایی لە مەریوان نەقشەبەندی و چەندین کەسایەتی ئاینی و نوێنەری ئاینە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە بەبۆنەی سەرلەنوێ کارکردنم لە کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی ئازادییە ئاینییەکانی حکوومەتی ئەمەریکا پێگەیشت، بەڵێن دەدەم هەمیشە پشتیوانی هەوڵەکانیان بم بۆ باشتربوونی ڕەوشی پێکەوەژیان و ئازادی ئاینی.

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لەم ڕۆژانەدا بەشداری چەند دیدارێکی تەلەفزیۆنیم لەسەر ڕەوشی کوردەکان لە عێراق و سووریا کرد و تەئکیدم کردەوە کەوا تورکیا هەوڵ دەدات کەمینە ئاینییەکانی سووریا و عێراق نەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بۆیە بۆردومانی شنگال و چەندین شوێنی دیکەی کوردستان لە سووریا و عێراق دەکات و هیوادارم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم بابەتە بەدەنگ بێین، بەدڵنیاییەوە لەراپۆرتی سااڵنەی خۆشمان لە حکوومەتی ئەمەریکا کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمەریکا لەو بۆردومان و بەربەستانە ئاگادار دەکەینەوە کە وڵاتانی ئێران و تورکیا و میلیشیا نزیکەکان لەم دوو وڵاتە دژی کەمینە ئاینییەکان و خەڵکی باکوری عێراق و باکوری ڕۆژهەاڵتی سوریا ئەنجامی دەدەن.

شایانی باسە کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی ئازادییە ئاینییەکان، کۆمسیۆنێکی گرنگی سەر بە حکوومەتی ئەمەریکایە و چاودێری ڕەوشی ئاینی لەسەرتاسەری جیهان دەکات و ڕاپۆرتی سااڵنە دەدەنە کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمەریکا و لەسەر بنەمای ئەم ڕاپۆرتانەش ئەمەریکا سیاسەتی خۆی لەگەڵ وڵاتانی جیهان دادەڕێژێت و کاردەکات بۆ نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەم نازادی ئاینی لەسەرتاسەری جیهان.

یاریدەدەری نوێنەری سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێم سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتیی کرد



هۆشیار سیوەلی ,بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشوازیی لە مۆنیکا ڕاتزی مۆتسی، یاریدەدەر و بەرپرسی سیاسیی یونامی لە عێراق کرد. بەڕپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی سوپاسی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەت و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قایرۆس و پەتای کۆرۆنا و داوای هاوکاریی زیاتری کرد بۆ زاڵبوون و تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە مەترسیدارە جیهانییە.

لە میانەی ئەو دیدارەدا باس لە بارودۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە بەگشتی و پەیوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ کرا. بەڕێز سیوەلی ڕایگەیاند، حکوومەتی هەرێم و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئامادەی چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ بەو مەرجانەی کە دەستووری هەمیشەیی عێراق دیاریی کردوون. بەشێکی دیکەی گفتوگۆکان پەیوەست بوون بە کاریگەریی ئەو قەیرانانەی کە ڕوویان لە جیهان کردووە لەسەر هەرێمی کوردستان و، سوەیلی جەختی لە گرنگیی هەماهەنگیی زیاتری نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێم کردەوە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری و دارایی کە لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت و داکشانی ئابووریی جیهان ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە. پێگە و داخوازییەکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی عێراق و ئەمەریکا بەشێکی دیکەی ئەو دیدارە بوو، لە قۆناغی ئێستادا عێراق پێویستی بە هاوکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، ئاسایش، دامەزراندنی ئابووریی‌یەکی گەشەسەندووی پێشکەوتوو، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و حوکمڕانیی باش بۆ داهاتووی عێراق، ئێستا عێراق تواناکانی سنووردارن بۆیە گفتوگۆی ستراتیژیی عێراق- ئەمەریکا بۆ هەردوولا گرنگە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و بۆچوونی جیاوازی لایەنە نێوخۆیی و هەرێمییەکانیش گرنگن.

پەیوەندیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشێکی دیکەی دیداری نێوان مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نوێنەری یونامی بوو، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی جەختی لە گرنگیی دۆزینەوەی چارەسەر و نزیکبوونەوەی جیاوازییەکان کرد، بە ئامانجی پاراستنی کوردستان و دانیشتووانەکەی، پێکەوە دەتواندرێت زیاتر و باشتر خزمەتی گەلی خۆمان بکەین. بەڕێز مۆتسی سوپاسی ئەو دەرفەت و دیدارەی کرد و ڕایگەیاند، یونامی ئامادەی هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکە بۆ ڕووبەڕووبونەوە و چارەسەری گرفت و لێکنزکردنەوەی لایەنەکان. بەڕێزیان باسی لە کار و چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و ڕێکخراوەکانی سەر بەوان لە هەرێمی کوردستان کرد و دووپاتی بەردەوامیی کاری کردەوە بەپێی توانای ئەوان. لە کۆتاییدا هەردوولا جەختیان لە گرنگی و بەردەوامیی کار و هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی کردەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیران و زاڵبوون بەسەر گرفت و کێشەکاندا.



شارەزایەکی ستراتیژی: پێویستە پەلە بکرێت لە واژۆکردنی ڕێکەوتنی نێوان ئەمەریکا و عێراق

K24/ ئەحمەد شەریفی، شارەزای ستراتیژی عێراقی دووپاتی کردەوە، پێویستە عێراق پەلە بکات لە واژۆکردنی ڕێکەوتنێکی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمەریکا و گوتیشی: ئەگەر ڕێکەوتنێکی ستراتیژی کارا لە نێوان بەغدا و واشنتن هەبوایە، هیچ کامێک لە تورکیا، ئێران و وڵاتانی دیکەش ئەو بوێربەیان نەدەبوو سەروەری خاکی عێراق پێشێل بکەن.

ئەحمەد شەریفی لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی "ئەخباریە" جەختیشی کردەوە، دەبێت لە پێناو پاراستنی سەروەری عێراق بە پەلە ڕێکەوتنێک لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا واژۆ بکرێت. ئاماژەی بەوەشدا، ئەگەر ڕێکەوتن لە نێوان عێراق و ئەمەریکا هەبوایە، لە ئەگەری پێشێلکردنی خاک و ئاسمانەکەی لەلایەن هەر وڵاتێکی دیکەوە، ئەمەریکا دەستبەجێ بۆ پاریزگاریکردن لە ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ عێراق، ڕێگری لەو دەستدرێژی و پێشێلکارییانەی دەکرد.

ئەمە دوای ئەوە هاتووە، چەند ڕۆژێکە هێزەکانی سوپای تورکیا بە پاساوی ڕووبەڕووبونەوەی گەریلاکانی پەکەکە، ئۆپەراسیۆنێکیان بە ناوی "چنگی هەڵۆ" لە چەند ناوچەیەک لەناو خاکی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە، ئەم هەنگاوەی تورکیاش کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و ئەمڕۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق بانگهێشت کرد و یاداشتێکی ناڕەزایی پێدا. هەر دوێنێش تۆپخانەکانی هەریەک لە ئێران و تورکیا ناوچە سنووریەکانی دەورووبەری حاجی ئۆمەرانیان بە چڕی تۆپباران کرد، بەو هێرشەوە ترس و نیگەرانی لەناو گوندنشینانی ئەو ناوچانە بڵاوبووەوە.

ڕووسیا.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا 553 هەزاری تێپەڕاند



دوێنێ چوارشەممە ژووری ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا ڕایگەیاند کە لە میانی 24 کاتژمێردا، حەوت هەزار و 843 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراون و ژمارەی حاڵەتەکانیش گەیشتووەتە، 553 هەزار و 301 حاڵەت.

ژووری ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا لە ڕاگەیەنراوێکدا باسی لەوە کردووە کە 194 تووشبووی دیکەی قایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، حەوت هەزار و 478 کەس.

لە مانگی ئایارەوە تا ئێستا بۆ جاری یەکەم ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان لە هەشت هەزار دابەزیوە. لە 11ی نیسانەوە تا ئێستا لە مۆسکۆی پایتەخت کەمترین ژمارەی تووشبوون لە یەک ڕۆژدا تۆمار کرا کە هەزار و 65 حاڵەت بوو بەمەیش ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکانی مۆسکۆ گەیشتە، 209هەزار و 745 حاڵەت.

لەلایەکی دیکەوە دەزگای تەندروستیی و پاراستنی مافی بەکاربەر لە ڕووسیا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە لە میانی 24 کاتژمێردا، 284 هەزار پشکنینی تایبەت بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ ئەنجامدراوە و بەم شێوەیەیش تا ئێستا ،15 ملیۆن و 600 هەزار پشکنینی تایبەت بە قایرۆسەکە لە سەرتاسەری ڕووسیا ئەنجامدراوە. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەیش کراوە کە 308 هەزار کەس کەرەنتین کراون.

جێی باسە یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ڕووسیا لە 31ی کانوونی یەکەمی ڕابردوودا و یەکەم حاڵەتی گیانلەدەستدان لە 19ی ئاداری ڕابردوودا تۆمار کرابوو. لەگەڵ کەمبوونەوەی حاڵەتەکانیشدا ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی قایرۆسەکە کەم نەکراونەوە.



داوای دەرهێنانی تەرمی 10 هەزار هاووڵاتیی مووسڵ لە بیرێک دەکرێت

لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە کراوەتە گۆڕێکی بەکۆمەڵی بێ بن

دوێنێ چوارشەممە پەرلەمانتارێکی عێراق داوای لە حکوومەتی وڵاتەکەی کرد دۆسیەی بیری خەسفە هەڵبداتەوە، کە تەرمی زیاتر لە 10هەزار هاووڵاتیی مووسڵی تێدایە و لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە کراوەتە گۆڕێکی بەکۆمەڵی بێ بن.

نایف شەمەری پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوە کردووە کە ئەو بیرە لە ساڵی 2014 لە لایەن داعشەوە دروستکراوە و تەرمی زیاتر لە 10هەزار هاووڵاتیی مووسڵی تێدایە.

بە پێویستی زانی حکوومەت کۆتایی بە دۆسیەی بیری خەسفە بهێنێت، چونکە تا ئێستا کەسوکاری ئەو هاووڵاتییانەی مووسڵ کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە فڕێدراونەتە بیرەی خەسفەوە، چاوەڕوانیان لە دۆزینەوەی تەرمی ڕۆڵەکانیانە.

شەمەری دەڵێ کاتی ئەوە هاتووە حکوومەت سنووردار بۆ ئازارەکانی کەسوکاری ئەو هاووڵاتییانەی مووسڵ دابنێت، چونکە تا دۆزینەوەی تەرمەکانیان، دڵیان ئاو ناخواتەوە.

بیری خەسفە کەوتووەتە 20 کیلۆمەتری باشووری مووسڵ و لە نزیک گوندی عەزبەیە، بە یەکێک لە ترسناکترین ئەو شوێنانە دادەندرێ کە داعش بۆ کوشتنی قوربانییەکانی یان بۆ شاردنەوەی تەرمەکان بەکاری دەهێنا.

کوژرانی سێ تیرۆریستی داعش لە باکووری عێراق

لە ئاکامی بۆردومانکردنی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بۆ سێ حەشارگەی تیرۆرستانی داعش لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سەلاحەددین باکووری عێراق، سێ تیرۆریست کوژران. لەوبارەیەوە ئەفسەر لە پۆلیسی سەلاحەددین، نەقیب سەمیر شەهابی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە پشت بەستن بە زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگری، فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق، سێ حەشارگەی تیرۆرستانی داعشیان لە ناوچەی متێبیجە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سەلاحەددین بۆردومانکردووە.
سەمیر شەهابی باسی لەوەیش کردووە کە لە ئاکامی بۆردومانەکەدا، سێ تیرۆریستی داعش کوژراون و سێ حەشارگەکەیش خاپوورببوون. گوتیشی: دەزگا هەواڵگرییەکان، هەواڵەکانیان چڕتر کردووتەوە بە ئامانجی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی حەشارگەکانی تیرۆیستانی داعش لە ناوچەکە.

ئافرەتانی ئێران تەحەدای یاسا ئیسلامییەکانی وڵاتەکەیان دەکەن



خەبات -مەریوان نەقشبەندی: بەپێی چەند وێنەیەک کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە و نیگەرانی و مەترسی دەسەڵاتدارانی تارانی لێکەوتۆتەوە، ماوەیەکە ژمارەیەکی زۆر لەئافرەتانی ئێران وەک تەحەدایەک بۆ یاسا ئیسلامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران حیجابەکانیان لادەبەن و وێنەکانیان لە ئینستگرام و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر بڵاودەکەنەوە و بەهۆیەوە دەیان کچ و ئافرەتی ئێرانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەوە دەستگیرکراون.
وەلی قەنبەریزاد جێگری داواکاری گشتی ناوچەی خۆراسان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بە میدیا فەرمییەکانی وڵاتەکەی ڕایگەیاندووە کە ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ئافرەتانی ئێران دەستگیرکراون کە وێنەی نەشیاو و بێ حیجابی خۆیان بەشێوەیەکی ئاپڕووبەرانە بڵاوکردۆتەوە کە لەگەڵ یاسا و نەریتی ئیسلامییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران ناگونجێ و بەشێکی زۆریش لەم دەستگیرکراوانە بە کەفالەت ئازاد کراون و هەندێکیشیان بەڵێننامەیان پێپڕکراوەتەوە کە ئەگەر ئەو وێنانە دووبارە بکەنەوە ئەوا ڕەنگە هەر یەکەیان بە دوو ساڵ زیندانی حوکم بدرێن. گوتیشییەتی کە زۆربەی ئەو کچانە پەشیمانی خۆیان لەبڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە دەربڕیوە. بەڵام چەند ئافرەتە چالاکوانێکی ئێرانی ئەم ئیدیعایەی داواکاری گشتی خۆراسان ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن لەژێر هەڕەشە و ئەشکەنجەدا ئەو بەڵێننامانەیان پێپڕکراوەتەوە و ئەوان ئەم کۆت و بەندەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەتدەکەنەوە و شۆڕشی ئازادی ژنان بەرپا دەکەن و لە ڕۆژانی داهاتوو ئەو دیاردەی بڵاوکردنەوەی وێنەی کچان و ئافرەتانی بێ حیجابی ئێران فراوانتر دەبێت.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/18 ژمارە (5956)
خەبات

کۆرۆنا گەیشتە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق

وەزیری گواستنەوەی عێراق، ناسر حوسێن بەندەر و بەڕێوەبەری نووسینگەی راگەیاندن لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ئەبو بەکر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون. لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لە وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بە میدیاکانی خۆجێی راگەیاندووە کە ناسر حوسێن بەندەر و هاوسەرەکەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون. ئاماژەی بەوەیش داوە کە ناسر حوسێن بەندەر و هاوسەرەکەی ڕەوانەی ناوەندێکی کەرەنتێن کراون. لەلایەکی دیکەوە راگەیەندرا کە بەڕێوەبەری نووسینگەی راگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ئەبو بەکر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بووە. میدیاکان بڵاویانکردووەتەوە کە سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاندووە، محەمەد ئەبو بەکر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بووە و ڕەوانەی ناوەندێکی کەرەنتێن کراوە.

پێشتر هەردوو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، وحدە جومەیلی و مەحاسن حەمدون دەڵی سەربە فراکسیۆنی" هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق"، تووشبوونی خۆیان بەڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ راگەیاندبوو.

بەپێی دواینێ ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق تا ئێستا 22 هەزار و 700 کەس لەو ولاتە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و لەو ژمارەیەیش 712یان گیانیان لەدەستداوە و نۆ هەزار و 862ی کەسی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە عێراق تا کۆتایی 2021 بەردەوام دەبێت

وەزیری تەندروستیی و ژینگەی عێراق، حەسەن تەمیمی رایگەیاند کە پێشبینی دەکەن بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە عێراق تا کۆتایی 2021 بەردەوام بێت. حەسەن تەمیمی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاماژەی بەوە داوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بووەتە بابەتێک کە دەبێت لەگەڵیدا بژین و گوتی: پێویستە لەسەر هەموو کەسێک گومان لە هەر کەسێکی دەوروبەری بکات کە هەڵگری ئەو ڤایرۆسە بێت و گرنگە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی بە بەکارهێنانی ماسک، دەستکێش و دووركەوتنەوە لە قەرەبالغی، بەباشی جێبەجێ بکرێن.

وەزیری تەندروستیی و ژینگەی عێراق، حەسەن تەمیمی راشیگەیاندووە، ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانەی کە ڕێنماییەکانی تەندروستیی و خۆپارێزیی پێشێل دەکەن، دەگرنەبەر. ئەمەیش لە کاتێکدا هۆشداری ئەوە دراوە کە هێشتا مەترسیی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەسەر ئاستی عێراق هەیە و تا دێت بەهۆی پابەند نەبوونی هاوڵاتیان بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی، ژمارەی قوربانییانی ئەو ڤایرۆسە لەو ولاتە ڕوو لە هەڵکشانە.

بەپێی دواینێ ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە 22 هەزار و 700 کەس لەو ولاتە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و لەو ژمارەیەیش 712یان گیانیان لەدەستداوە و نۆ هەزار و 862ی کەسی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

جیهان.. زیاتر لە پێنج ملیۆن و 500 هەزار تووشبووی کۆرۆنا لەژێر چارەسەری پزیشکییدان



ژمارەی ئەو تووشبوانەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە سەرتاسەری جیهان چارەسەری پزیشکیی وەردەگرن، گەیشتە پێنج ملیۆن و 501هەزار و 579 کەس. بەپێی زانیارییەکانی مالپەڕی Worldometerکە زانیاری نوێکراون سەبارەت بە حاڵەتە نوێیەکانی تووشبوون، گیانلەدەستدان و چاکبوونەوە لە وڵاتان و هەرێمەکان، ژمارەی ئەو تووشبوانەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە سەرتاسەری جیهان چارەسەری پزیشکی وەردەگرن، گەیشتە پێنج ملیۆن و 501 هەزار و 579 کەس. لە کاتێکدا سێ ملیۆن و 447 هەزار و 50 تووشبوو نیشانەکانی کۆرۆنایان بە سووکی لێ دەرکەوتووە، بەڵام مەترسی لەسەر ژیانی 54 هەزار و 529 تووشبوویان هەیە. بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان لە وڵاتان بووەتە بارگرانی لەسەر سیستمی تەندروستییان. زۆرترین تووشبوو لە سەرتاسەری جیهان کە هێشتا چارەسەر وەردەگرن لە ئەمەریکایە کە ژمارەیان یەک ملیۆن و 186 هەزار و 506کەسە. لە دوای ئەمەریکایش بەڕازیل بە 241 هەزار و 481 تووشبوو لە ریزبەندی دووەمدا جێ دەگرێت. لە 24ی نیسانیشەوە ژمارەی ئەو تووشبوانەی پێویستییان بە چارەسەر ماوە لە تورکیا لە کەمبوونەوەدایە. لە کاتێکدا لە 24ی نیسان 80 هەزار و 575 تووشبوو چارەسەریان وەردەگرت، لە 3ی حوزەیرانەوە ژمارەکە کەمبووەتەوە بۆ 30 هەزار و 961 تووشبوو. بەم جۆرەش ژمارەی ئەو تووشبوانەی چاک بوونەتەوە لەوانە زیاترە کە پێویستییان بە وەرگرتنی چارەسەرە.

بەڕازیل.. گیانلەدەستدانی هەزار و 282 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا



لە بەڕازیل لە میانی 24 کاتژمێردا، هەزار و 282 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) گیانیان لەدەستداوە، بەوەیش دوای تێپەڕینی چوار ڕۆژ جارێکی دیکەی ژمارەی ئەو تووشبوانەی لە ڕۆژێکدا گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەوە بۆ سەرووی هەزار کەس. وەزارەتی تەندروستیی بەڕازیل دواینێ ئاماری تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکان لە میانی 24 کاتژمێردا، هەزار و 282 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە و بەوەیش کۆی گشتیی ئەو کەسانەی کە بەهۆی کۆرۆناوە لەوە گیانیان لەدەستداوە، بۆ 45 هەزار و 241 کەس بەرزبووەتەوە. هەروەها 34 هەزار و 918 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراوە و ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان گەیشتووەتە، 923 هەزار و 189 حاڵەت. بەمشێوەیەش بەڕازیل کە گەورەترین وڵاتی ئەمەریکای لاتینە و ژمارەی دانیشتوانی 211 ملیۆن کەسە، زۆرترین حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنای لەو کیشوەرە تیادا تۆمارکراوە. بەپێی داتاکانی مالپەڕیWorldometer بەڕازیل لەڕووی بەرزیی ژمارەی تووشبووان و گیانلەدەستدانی تووشبووانەوە لە جیهان بە دوای ئەمەریکادا لە ریزی دووەم دێت.



بەخاکسپاردنی تەرمی 67 کەسی دیکە لە گۆڕستانێکی شاری نەجەف باشووری عێراق

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە

فیرقەی ئیمام عەلی سەربە لیوای دووی حەشدی شەعبی ڕایگەیاند، 67 کەسی دیکە کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە لە گۆڕستانی وادی سەلامی نوێ لە شاری نەجەف باشووری عێراق بەخاک سپێردراون.

بەڕپرسی نووسینگەی شەهیدان و بریندارانی لە فیرقەی ئیمام عەلی، عەبدولحەسەن حەیدەری لە ڕایگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانی24 کاتژمێردا، 67 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و لە گۆڕستانی وادی سەلامی نوێ بەخاک سپێردراون.

ڕاشیگەیاندووە، ئەو 67 کەسەی کە لە گۆڕستانی وادی سەلامی نوێ بەخاک سپێردراون، 55یان نیشتەجێی بەغدا، سێیان نیشتەجێی پارێزگای نەجەف، چواریان نیشتەجێی پارێزگای زیقار، سێییان نیشتەجێ پارێزگای واست و دوویان نیشتەجێی پارێزگاکانی موسەننا و دیالە بوون.

بەپێی دواینێ ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە 22 هەزار و 700 کەس لەو ولاتە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و لەو ژمارەیەیش 712یان گیانیان لەدەستداوە و نۆ هەزار و 862ی کەسی دیکەیش چاکبوونەتەوە.



لە ئێران دوو هەزار و 612 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون

ژمارەی تووشبوانی پەتای کۆرۆنا لە ئێران بەرز بووەوە، تا ئێستاش لەو وڵاتە زیاتر لە نۆ هەزار کەس بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەست داوە. دوێنێ چوارشەمە 17/6/2020د. سیما لاری، گوتەبێژی لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە ئێران لە پڕێسکۆنفرانسێکدا باسی لەوە کرد، لە پێڕێوە تا دوێنێ لە سەرانسەری ئێران 120 کەسی دیکە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە گیانیان لەدەست داوە، کە کۆی گشتیی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەست داوە، نۆ هەزار و 185 کەسە. گوتەبێژی لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە ئێران ئەوەشی خستە ڕوو، لە دوێنێوە ئەمڕۆ، دوو هەزار و 612کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون، کە کۆی گشتیی تووشبوانی پەتاکە لە ئێران 195هەزار و 51 کەسە.

بە گوتەی ئەو بەرپرسە ئێرانییە، تا ئێستا 154 هەزار و 812کەس لە پەتای کۆرۆنا چاک بوونەتەوە.

لە هێرشێکی تاڵیباندا 12 کارمەندی هێزە ئەمنییەکانی ئەفغانستان کوژران

لە هێرشێکی تاڵیباندا بۆسەر بنکەیەکی سەربازی لە شارۆچکەی ئاکچە لە ویلایەتی جوزجان باکووری ئەفغانستان، 12 کارمەندی هێزە ئەمنییەکان گیانیان لەدەست دا. گوتەبێژی ویلایەتی جوزجان، عەبدول مەعروف ئازەر بە میدیاکارانی ڕاگەیاند کە چەکدارانی تاڵیبان هێرشیان کردووەتە سەر بنکەی سەربازی بالایهیسار لە شارۆچکەی ئاکچە. لە هێرشەکەدا، 12 کارمەندی هێزە ئەمنییەکان گیانیان لەدەستداوە و پێنجی دیکەیش بریندار بوون، هەروەها چوار کارمەندی دیکەیش لەلایەن چەکدارانەوە بە بارمتە گیراون. عەبدول مەعروف ئازەر تیشکیشی خستە سەر ئەوەی لە ئاکامی ئەو پێکدادانەیش کە دوای هێرشەکە ڕووی داوە پێنج چەکدار کوژراون و 10 چەکداری دیکەیش بریندار بوون. ناوبراو ئاماژەی بەوەیش دا کە هێزی پشتیوانی ڕەوانەی ناوچەکە کراون و چەکدارانیان ڕاو ناوە. تاکو ئێستا تاڵیبان لەم بارەیەوە هیچ لێدوانێکی نەداوە.



شارەوانیی هەولێر دەستی بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران کرد

جێگری سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ڕایگەیاند، لە سنووری پارێزگای هەولێر 120 هەزار پارچە زەویی کارت هەیە و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ دەکرێن.

دوێنێ بە سەرپەرشتیی مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی وەزیران بە بەشداریی جێگری سەرۆکی حکوومەت و چەند وەزیرێکی تایبەتمەند کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە تاپۆکردنی زەوییە کارتەکانی لە هەرێمی کوردستان بەرێوە چوو، کە تێیدا سەرۆکوەزیران جەختی لە چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کارتەکان و تەواوکردنی تاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون کردەوە.

لەسەر ئەم پرسە ئەندازیار، کارزان عەبدولهادی، جێگری سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە سنووری شارەوانیی هەولێر بە کۆی گشتی 120 هەزار پارچە زەویی کارت هەبوو کە لە بڕیارەکانی پێشووتر نزیکەی 65 هەزاریان بە سەر خاوەنەکانیاندا تاپۆ کرابوو.

ئاماژەی بەوەش دا: بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم زەویییە کارتەکان تاپۆ دەکرێن و ئێستا لە شارەوانی لێژنەیەکی تایبەت پێک هاتووە بۆ تاپۆکردنی ئەو زەویانەی دیکە کە تا ئێستا تاپۆ نەکراون، کاری لێژنەکە دیاریکردنی گرفتەکان و پێدانی چارەسەری دەبێت لەسەر شێوازی چۆنیەتیی تاپۆکردنیان لە زووترین ماوەدا. ئاماژەی بەوەش دا: بەشێک لەو زەویانە پێویستیان بە ڕەزامەندیی چەند وەزارەتێک هەیە، وەک وەزارەتەکانی شارەوانی و کشتوکاڵ و دارایی و داد، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی لێژنەکانی ئەم وەزارەتانەدا بڕیاریان لەسەر دەدرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان: بۆ وەرگرتنی باج چاوپۆشی لە هیچ کۆمپانیایەک ناکرێت



بڕیارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان سیستەمی باج ڕێک بخاتەوە، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکانیش دەڵێ، چاوپۆشی لە هیچ کەس و کۆمپانیایەک ناکەن بۆ وەرگرتنی باج.

د. کەمال وەرتی، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان لە وەزارەتی دارایی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: یەکێک لە پلانەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێداچوونەوەیە بە سیستەمی وەرگرتنی باجەکان و بەپێی یاسا وەرگرتنی باج ڕێک دەخرێتەوە و لە ئێستادا کار بۆ ڕێکخستنەوەی باجەکان دەکرێت. بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان گوتیشی: ڕاستە هەندێ کۆمپانیا و شوێن خۆیان لە دانی باج دەدزنەوە و نایشارینەوە، بەڵام دوای ڕێکخستنەوە، هیچ کۆمپانیایەک ناتوانێت خۆی لە باجی حکوومەت بدزێتەوە.

وەرتی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هیچ کۆمپانیایەکی حزبی یان خاوەن دەسەڵات نییە بە ئاشکرا خۆی لە دانی باج بدزێتەوە، بەڵام ئەوانەی باج نادەن بە حکوومەت، هەموو تێکەڵە و وەک حکوومەت چاوپۆشی لە هیچ کۆمپانیایەک ناکەین لە وەرگرتنی باج.

سلێمانی... لە مانگێکدا 58 نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی ئەنجامدراوە

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتیی سلێمانی لەمانگی ڕابردوودا 1105 هاوڵاتی سەردانی نەخۆشخانەی سووتاوی و نەشتەرگەری جوانکاریان لەسلێمانی کردووە کە 257 نەخۆشیان لەبەشی فریاکەوتن و 610نەخۆش لەکلینیکی ڕاوێژکاری پشکنین و چارەسەریان بۆ کراوە. هەر بەپێی هەمان ئامار 58 نەخۆش لەنەخۆشخانەی سووتاوی و نەشتەرگەری جوانکاریی داخڵکراون و 3169پشکنینی تاقیگەیی ئەنجامدراوە و 25 تیشک و 328 چارەسەری سروشتی بۆ نەخۆش کراوە.

پێشمەرگە و تێکۆشەر مامۆستا مەلا حەمەدەئەمین گوێزلینگی کۆچی دوایی کرد

خەبات ـ سەفەر ژاژوکی:

لە قەزای سۆران دوای ملمالانێکی زۆر پێشمەرگەو فەرماندەی ماندوونەناسی گەلەمان و کەسایەتی دەڤەری سۆران و بالەکایەتی و هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر مامۆستا مەلا محەمەدەئەمین گوێزلینگی دوای چەندین ساڵ تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 81ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

خوالێخۆشبوو محەمەدئەمین مەلا حاجی مەحمود ناسراو بە مامۆستا مەلا محەمەدئەمین گوێزلینگی ساڵی 1939 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی گوێزلینگە سەر بە قەزای چۆمان سەر بە دەڤەری بالەکایەتی لە دایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی هزری کوردایەتی دەچێتەی ناخی دڵی، ساڵی 1961کە بارزانیی نەمر بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ دەڤەری بارزان، خوالێخۆشبوو لە هەولێر سەرباز بووە و ڕایکرد و گەڕایەوە بۆ گوندی گوێزلینگ. لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول چەکی لە شان کردووە و دەبێتە یەکێک لە پێشمەرگەکانی سەرەتایی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ڕۆڵی هەبووە لە چەککردنی چەند بنکەیەکی پۆلیسی گەلاڵە و چەند شوێنی تر. لە مانگی 5ی 1962 بارزانیی نەمر لە بادینان پەڕیبووە بۆ ناوچەی بالەکایەتی و لەگوندی بێشا چوویتە خزمەتی، لەبەر ئازایەتی و لێهاتووی دەبێتە ئەندامی بەشی سەربازی ناوچەی بالەک، ساڵی 1963 دەبێتە ئەندامی ناوچەی بالەک و هەروەها بەشداری لە شەڕەکانی گۆزەژ، هەندرێن، زۆزک و گەروی عومەرئاغا و چەند شەڕی تر کردووە، دوای ڕێکەوتنی 11ی ئادار1970 گواستراوەتەوە بۆ بەشی سەربازی مەکتەبی سیاسی لە ناو پردان، خوالێخۆشبوو کەسێکی خۆشەویست لای بارزانیی نەمر و سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕش بووە، ساڵی 1973 گواستراوەتەوە بۆ بەشی دادوەریی حزب، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ساڵی 1975 ئاوارەیی ئێران دەبێت، بەشداری لە کۆنگرەی 9ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و دوای کونگرە لە سەر ئەمری جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ 2500 بنەماڵەی پێشمەرگە لە شارەکانی ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نەغەدە جێگر بووە. کارگێری ناوچەی بالەک و شەهید نەجمەدین گورژنی بەرپرسی لیژنەکە بوو، بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات. فەرماندەیەکی نزیکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە لە شۆڕشی گوڵاندا، لە ساڵی تاکو 1988-1981 دەبێتە ئەندامی لقی هەولێر و لەو بارزانیی نەمر و سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە، سەرکردایەتی شۆڕش بووە، ساڵی 1973 گواستراوەتەوە بۆ بەشی دادوەریی حزب، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ساڵی 1975 ئاوارەیی ئێران دەبێت، بەشداری لە کۆنگرەی 9ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و دوای کونگرە لە سەر ئەمری جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ 2500 بنەماڵەی پێشمەرگە لە شارەکانی ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نەغەدە جێگر بووە. کارگێری ناوچەی بالەک و شەهید نەجمەدین گورژنی بەرپرسی لیژنەکە بوو، بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات. فەرماندەیەکی نزیکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بووە لە شۆڕشی گوڵاندا، لە ساڵی تاکو 1988-1981 دەبێتە ئەندامی لقی هەولێر و لەو هەرووەها کارگێری لقی 10ی سۆران بووە و ساڵی 2000 کراوە بە ئەندامی دەزگای ئەیلوول لە سۆران و ساڵی 2007 گواستراوەتەوە بۆ دەزگای بالای ئەیلوول لە شەقڵاوە. لەبەر خەبات و ماندووبوونی لە کونگرەی13ی پارتی لە لایەن جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشراوە.



تۆپخانەکانی ئێران سنووری حاجی ئۆمەران تۆپباران دەکەن



دوێنێ چوارشەمە، جارێکی دیکە تۆپخانەکانی ئێران چەند شوێنێکیان لە شارەدێی حاجی ئۆمەران تۆپباران کرد، بەڕێوەبەری شارەدێی حاجی ئۆمەران ڕاگەیاند: بەیانیی ڕۆژی چوارشەمە 2020/6/17 جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرێک لە گوندی ئالانە و کانی ڕەش و کۆچەرییەکان ئاوارە بوون.

فەرزەنگ ئەحمەد، بەڕێوەبەری شارەدێی حاجی ئۆمەران، ڕاگەیاند: بەیانیی ڕۆژی چوارشەمە 2020/6/17 جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرێک لە گوندی ئالانە و کانی ڕەش و کۆچەرییەکان ئاوارە بوون، بەڕێوەبەری شارەدێی حاجی ئۆمەران تۆپباران کرد، کە لە دوێنێشەوە ئەمە دووەم جارە سنووورەکە بە سەختی بە تۆپی دوورهاوێژ تۆپباران دەکرێت، هەرچەندە خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانی نەبووە، بەڵام تۆپبارانەکە ترس و دڵەڕاوکێی لای هاونیشتیمانیان دروست کردووە. بەڕێوەبەری شارەدێی حاجی ئۆمەران ڕووندیی کردەوە: بەشێک لە ڕەوەند و کۆچەرییەکان ناوچەکەیان جێهێشتووە و ئاوارە بوون، کە تا ئێستاش بە هۆی مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی تۆپبارانەکە، ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

مارێن و بێشێ و کەندەشینیان لە سنووری شارەدێی حاجی ئۆمەران تۆپباران کرد، کە لە دوێنێوە ئەمە دووەم جارە سنووورەکە بە سەختی بە تۆپی دوورهاوێژ تۆپباران دەکرێت، هەرچەندە خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانی نەبووە، بەڵام تۆپبارانەکە ترس و دڵەڕاوکێی لای هاونیشتیمانیان دروست کردووە. بەڕێوەبەری شارەدێی حاجی ئۆمەران ڕووندیی کردەوە: بەشێک لە ڕەوەند و کۆچەرییەکان ناوچەکەیان جێهێشتووە و ئاوارە بوون، کە تا ئێستاش بە هۆی مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی تۆپبارانەکە، ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

نەخۆشیشیان چاکبوونەوە و 60 کارمەند و چوار پزیشک لە نەخۆشخانەی وەفا 24 کاتژمێر چاودێرییان دەکەن.



وەزیری تەندروستیی

بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆرۆنا 150 ملیۆن دینار بۆ پێنجوێن تەرخانکراوە

وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەبەر ئەوەی قەزای پێنجوێن لەسەر سنووورە، بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت، 150 ملیۆن دینار بۆ ئەو قەزایە تەرخان کراوە بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیی پزیشکی و کۆنترۆڵکردنی پەتای کۆرۆنا. د. سامان بەرزنجی، گوتی: بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی 150 ملیۆن دینار بۆ دابینکردنی پێداویستیی پزیشکی بۆ قەزای پێنجوێن تەرخان کراوە، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی نەخۆشیی کۆرۆنا بکرێت. بەرزنجی گوتیشی: لەبەر ئەوەی پێنجوێن نزیک سنووورە، بۆیە حاڵەتەکان لەوێ زۆرن و ئەو پارەیەش کە تەرخان کراوە، بۆ ئەوەیە بتوانین ئەو نەخۆشییە کۆنترۆڵ بکەین و هەر پێداویستییەکیان هەبێت، بۆیان دابین بکرێت.

ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی هەڵەبجە ناوچە گەشتیارییەکان دادەخات

ژمارەی توشبووانی قایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای هەڵەبجە 25نەخۆشی تێپەڕاند و لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێکارەکاندا ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای هەڵەبجە ناوچە گشتیارییەکانی لە پارێزگای هەڵەبجە داخست. وەهاب ئەمین بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە لە لێدوانێکدا بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند: قایرۆسەکە مەترسیدارە و سەرجەم ناوچە گەشتیارییەکانمان داخستووە و هەر خاوەن ناوچەیەکی گەشتیاری پابەند نەبێت ئەوا ڕووبەڕووی ڕێکارە یاساییەکان دەکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە د. ئازاد مستەفا بەڕێوبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە لە لێدوانێکدا بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند: نەمانی متمانە لە نێوان خەڵک و حکومەت ڕێگە خۆشکەرن بۆ بەرزبوونەوەی حاڵەتەکان و پێویستە هاوڵاتیان خودپارێزی بکەن، دەنا وەک قۆناغی یەکەم تیمە تەندروستیەکان ناتوانن بڕۆن بەدەمیانەوە. لە قۆناغی دووەمی قایرۆسەکەدا جێگیر نییە و دوو لێدوانێکدا بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند: لە ماوەی 24 کاتژمێر ڕاپۆرتی 5 کەس لە هەڵەبجە تووشبوون بە قایرۆسەکە هەن. لەو ڕێژەیە 5 نەخۆشیان دۆخی تەندروستیان جێگیر نییە و دوو لە پارێزگای هەڵەبجە 25 حاڵەتی تووشبوون بە قایرۆسەکە هەن. لەو ڕێژەیە 5 نەخۆشیان دۆخی تەندروستیان جێگیر نییە و دوو



بەڕێوەبەری تەندروستیی چۆمان: لە چۆمان و حاجی ئۆمەران کەرەنتین هەڵگیراوە و ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان دەکرێت

بەڕێوەبەری تەندروستیی چۆمان دەڵێ، بە هۆی مەترسییەکانی قایرۆسی کۆرۆناوە، ماوەی هەفتەیەک بوو هەریەکە لە قەزای چۆمان و ناحیەی حاجی ئۆمەران کەرەنتین کرابوون، بەڵام لە ئێستادا کەرەنتینەکە هەڵگیراوە و بەپێی ڕێکارە تەندروستییەکان ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان دەکرێت.

د. ئەحمەد حوسێن، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: ماوەی هەفتەیەک بوو چۆمان و حاجی ئۆمەران کەرەنتین کرابوون، بەڵام لە ئێستادا کەرەنتینەکە هەڵگیراوە و هیوادارین هاووڵاتیانیش زیاتر پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی قایرۆسی کۆرۆنا.

حوسێن گوتیشی: لە سنووری قەزای چۆمان و ناحیەی حاجی ئۆمەران، تاوەکو ئێستا 1046کەس پشکنینیان بۆ کراوە، کە 71 پشکنین ئەنجامەکانیان نێگەتیڤ بوون. ئاماژەی بەوەش دا: بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر، بڕیار درا بە کردنەوەی شوێنێک بۆ ئەو نەخۆشانەی کە توشبووی قایرۆسەکەن، بەڵام تەندروستییان جێگیرە، خێرخوازێکیش شوێنێکی بە تەندروستیی چۆمان بەخشیوە و بەشێک لە توشبووەکانیش لە شوێنەکە کە کراوەتە نەخۆشخانەیەکی کاتی، دەمێننەوە و چاودێریی وردی ڕەوشی تەندروستییان دەکەین. بەڕێوەبەری تەندروستیی چۆمان لەبارەی جموجۆڵی بازرگانی لە دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران، جەختی کردەوە، هیچ گرفتێک دروست نەبووە، هەمور بارهەڵگرەکان بە مەرجی ڕێنماییەکان کاری گواستنەوە و کالا و شمەک دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان.

چەمچەماڵ... گەنجێک بە دەستڕێژی گوللە کوژرا

ڕەمک ڕەمەزان، قایمقامی چەمچەماڵ ڕایگەیاند: کاژێر 7:40خولەکی بەیانیی ڕۆژی چوارشەمە 2020/6/17 لەسەر ڕێگەی تەکیە ـ چەمچەماڵ لەنزیک وێستگەی کارەبای سلێمانی لە چەمچەماڵ لەلایەن چەند کەسێکەوە دەستڕێژی گوللە لە گەنجێک کراوە بە ناوی (س. م. ح)ە، بە گوتەی ڕەمک ڕەمەزان، دانیشتووی شارۆچکەی باینجانە، لەلایەن چەند کەسێکەوە دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا، بکوژەکانیش خزمی خۆی بوون و دانیشتووی هەمان شارۆچکەن. هۆکاری ڕووداوەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی حەوت ساڵ پێش ئێستابووە، تەرمی گەنجەکە ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکیی دادوەری سلێمانی کراوە. قایمقامی چەمچەماڵ دەڵێت، تەقەکەرەکان هەڵاتوون و خۆیان شاردووەتەوە، دادوەریش فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سێ کەس دەرکردووە. بەگوتەی قایمقامی چەمچەماڵ لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا لە سنووری قەزای چەمچەماڵ، دوو کەیسی کوشتن و کەیسێکی خۆکوشتن تۆمارکراون کە هەموویان لە ڕەگەزی نێربوون. بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو کەیسی کوشتن و خۆکوشتن کەمبوونەتەوە. هۆکاری ئەمەش بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی خەڵک و هەوڵ و ماندووبوونی دەزگا ئەمنییەکان دەگەڕێتەوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/18 ژمارە (5956)


بەشێک لە دوکانداران کرێچییەکان کرێی مانگانەیان پێ دابین ناکرێت

کۆرۆنا و دواکەوتنی مووچە جوولەی بازاڕی سستکردووە

دوکاندارێک: ئەم مانگە نیوەی کرێی دوکانەکەم پەیدا نەکردووە

ڕاپۆرتی: عەلی بانیشاری

قایرۆسی کۆرۆنا و دواکەوتنی مووچە هۆکاری سەرەکیێ بێ سستبوونی جوڵەی بازاڕ لە هەرێمی کوردستان، ئەمە بۆچوونی دوکاندارەکانی دوو بازاڕی گەورەی شاری هەولێرە کە ئەوانیش لەنگە و نیشتیمانن. هەتا سەردانی بازاڕ نەکەیت نازانیت بێ بازاڕی چۆن تەنگی بەدوکاندارەکان هەڵچنیووە. دوکاندارێک دەڵێت: بازاڕ بەشێوەیەک چۆڵ بووە تەنانەت لەکاتی شەڕی داعشیش وا نەبووە. دوکاندارێکی دیکە دەڵێ: بێ بازاڕی وایکردووە بەشێک لەو دوکاندارانەی کە کرێچێن لەبەر پەیدانەکردنی کرێ مانگانە دوکانەکانیان چۆڵکردووە.





ئازاد ڕەشید، دوکاندارێکی بازاڕی لەنگەیە و دەڵێت: پێش هاتنی کۆرۆنا ڕۆژ هەبووە بایی 200هەزار دینار کەلوپەلم فرۆشتووە، بەڵام ئێستا ڕۆژ هەیە ناگاتە 40هەزار دیناریش. دەشڵێت: کۆرۆنا دۆخێکی خولقاندووە ئەوەی کارێکی زۆر پێویستی نەبێت نایەتە بازاڕ. گوتیشی: بێ لەوەی لە کاتی قەدەغەی هاتووچۆ کەلوپەلێکی زۆری زستانەمان مایەوە ئێستا ئەوەی هێناومانە و جلوبەرگی هاوینە بۆمان ساغ نابێتەوە.

ئازاد کە ماوەی 8ساڵە لە لەنگە دوکانی هەیە باس لەوەشدەکات چۆڵییەکی وەها رووی لە بازاڕ کردووە لە کاتی شەڕی داعشیش وا نەبووە. ئاماژەی بەوەشدا خەڵک ئەگەر بڕە پارەیەکی پاشەکەوتیشی هەبێت ئامادە نییە بیدات بە جلوبەرگ، بەڵکوو بە پێداویستی ڕۆژانە و سەوزە و میوە و خۆراکی دەدات. ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە لەم دۆخەدا ئەگەر دوکاندار قازانجێکی زۆر کەمیش بکات شوکری خودای دەوێت.

بەوتەی چەند دوکاندارێکی لەنگە بێ بازاڕ نزیکەی 70 دوکانداری بازاڕەکەی ناچارکردووە لەم مانگەدا دوکانەکانیان چۆڵبکەن و ئەوەی هەیانە هەرزان فرۆشی بکەن. کرێی بەشێک لە دوکانەکانی بازاڕەکە یەک ملیۆن و 200هەزار دیناڕە. چەند دوکانێکی گەورەش هەن مانگانە دوو ملیۆن و 500 هەزار دینار دەدەنە کرێ. دوکاندارێک کە ئامادە نەبوو ناوی بڵاوبکەینەوە لەکاتی وێنەگرتندا بەپامنێری (خەبات)ی گوتبوو: ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوامی هەبێت زۆرینەی دوکاندارەکانی بازاڕی لەنگە تووشی ئیفلاس بوون دەبن. زەکەریا عوسمان، دوکاندارێکی بازاڕی نیشتیمانە، ئەو بە(خەبات)ی گوت: پێشتر ئەم بازاڕە جمەی دەهات مانگانە قازانجێکی باشمان دەکرد، بەڵام هاتنی کۆرۆنا و دواکەوتنی مووچە هەموو شتێکی لێ تێکداین.

گوتیشی: پێشتر لە ناوەڕاست و خواروو عێراقەوە گەشتێکی زۆر رووی لە هەولێر دەکرد، گەشتیارەکان پارەیەکی باشیان خەرج دەکرد کە بەشێکی بۆ کرێنی جلوبەرگ بوو، بەڵام ئێستا ئەوەش نەماوە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا هەندێک لە ترسی کۆرۆنا نایەنە بازاڕ، هەندێکیش لە بێ پارەی، ئەم دوو هۆکارە وایکردووە بازاڕ لە هەولێر و تەواوی کوردستان ڕوو لە سست بوون بکات. ئەو دەشڵێت: بێ بازاڕی وایکردووە هەندێک کات دوکاندارەکان کۆببینەوە و دەست بە دۆمینە و تاوڵەکردن بکەین. دوکاندارەکانی بازاڕی نیشتیمان گلەیی ئەوەشدەکەن لەم دۆخە خراپەدا حکوومەت هاوکاریان ناکات وەکو زەکەریا دەڵێت: حکوومەت تەنانەت لە کرێی کارەباشدا ئامادە نییە هاوکاریمان بکات و بەشێک لە کرێکەمان لێ وەرنەگرێت، دوکاندار هەیە ئەم مانگە 600هەزار کرێی کارەبا بۆ هاتووەتەوە، لە کاتێکدا خۆ شتێک لەو بڕە پارە زیاتر کەلوپەلی فرۆشتووە.

کۆرۆنا.. فەریزەی حەج لەنێوان ئەنجامدان و ئەنجامنەدان

شێخ قاسم بەرزنجی: دەبووایە 30 حوزەیران یەکەم کاروانی حەج بۆ سعوودیە ئەنجام بدرێت، بەڵام تا ئێستا لەلایەن سعوودیەوە ئاگادار نەکراوینەتەوە بۆ ئامادەکارییەکان و کاتەکەش زۆر درەنگە

خەبات: هەولێر

بڕیاربوو لە کۆتایی مانگی حوزەیران گەشتی حاجیان لە هەرێمی کوردستانەوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی فەریزەی حەج دەست پێ بکات، بەڵام بەهۆی بوونی قایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا هیچ بڕیارێک بۆ ئەنجامدانی گەشتەکە نییە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، شێخ قاسم بەرزنجی ئاماژە بەوە دەکات کە تا ئێستا سعوودیە هیچ ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوەیەکی نەبووە بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج لە کاتێکدا کات زۆر کەم ماوە و پێشبینیش دەکات بەهۆی کەمی کات و تەشەنەسەندنی قایرۆسی کۆرۆناوە پڕۆسەی گەشتکردنی حاجییان ئەنجام نەدرێت.





بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، شێخ قاسم بەرزنجی سەبارەت بە ڕێکارەکانی ئەنجامدانی فەریزەی حەج گوتی: فەریزەی حەج بە پلەی یەکەم پەیوەندیدارە بە سعوودیەوە کە لەڕێگای دەستەی بالای حەج و عەمرەی عێراقی کارەکانمان ئەنجام دەدەین، بێگومان ئەمساڵ بەڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر پڕۆسەکە، بۆی هەیە کاری نەرێنی ڕووبدات چونکە تاوەکو ئێستا ئاگادار نەکراوینەتەوە کە دەست بە ئامادەکارییەکانی کۆتایی بکەین بۆ ئەوەی پڕۆسەکە ئەنجام بدرێت وەک سالانی ڕابردوو، سعوودیەیش تا ئێستا بێ دەنگە لە دەرکردنی هەر ڕێنماییەک یان بڕیارێک کە ئایا حەج ئەنجام دەدرێت یان نا، بۆیە ئێمە چاوەڕوان دەکەین و لە ئەگەری هەر بڕیارێکیش ئەوا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری خۆی دەدات بە ئەنجامدانی پڕۆسەکە یان نا."

شێخ قاسم بەرزنجی ئاماژە بەوەیش دەکات کە لە ئەگەری ئەنجامدانی پڕۆسەکە تێچووی گەشتەکە 100%زیاد دەکات و گوتی: ئەگەر پڕۆسەکە ئەنجام بدرێت تێچووی گەشتەکە 100%زیاد دەبێت هەم لە ڕسومات و هەم لە خەرجییەکانی دیکەش، چونکە ئەگەر ساڵانی پێشووتر چەند کەسێک لە ژووری هۆتێلێک بوونایە لەئێستادا نابێت لە یەک یان دوو کەس زیاتر بن و بێگومان ئەمەیش کار دەکاتە سەر تێچووی گەشتەکە.

بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، شێخ قاسم بەرزنجی لەبارەی کاتی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی گەشتەکە و ئامادەکارییەکانی وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەم پڕۆسەکە گوتی: ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی بووایە ئەوا دەبووایە 30 حوزەیران یەکەم گەشتی حاجیان بۆ سعوودیە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئێستا کاتەکە لەوە دەڕچووە و دەرەنگە، هەر کاتێکیش ئاگادارمان بکەنەوە ئێمە تاوتوێی بابەتەکە دەکەین هەرچەندە تا ئێستا ڕوون نییە پڕۆسەکە لەسەر چ بنەمایەک ئەنجام دەدرێت، چونکە تاکو ئێستا فڕۆکەخانەکان داخراون.

شێخ قاسم بەرزنجی گوتیشی: بە بۆچوونی ئێمە هیچ کات نەماوە بۆ ئەنجامدانی سەفەری حەج چونکە ئامادەکاری دەوێت وەکو ئامادەکردنی بالەخانەکان و شێوازی گواستنەوەیان، لەگەڵ ئەوەیشدا هاوواڵتیان کەم پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن و ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە هاووڵاتییانیش ئارەزوومەندنین گەشتەکە ئەنجام بدەن کە جگە لە بوونی قایرۆسی کۆرۆنا، قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر پڕۆسەکە هەیە.

بڕیار بوو ئەمساڵ لە 30ی حوزەیران یەکەم گەشتی حاجیانی هەرێمی کوردستان بۆ سعوودیە ئەنجام بدرێت کە تیایدا بۆ ئەمساڵ چوار هەزار و 880پشک بوو کە لەنێو دە هەزار و 359کەسەوە بە تیروپشک دیاریکرابوون جگە لەوەی هەندێک پشکیش بۆ کەسوکاری شەهیدان و بڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایانەیە کە حاجیان دەگوازنەوە، بەڵام بەهۆی بوونی قایرۆسی کۆرۆنا و بڵاوبوونەوەی لە جیهاندا، پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ پڕۆسەکە ئەنجام نەدرێت.


ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تا ئامادەکدرنی ئەم ڕاپۆرتە، ژمارەی تووشبووان بە قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە دوو هەزار و 473کەس و حەفت حاڵەتی گیانلەدەستدان لە هەولێر و 47حاڵەتیش لە سلێمانی تۆمارکراون.

ئەگەر سەفەری حەج ئەنجام بدرێت، بەهۆی ڕێکارە تەندروستییەکان تێچووی ئەمساڵی حەج 100%زیاد دەکات

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/18 ژمارە (5956)
خەبات

ساڵیادی 73 ساڵەی پەڕینەوەی بارزانی و هەڤاڵانی لە رووباری ئاراس

پەڕینەوە لە چەمی ئاراس بەرەو یەکێتی سۆڤییەت
بڕیارێکی مێژووی چارەنووسسازبوو لەلایەن مەلامستەفا بارزانییەوە



کاروان محەمەد سینۆ

ئەمڕۆ ساڵیادی رۆژێک دەکەین کە یادەوەری 62رۆژی خەبات و بەرخودان و شەڕی دەستەویاخەی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانیەتی لە گەڵ سێ ڕژێمی دوژمن و داگیرکەری کوردستان. سێ دوژمن... کە تاکە ئامانجیان تەنها کوشتنی مەلامستەفا بارزانی و تواندنەوەی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد بووە. سێ دوژمن... سێ ڕژێمی دەوڵەتمەدار (ئیران ـ عێراق ـ تورکیا)... سێ سوپای بەهێز و زۆرێک لە بارودۆخی سروشتی نالەبار و برسێتی و تینویی و بێ چەک و تەقەمەنی و سەرما و بێ جلوبەرگی و بێ ئازوقە و دەرمان و بێ دۆست و هەڤاڵ، هەموو ئەمانە و چەندین بارودۆخی دیکە، بوونە دوژمن و نەیاری سەر و خوێنی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی پاش داگیرکردنی کۆماری کوردستان لە مهاباد (17/12/1946).

لەو بارودۆخە نەیارەدا، مەلامستەفا بارزانی بڕیارێکی چارەنووسساز و لێهاتوو و هۆشمەندانەی دا، چالاک و قارەمانانە، خەبات و شۆڕشگێڕانە، بەپیادە و شەڕی دەستەویەخە لەگەل سەربازانی هەرسێ دوژمن و لەژێر بوردوومانی تۆپ و فڕۆکەی هەرسێ سوپای (ئیران ـ عێراق ـ تورکیا)، بارزانی خۆی و هەڤاڵانی لە قەتڵوعام ڕزگار کرد و لە ڕێچوونێکی ئەفسوناویدا بەردێژایی زیاتر لە (500کیلۆمەتر) و شەڕی بەردەوام بۆماوەی زیاتر لە (62ڕۆژ) خۆی و هەڤاڵانی گەیاندە ولاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران (ڕوسیا)، کە ئەوکات یەکێتی سۆڤیەت بە ولاتی دۆست و لایەنگر و پشتوپەنای مللەتانی ژێردەست بوو؟!. بەم شێوەیە مەلامستەفا بارزانی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردی لە توانەوە و لەناوچوون ڕزگار کرد. چوونی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بەم شێوازە دراماتیکییە لە زانستی سەربازی و بزووتنەوەی چەکداریدا، تاکو ئێستا بۆتە ئموونەی بەرز و سەرکەوتووی شەڕی پارتیزانی و گەوردیی و سەروەری و چۆنیەتی ڕابەراتیکردنی شەڕی پارتیزانی لە جیهاندا، هەروەها تاکو ئێستاش بەردەوام لێکۆڵینەوەی زانستیی سەربازی لەسەر وردەکاری ئەم ڕێچوونەی بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی دەکرێ. ئەمڕۆ 73ساڵیادی پەڕینەوەی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانییە لە ڕووباری ئاراس بۆ ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران.

کۆماری کوردستان لە خاچدرا

پاش ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری خۆی بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری ئەزەربێجان لە تەبرێز و کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕاگەیاندبوو، بەڵام پاش ئەوەی (قوام سەلتەنە) سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران پێشنیاری بۆ یەکێتی سۆڤیەت کرد کە لە ئێران بکشێتەوە و دەستبەرداری پاڵپشتی کۆماری کوردستان و ئەزەر بێجان بێت، لە بەرامبەردا ئیران مافی وەبەر هێنان و بەدەواداگەڕان و هەلکەندی بیرەکانی نەوتی ئیرانی بداتێ و هەروەها ئیرانی پەیمانی بە ڕوسیادا کە مافی خەلکی ئازەربێجان و کورد لە ئێران دەستەبەر بکات و کێشەی کورد ئاشتیانە چارەسەر بکات. بەمشێوەی یەکێتی سۆڤیەت ژێر بەژێر ڕێکەوتنی لەگەڵ حکوومەتی ئیران واژوو کرد. لەم ڕووەوە (ئەندرێ گرۆمیکۆ) نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژی 26ی3ی 1946ڕایگەیان کە: "یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەی شەش هەفتەدا، هەموو هێزەکانی خۆی لە ئیران دەکێشێتەوە". شایانی باسە.. وەکو لەسەرەوە باسمان کرد، کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر ڕێکەوتنی نێوان (قوام سەلتەنەت) و یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە فێڵکی ژیرانەی (قوام سەلتەنەت) بوو کەلە یەکێتی سۆڤیەت کرا (هەروەک دەڵێن گۆلێک بوو ئیران لە یەکێتی سۆڤیەت کرد). چونکە پاش کشانەوەی سۆڤیەت لە ئیران، خودی (قوام سەلتەنەت) پەرلەمانی ئیرانی ئاراستەکرد کە دژی ئەم ڕێکەوتنە دەنگ بدەن و تەنانەت خودی (قوام) تۆمەت باربکەن بە خیانەتی گەڵ و ولات. بەم شێوەیە ڕێکەوتنەکەی نێوان ئیران و یەکێتی سۆڤیەت جێبەجێ نەکرا و یەکێتی سۆڤیەت مایەپوچ لە ئیران کشایەوە و دواتر ئەمریکا باڵی بەسەر ئیراندا کێشا. پاش کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، سوپای ئیران هێرشی کردە سەر کۆماری ئەزەر بێجان و دواتر کۆماری کوردستان و لە17ی12ی 1946سوپای شاهانەی ئیران چووە ناو شاری مهاباد و داگیری کرد و پێشەوا قازی محەمەدی سەرۆک کۆمار و بەرپرسانی کۆماری کوردستانیان دەستگیر کرد و دواتر لە31ی3ی 1947لە سێدارە درا. بەم شێوەیە لەئەگەری بەرژەوەندییەکانی ولاتانی زلهێز و ڕێکەوتنی ژێربەژێر و خیانەت لە مللەتی کورد، یەکەم کۆماری کوردستان لە خاچ درا.

مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی خۆیان بەدەستەوە نەدا

مەلامستەفا بارزانی بەردەوام چاوەڕێری ورد و درشتی بارودۆخی سیاسی و عەسکەری ئیران و مللانێی بریتانیا و ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا دەکر. دواجار لە 16ی12ی1946 مەلامستەفا بارزانی چووە لای دواتر پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان، ئالای کوردستان بە ئەمانەت ڕادەستی مەلامستەفا بارزنی کرد و پێی گوت: "ئەمە سومبولی کوردستانە و بە ئەمانەت ڕادەستی تۆی دەکەم، چونکە پێموایە تۆ شایستەترین کەسی کە پارێزگاری لێ بکەی"، ئەمەش دواین دیداری نێوان مەلامستەفا بارزانی و قازی محەمەد بوو. ئینجا مەلامستەفا بارزانی ماهابادی بەجێهێشت بەرەوە شاری نەغەدە. (.(1))مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/.1ص227).

دواتر وێڕای دانوسانی نێوان بارزانی و شای ئیران و گفت و پەیمانی ئیران بە بارزانی و خانەوادەکانیان، بەڵام مەلامستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی هەرگیز متمانەیان بە گفت و پەیمانەکانی ئیران نەبوو و هەوڵیان دەدا بگەنە سنووری عێراق. بەڵام ئەوکات زستان بوو (کانوونی دووەم (1946و بەفر هەموو ڕێگاکانی پۆشیبوو. بۆیە شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا بارزانی هەوڵیان دەدا کات بەدەست بێنن، جار بە دانوستان و جار بە هەڕەشە و بەرگری بەرووی حکوومەت و سوپای ئیران، هەوڵیاندا حکوومەتی ئیران بخافڵێنن تاکو بەهار و بەفر ڕێگاکان بەرددەدات. بەمشێوەیە تاکو مانگی نیسانی 1947کە ڕێگاکان کرانەوە، ئینجا شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلامستەفا بڕیاریاندا کە مااڵ و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانی خانەوادەی بارزانییەکان لە چەمی (گادەر) بەڕێنەوە بۆ عێراق، هەرلەو ڕۆژەدا (16ی4ی1947)، بارزانی و پێشمەرگەکانی بەشاخدا هەڵگەڕان بەرەو ڕەشمالەکانی (تەها هەرکی و زێڕۆ هەرکی) و لەناو بەفرو باران و سەرما، ماوەی سێ ڕۆژ لەو دەوروبەرە مانەوە.

بارزانی لە کۆماری کوردستان و چالاکییە سەربازی و سیاسییەکانی مەلامستەفا لەو ماوەیەدا ببوە مایەی هیوای دواڕۆژ لەلایەن هەموو تاکێکی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان، بەتایبەت چینی ڕۆشنبیر و سیاسی. بۆیە مەلامستەفا بەر لە ژیانی خۆی، بیری لە داهاتووی میللەتی کوردی و کوردستانی دەکردەوە و دەیزانی بە کوشتنی ئەو، هیوای هەموکوردێک لە هەرشوێنێک لە گۆڕ دەنرێ، بۆیە مەلامستەفا بارزانی بە ڕاوێژ لە گەل جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانی، بڕیاریدا خۆ بەدەستی عێراق و هیچ وڵاتێکەوە نەدات.

ڕۆژی 10ی4ی 1946هەموو بارزانییەکان بە چەکدار و خانەوادەکانەوە گەیشتنە خاڵی سنووری ئیران و عێراق لە سەر چەمی (گادەر)، بارزانی و پێشمەرگەکان لە نزیک (گادەر) لەسەر سنور مانەوە تاکو هەموو خانەوادەکان لەوێ کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی بەیاروەری شێخ ئەحمەد بارزانی بپەڕینەوە ناو خاکی عێراق.

ڕۆژی 16ی4ی 1946کە بەفر و باران تێکدا دەباری و بێبەرگی و برسێتی تەنگی بە مااڵ و منداڵی بارزانییەکان هەڵچنیبوو،لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، کۆمەڵ کۆمەڵ خانەوادەی بارزانییەکان دەستیانکرد بە پەڕینەوە لە چەمی (گادەر) بەرەو خاڵی سنووری عێراق و بە ئامادەبوونی (عەلی حیجازی)بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراق، خانەوادەکان خۆیان بەدەستی حکوومەتی عێراقدا.پاش ئەوەی تەواوی پیر و منداڵ و ژن و پەککەوتەکانی خانەوادەی بارزانییەکان لە چەمی (گادەر) پەڕینەوە بەرەو عێراق، هەرلەو ڕۆژەدا (16ی4ی1947)، بارزانی و پێشمەرگەکانی بەشاخدا هەڵگەڕان بەرەو ڕەشمالەکانی (تەها هەرکی و زێڕۆ هەرکی) و لەناو بەفرو باران و سەرما، ماوەی سێ ڕۆژ لەو دەوروبەرە مانەوە.



ڕۆژی 19ی4ی 1947 مەلامستەفا بارزانی (560)پێشمەرگەی هەڵبژارد و لەگەڵیان کۆبوەوە و لە وتارێکدا پێی ڕاگەیاندن: "ئێستاکە ئێمە دەچینە نێو خاکی عێراق بەرەو باکووری دەڤەری بارزان دەچین، هەڵبەت حکوومەتی عێراق بە هەموو توانایەکی سوپایی خۆی و بە هەر گروپێک بەرپرسێکی سەربازی و بەرپرسێکی ئیداری و ئازووقەی هەبوو. بۆیە لێردا بۆمان دەردەکەوێ کە مەلامستەفای بارزانی شارەزاو بلیمەتێکی بێ وێنەبوو لە سەرکردایەتی و ڕێکخست و ئاراستەکردن و سەرپەرشتی و ڕابەرایەتی هێزی سەربازی و چەکداری، ئەمەش یەکێک بوو خەسڵەتەکانی ڕابەرایەتی و کاریزمای مەلامستەفا بارزانی.

ئینجا مەلامستەفا بارزانی ڕێکار و ڕێنمایی پێویست لەم قۆناغەدا بە پێشمەرگە و پەرپرسەکان ڕاگەیاند و بەڕێکەوتن بەرەو گوندی (موسلوک). بەرەبەیانی ڕۆژی21ی4ی 1947گەیشتنە گوندی (موسلوک) و لەوێوە بەرەو گوندی(ئەرموش).

ڕۆژ 23ی4ی 1947گوندی (ئەرموش)یان بەجێهێشت بەرەو گوندی (بەنێ خواکورک) لە داوێنی چیای (ئاوەدڵ کودی) کە یەکێکە لە لوتکەکانی چیای خواکورک. لەوێوە... بارزانی و پێشمەرگەکانی بە (دەشتی بەرازگر)ی دەڤەری برادۆست و (کانی ڕەش) تێپەڕین بەرەو دەشتی (میرگەسوور).

بەرە بەیانی ڕۆژ 24ی4ی 1947گەیشتنە گوندی (دەریا سۆر) لەسەر سنووری توکیا و عێراق کە تەنها چەمێکی ئاو لە نێوانیاندایە. هەرلەو ڕۆژەدا بەهاوکاری خەلکی کوندەکە، بارزانی و هەڤاڵانی لە چەمی (دەریای سۆر) پەڕینەوە و پێیان نایە نێو خاکی تورکیا و بەردەوام بوون لە ڕۆژهەڵات.

بەرەبەیانی ڕۆژی 25ی4ی 1947گەیشتنە (گەلی ـ گەروی زێت) کەلەسەر سنووری نێوان تورکیا و عێراقە، لەوێ ڕێگاکە وابوو و وا پێویست بوو کە بارزانی و هەڤاڵانی بگەڕێنەوە ناو خاکی عێراق. بێشک لەهەموو قۆناغەکاندا سوپای (ئیران و عێراق و تورکیا) لە بۆسە و ئامادە باشیدابوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە بارزانی و هەڤاڵەکانی و هەموو ڕگاکانیان لێ بۆسەگیر کردبوو. لە (گەلی زێت)و لە ناوخاکی عێراقدا، گروپێکی هەڤاڵانی بارزانی کەوتنە ناو بۆسەی پۆلیسی عێراق و لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا (تەنانەت بە چەکی سپی) شەڕ لەنێوانیان بەرپابوو. لە ئەنجامدا پۆلیسێک کوژراو و دووی دیکە بەدیل گیران و هەڤاڵێکی بارزانی بریندار بوو کە دواتر لەگوندی (ئەرگوش) لەبەر خۆیێن بەربوون و بێ داودەرمانی ئەو هەڤاڵەی بارزانی شەهید بوو. دەتوانین بڵێین ئەم ڕووبەڕووبوونەوە یەکەم شەڕی بارزانی و هەڤاڵانی بوو لە ناو خاکی عێراق. ئینجا لە (گەلی زێت) بەرەو ناوچەی (بیێ) لەسەر سنوور، لەوێ بە ئەمری مەلامستەفا بارزانی گروپەکان لێک دوو خرانەوە بۆ ئەوەی لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە هەمورییان نەکەونە بۆسە و بتوانن بەهانای یەکترەوە بچن و زیانیش کەمتر دەبێت. ئەمەش خەسڵەتێکی دیکەی بلیمەتی بارزانی بوو لە ڕابەرایەتی و سەرپەرشتی کردنی شەڕی پارتیزانی.

ڕۆژ 25ی4ی 1947بارزانی و هەموو هەڤاڵانی گەیشتنە گوندی (ئەرگوش) و دەوروبەری و بۆ ماوەی 25ڕۆژ لە کوندەکانی ئەو دەڤەرەدا مانەوە. پێم وایە... مانەوەی بارزانی و هەڤاڵانی بۆماوەی 25ڕۆژ لەو دەڤەرەدا، تەنها بۆ ئەوە بووە کە بارزانی پشوویێک بە پێشمەرگەکانی بدات و دووبارە خۆیان ڕێک بخەنەوە و بتوانن چەک و تەقەمەنی پێویست دابین بکەن بۆ قۆناغێکی دیکە کە مەلامستەفا بیری لێ دەکردەوە. لەم 25ڕۆژەدا چەندجار لەسەر ئاستی دیارکراودا پەیام و پەیامنێری دۆست و دوژمنان ڕوویان لە مەلامستەفا بارزانی کردووە و تەنانەت حکوومەتی عێراق هەوڵی دەدا کە مەلامستەفا خۆی بەدەستەوە بدات یاخود بەلایەنی کەمەوە پلان و نیازەکانی مەلامستەفا بزانێ. بەڵام مەلامستەفا ژیرانە بیری دەکردەوە و کاتەکەی لە بەرژەوەندی خۆی و هەڤاڵانی بەکار دەهێنا و بیری لە دەرچەیەکی گونجاو دەکرد لەو بارودۆخە نالەبارە، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی دەگەیشتنە مەلامستەفا کە سوپای ئیران و تورکیا سنووردکانیان تەنیوە بە هێزی سەربازی و چەتەو خۆفرۆشان، هەروەها سوپای عێراق لە ئامادە کاریدای بۆ هێرش بردنە سەر مەلامستەفا و هەڤاڵانی.

پێم وایە... لەم هەلومەرجانەدا، بیرۆکە پەنابردنە بەر یەکێتی سۆڤیەت لە لای مەلامستەفا بارزانی گەڵاڵە بووە و ئامادە کاری بۆ کردووە، ئەگەرچی پێشتر مەلامستەفا ئەم بیرۆکەی لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی تاوتۆ کردبوو .

مەلامستەفا بارزانی بڕیاریدا، خۆی و هەڤاڵانی پەنا ببنە بەر یەکێتی سۆڤیەت

دەربارەی بڕیاری مەلامستەفا بارزانی لە پەنابەری بۆ یەکێتی سۆڤیەت(روسیا) ،جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە کتێبەکەی (البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/ج.1ص249) نووسیویەتی: (بارزانی بۆی باسکردم... لە 15ی4ی1946 کاتێکی (بارزانی) خواحافیزی لە شێخ ئەحمەد کردووە، لێی پرسیوە ئاخۆ دەکرێ پەنا بەرێتە بەر یەکێتی سۆڤیەت ئەگەر نەیتوانی بەردەوامبێت لەشەڕ لەنێو عێراقدا، ئەویش (شێخ ئەحمەد بارزانی) ڕەزامەندی داوە. بەڵام بڕیارێ کۆتایی و مێژووی مەلامستەفا بارزانی لە 6ی5ی1947بوو کاتێک هێزەکانی خۆی لە (ئەرگوش) کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن کە بڕیاری داوە پەنابەرنە بەر یەکێتی سۆڤیەت و ئەگەر و هۆکارەکانی ئەم بڕیارەی بۆیان شلۆڤە کرد. (4)).مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/ج.1ص249)).

لە ئەرگوشەوە بەرەوە یەکێتی سۆڤیەت

پاش هەڵسەنگاندن و تاوتۆکردنی بارودۆخەکە و یەکگرتی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ولاتانی زلهێز (ئەمریکا و بریتانیا و عێراق و تورکیا و ئێران) دژی مەلامستەفا و پێشمەرگەکانی. ڕۆژی 6ی5ی 1947لە گوندی (ئەرگوش)ەوە مەلامستەفا بارزانی بڕیاریدا کە خۆی و پێشمەرگەکانی ڕوو بکەنە یەکێتی سۆڤیەت(روسیا) بەنیازی پەنابەری سیاسی. وەکو باسمان کرد، ئەم بڕیارەی جەنابی مەلامستەفا بارزانی بڕیارێکی دەم ودەست و سەرپێیی نەبوو، بەڵکو جەنابی بارزانی پێشتر(15ی4ی1947) لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی تاوتۆ کردبوو و ڕەزامەندی لێ وەرگرتبوو.

پێم وایە... بەرلە بڕیاری مێژووی و چارەنووسازی (6ی5ی1947) ,بارزانی بارودۆخ و هەموو ئەگەرەکانی هەڵسەنگاندووە (ئامانژە بە وورددەکارییەکان- بەپێی لێدوان و بیرەوەرییەکانی هەڤاڵانی بارزانی) بەردەوام جەنابی مەلامستەفا پەیوندی و بەدواداچوونی هەبووە لەگەڵ مالّ و مالّبات و عەشیرەتە کوردەکانی سەر سنووری (عێراق و ئێران ـ عێراق و تورکیا ـ تورکیا و ئێران) و دۆستی و هەڤاڵ و لایەنگری خۆی هەبووە لەم سنوورانەدا. بێگومان... مەلامستەفا بارزانی وەکو سەرکردەیەکی کاریزمایی و پێشڕەوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد و ڕابەرێکی پێشمەرگە و خۆشەویست کە تاکە هیوای گەلی کورد بوو، بەڵایەنی کەمەوە بۆ ڕێچوونی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت، توانیویەتی گیانی هاوکاری و هەماهەنگی ئەو مالّ و مالّبات و عەشیرەتانی سەر سنووری فەراهەم بکات، ئەگەرچی هەندێک کەسی خائین و خۆفرۆش هەوڵی ڕێگری بارزانی و هەڤاڵانی کردووە، بەڵام هەر ئەوان ڕووڕشی گەل و میللەت بوون. لەئەنجامدا مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بەسەربەرزی و سەرکەوتن بەسەر دوژمنان و خائینان لە چەمی ئاراس پەڕینەوە و چوونە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەت.

لێردا بەپێی توانا هەوڵدەدەم بەکورتی ڕۆژ و ڕۆژاوەکانی ڕێچوونی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی بارزانی و خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی خەبات و خەڵکی کوردستان بخەمە ڕوو.

ڕۆژمێری ڕێچوونی بارزانی و هەڤاڵانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت

بەرلە ڕۆیشتن بەرەو خاڵی سنوری یەکێتی سۆڤیەت لەسەر (رووباری ئاراس)، پێدەچێ بارزانی پلان و تەکتیکی ڕێچوونەکەی بۆ پێشمەرگەکانی خۆی شلۆڤە کردبێ کە قۆڵی (مستۆ میرۆزی) لە پێشەوەی هێزەکەبێت، پاشان قۆڵی (مامەند مەسیح)، دوای ئەوان قۆڵی (محەمەد ئەمین میرخان)، پاشان قۆڵی (شێخ سلێمان)، ئینجا لە دواوەی هێزەکەدا قۆڵی (ئەسعەد خۆشەڤی)بێت و پێی ڕاسپاردبوو کە ئەوان(قۆڵی ئەسعەد خۆشەڤی) هاوکاری هەرکەسێک بکەن کە بەهەر ئەگەرێک لە قۆڵی خۆیان دوابکەوێت. (.(5مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/ج.1ص250)).

ڕۆژی22ی ئایار1947:

مەلامستەفا بارزانی فەرمانی بەپێشمەرگەکانیدا کە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو دەڤەری (هەرکی بنەجێ) بکەونە ڕێ. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هەموو پێشمەرگەکان گەیشتنە گوندەکانی (دێ، باسیان، ستونێ)... و دەوراوپشت. حکوومەتی عێراق بەم هەنگاوەی مەلامستەفای زانی و ڕۆژی 23ی ئایار 1947لە هێرشێکی ئاسمانی توند و چڕدا حکوومەتی عێراق 14فڕۆکەی نارد بۆ بۆردۆمان کردنی بارزانی و هەڤاڵانی. کەبووە ئەگەری شەهید بوونی 2 پێشمەرگە و بریندار بوونی 14ی دیکە.

ڕۆژی24ی ئایار1947:

بارزانی و هەڤاڵانی گەیشتنە گوندی (بێداو) کە دواگوندە لەسەر سنووری (عێراق- تورکیا).

ڕۆژی25ی ئایار1947:

لەنێو بەفری کێوەکاندا بە زەحمەتێکی زۆر، بارزانی و پێشمەرگەکانی لە ڕێگای (تەستا-بێداڤ) گوندی (بێداڤ)یان بەجێ هێشت و لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەیشتنە گوندی (باین) لەنێو خاکی تورکیادا. خەڵکی گوند بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لێ کردن. مەلامستەفا لە موختاری گوندەکەی پرسی ئاخۆ باشترین ڕێگا بۆ ناو خاکی ئێران لە کوێوەیە. موختارەکە بە مەلامستەفای ڕاگەیان کەر ڕێگای (زینیا ئاسنگەرا) لەنێوانی (گەفەڕ و شەمدینان) باشترین ڕێگایە. سەرەڕای ئەوەی لە (زینیا ئاسنگەرا) توشی فڕۆکە و سەربازی تورک بوون، بەڵام دواتر بەتاکتیکێکی پارتیزانی لێیان ڕزگار بوون.

ڕۆژی27ی ئایار1947:

لەبەرەبەیانی ئەمڕۆژە، بارزانی و هەڤاڵانی بەبێ زیان لە (زینیا ئاسنگەرا) پەڕینەوە و چوونە ناو خاکی ئێران، تاکو ئێوارە هەموو پێشمەرگەکانی بارزانی گەیشتنە ناوخاکی ئێران لە گوندی (جیرمێ).

ڕۆژی28ی ئایار1947:

هێزی پێشمەرگەی مەلامستەفا بەرێکەوتن بەرەو گوندی (ئەمبێ و دەربەند و تەلوێ) لە دەڤەری (تەلگەوەر)ی بەگزادەکان.

ڕۆژی29و30و31ی ئایار1947:

لەم سێ ڕۆژەدا بارزانی و پێشمەرگەکانی لە دەڤەری هەرکییەکان مانەوە و خەڵکی ئەو دەڤەرە پێشوازییەکی گەرمی لێ کردنی. حکوومەتی ئێران پێی زانی و (ڕەشید بەگی سەرەک عەشیرەتی هەریکی) نارد لای مەلامستەفا کە بزانێ مەلامستەفا نیازی چییە و هۆکاری هاتنی بۆ ناو خاکی ئێران چییە و هەرپشەی لە بارزانی کرد کە خاکی ئێران جێ بهێڵێ. مەلامستەفا بۆ بەدەست هێنانی کات، جوابی ئێرانی دایەوە کە لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوو بەنووسین وەڵامییان دەداتەوە... بەڵام هەرگیز ئەم وەڵامەیان بۆ نەنووسی.().(6)مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/ج.1ص.((251

ڕۆژی1و2ی حوزەیران1947:

بارزانی و هەڤاڵانی لە گوندەکانی (شکاک) مانەوە لەبەر ئەوەی ئەم عەشیرەتە هەڤاڵ و هاوکاری بارزانی بوون بەتایبەت (خالێ میرزێ) کە خالی سمکۆی شکاک بوو و جێگای ڕێوا و متمانەبوو. هەڤاڵانی بارزانی پێویستیان بە پشوو هەبوو.

ڕۆژی3ی حوزەیران1947:

بارزانی و هەڤاڵانی گەیشتنە گوندەکانی (دیلزێ، حاجی جفان و گوزەرەش و...)

ڕۆژی4ی حوزەیران1947:

هەڤاڵانی ڕێبازی بارزانی گەشتنە گوندی (ڕۆوش خۆران)، لەم گوندە (خەلیفە سادق)کە پیاوی حکوومەتی ئێران بوو و بەدرێ خۆی بە دڵسۆزی کوردو و کوردستان دەنواند. بە فیتی ئێران وبستی پیلان بۆ بارزانی و هەڤاڵانی داڕێژێ و بە بارزانی ڕاگەیاند کە ڕێگاکەی گیراوە و ئێران سوپایێکی زۆری ناردووە و هەموو ڕێگاکانی گرتووە. بەڵام ئێران وەکو ئەرکێکی مرۆڤایەتی دەخوازێ خۆراک و دەرمان و چارەسەر پزیشکی بۆ بریندارەکان بکات....بەڵام کەسێک کە لەگەڵ (خەلیفە سادق) بوو، لە پاسەوانێکی بارزانی نزیک بووەوە و پێی ڕاگەیاند کە ئەوەی (خەلیفە سادق) دەڵێ هەمووی درۆیە و هێزەکانی سوپای ئێران نەگەیشتوونەتە سەر ڕێگا، بێجگە لە هەندێ چەکداری (عەجەم)، واچاکە کە خۆتان دوانەخەن و پەلە بکەن.

شەوی 4\5ی حوزەیران1947:

بە فەرمان و ڕێنماییەکانی مەلامستەفابارزانی، پێشمەرگەکان بۆ ئەوەی خۆیان دووربخەنەوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بۆسەی سوپای ئێران،چوونە ناو خاکی تورکیا و بۆ چەند کاتژمێرێک لەنێو خاکی تورکیا ڕۆیشتن و پاشان هاتنەوە ناو خاکی ئێران و و دواتر بەبێ کێشە لە (دۆڵی قتور) پەڕینەوە. پەڕینەوە لەم دۆڵە، سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ بارزانی و هەڤاڵانی، چونکە ئەم دۆڵە وا هەڵکەوتبوو، ئەگەر لەوێدا شەڕ ڕووی بدایە، مەزندە دەکرا کە هەڤاڵانی بارزانی زیانێکی گەورەیان بەرکەوتبا.

ڕۆژی5ی حوزەیران1947:

لەبەرەبەیانیدا، بارزانی و پێشمەرگەکانی گەیشتنە گوندەکانی (گەلتی، تووان، نەدێ) لە دەڤەر عەشیرەتی (عروسی) و خەڵکی ئەم گوندانە پێشوازی گەرمی لێ کردن.

ڕۆژی6ی حوزەیران1947:

هەڤاڵان گەیشتنە گوندی (بەلەسوور، بەلەڕەش)، پاش نانخواردن و ئیسراحەت، بەرێکەوتن بەرەو کوێستانی (حاجی بەگ) و ئێوارە گەیشتنە گوندی(مللەمی) لە نێو عەشیرەتی (مللەلی) و شەو لەوێ مانەوە.

ڕۆژی7ی حوزەیران1947:

بارزانی و هەڤاڵانی گەیشتنە گوندی (عەمباری) و لەو گوندەدا کەسێکی متمانەپێکراو و شارەزای دەڤەرەکە و سنوری یەکێتی سۆڤیەتیان دۆزییەو و کە ناوی (میرزا عەبدی) بوو، (میرزا) تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، بەڵام مرۆڤێکی چوست و چالاک بوو، بارزانی لێی پرسی، ئاخۆ کام ڕێگا باشە بۆ چوونە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت؟. (میرزا عەبدی) ڕێگای (ماکۆ- هاسۆن) پێشنیار کرد، بارزانی متمانەی بەم کابرایە کردو و ڕێگاکەی هەڵبژاد و پلان و ئامادەباشی تەواوی بۆ ئەم قوناغە بە پێشمەرگەکانی ڕاگەیاند، چونکە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەبوو.

ڕۆژی8ی حوزەیران1947:

بارزانی و هەڤاڵانی گوندی (عەمبارە)یان بەجێ هێشت و گەیشتنە هەردوو گوندی (کلیسگەند و ئاغداش) نزیک شاری (ماکۆ). لەم سەروبەندەدا هێزە کانی سوپای ئێرانیش بە پاڵپشتی تۆپ و تانگ و زرێپۆش گەیشتبوونە شاری (ماکۆ)، و بەسەر ڕێگاکاندا بڵاوەیان کردبوو و بەچڕی هەموو گوندەکانی (هاسون) و لە سوپای ئێران دوور کەوتنەوە. گوندی (هاسون) دەکەوێتە باکوری (ماکۆ) ئەم گوندە سەر بە عەشیرەتی (جەلالی)یە. بەڵام بەداخەوە ئاغای ئەم عەشیرەتە (عومەر ئاغا جەلالی) خیانەتی لە بارزانی و هەڤاڵانی کرد، دەکرێ بڵێین ئەم عەشیرەتە و ئاغاکەیان تەنها عەشیرەتی کورد بوون کە خانەتی نیشتیمانییان لە بارزانی و هەڤاڵانی کرد بە درێژایی ڕێچوونی بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت.

ڕۆژی13و14و15ی حوزەیران1947:

مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی هەرلە دەڤەری عەشیرەتی (جەلالی) بەرەو سنووری یەکێتی سۆڤیەت ڕێگەیان گرتەبەر. لەماوەی سێ ڕۆژەدا و لە دەڤەری (جەلالی)یەکان ڕۆژانە فڕۆکەجەنگییەکانی ئێران بەدوای بارزانی و هەڤاڵانیدا دەگەڕان، بەڵام لەبەر چڕی دارستان و شارەزایی و لێهاتوویی، بارزانی و پێشمەرگەکانی تووانیان خۆیان لە چاوی فڕۆکەوانەکان بشارنەوە و فڕۆکەکان هێزی بارزانییان پێ نەدەدۆزرایەوە.

ڕۆژی16ی حوزەیران1947:

بارزانی و هەڤاڵانی گەشتنە قەراغی ڕووباری (ئاراسی) کە ڕووبارێکی بەخوڕ و پان و بەرینە، سنووری یەکێتی سۆڤیەت و ئێرانی لێک جیادەکردەوە و لە ڕۆژئاواوە لە ناو خاکی تورکیا سەرچاوە دەگرێت بەرەو ڕۆژهەڵات لەنێوانی سنووری ڕوسیا و ئێران تێپەڕ دەبێت. بارزانی و هەڤاڵانی لە ناو خاکی ئێرانەوە ڕۆژی 16ی حوزەیرانی 1947 گەیشتنە گوندی (سوکتلی) لە سەر ڕووباری (ئاراس) کە نزیک بوو لە خاڵی سنووری (سراجلو)ی یەکێتی سۆڤیەت، لەوبەری ڕووباری ئاراس.

هەر لەورۆژەدا، مەلامستەفا بارزانی نێردەی خۆی (میرحاج)ی نارد خاڵی سنوری (سراجلو)، کەخاڵیکی سنووریی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت بوو لە ناو خاکی کۆماری ئەرمینای سۆڤیەتی لەوبەر ڕووباری ئاراس، بۆئەوەی بە دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت ڕابگەیێنێت، کە مەلامستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی هاتوونەتە سەر سنوور و داوای پەنابەری سیاسی دەکەن لە یەکێتی سۆڤیەت. ئینجا بە گەیشتنی ڕەزامەندی یەکێتی سۆڤیەت بۆ پەنابەری سیاسی مەلامستەفا بارزانی و هەڤاڵانی، ڕۆژی 17ی حوزەیرانی 1947گروپێکی ڕێگاییێکیان داخستبوو، بەرپابوونی شەڕ لەنێوانی هەڤاڵانی بارزانی و سوپای ئێران چاوەڕوان کراو بوو. لەم قۆناغەدا ژیان و دواڕۆژی بارزانی و هەڤاڵەکانی پەیوەست بوو بە سەرکەوتنیان لەم شەڕەدا. بۆیە خودی جەنابی مەلامستەفا بارزانی زۆر بەوردی چاودێری هەموو پێگەکانی سوپای ئێران کرد، پلانی شەڕی دارشت بە شێوەیەک کە پێوستە سەت لەسەت هەر سەرکەون. بۆ ئەم مەبەستە مەلامستەفا هێزەکەی خۆی بۆ دووبەش دابەش کرد و دوو میحوەری بۆ شەڕەکە دیاریکرد، میحوەری یەکەم لە (کلیس گەند)ەوە پێشڕەوی بکات و میحوەری دووەم لە (ئاغ داشە)ەوە پێشڕەوی بکات. هەروەها مەلامستەفا بڕیاریدا کە خودی خۆی سەرکردایەتی یەکەم هێڕشی فیداکارانە بکات.

ڕۆژی9تاکو ڕۆژی11ی حوزەیران1947:


ڕۆژی9ی حوزەیران بەپێی پیلانێکی توکمە لە میحوەری (کلیس گەند)ەوە، مەلامستەفا بارزانی بەسەرکردایەتی میحوەرەکە و هەریەک لە (محەمەد ئەمین میرخان و مامەند مەسیح و مستۆ جادر میرۆزی) هاوکاری بوون، لەهەمان کاتدا لە میحوەری (ئاغ داش)ەوە، بەسەرکردایەتی ئەسعەد خۆشەوی و هاوکاری یەریەک لە (سالح کانیە لینجی و سەعید وڵی بەگ)،لە لایەن بارزانی و هەڤاڵانی کوتوپڕ لە هەردوو میحوەرەوە هێڕش کرایە سەر سوپای ئێران لە چیای (سوسوز) و دەشتی (ماکۆ). لەم شەڕەدا بارزانی و هەڤاڵانی لە داستانێکی بێ وێنەی شەڕو فیداکاری ئەوپەڕی پاڵەوانییان نواند و بەسەر هێزی دوژمندا سەرکەوتن کە لە ژمارە و چەک زۆر زۆرتر بوون لە ژمارە و چەکەکان بارزانی و هەڤاڵانی. تۆپۆگرافی ئەو دەڤەرە لەبەرژەوەندی سوپای ئێراندا بوو، چونکە دەرفەتی ئەوەیان هەبوو تانک و تۆپ و فڕۆکە بەکاربهێنن، هێزێکی زۆری سەرباز و تانک و زرێپۆش و تۆپیان لەوێ تەنی بوو ، زۆر بە توکمەیی پردی (ماکۆ)ی سەر ڕووباری (زەنگی)یان داگیر کردبوو، بەنیازی ئەوەی کە دوا هەلیانە کە بارزانی و هەڤاڵانی لەناو ببەن و نەهێڵن بگەنە سنووری یەکێتی سۆڤیەت. ئەم شەڕە دوو ڕۆژ بەردەوام بوو، بارزانی و هەڤاڵانی ئەوپەڕی پاڵەوانی و قارەمانێتییان نواند. شەوی 11ی حوزەیرانی 1947پێشمەرگەکانی بارزانی پاش شەڕێکی پاڵەوانانەی دەستەو یەخە، دەستیان گرت بەسەر پردی (ماکۆ) و بەسەر ڕووباری (زەنگی) پەڕینەوە و بەرەو گوندی (هاسون) پێشڕەویان کرد. لەم شەڕەدا بەسەدان سەربازی ئێرانی کوژران و بریندار بوون، هەروەها پێشمەرگەکانی بارزانی ((271سەربازی سوپای ئێرانیان بە دیل گرت و ژمارەیەک تانک شکێنران و فڕوکەیەک خرایە خوارەوە و چەندین تۆپ تێک شکێنران، هەروەها بەسەدان تەقەنگ و پەنجا (هێستر)ی بارکراو بە ئازووقە و تەقەمەنی گیران. زیانی هەڤاڵانی بارزانی لەم شەڕەدا چوار شەهید و چوارده بریندار بوو. ())).(7مسعود بارزانی: البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه/ج.1ص255)).

پاش تەواو بوونی شەڕەکە دیلەکان ئازاد کران، چونکە بوونی ئەو دیلانە لە دەستی پێشمەرگەکانی بارزانی پێویست نەبوو، بەڵکو ئاستەنگی ڕێچوونەکەیان بوو، بۆیە ئازاد کران.

ڕۆژی12ی حوزەیران1947:

پاش تەواو بوونی شەڕ بە سەرکەوتنی بارزانی و هەڤاڵانی. بەرەبەیانی ئەم ڕۆژە، بارزانی و هەڤاڵانی گەیشتنە گوندی (هاسون) و لە سوپای ئێران دوور کەوتنەوە. گوندی (هاسون) دەکەوێتە باکوری (ماکۆ) ئەم گوندە سەر بە عەشیرەتی (جەلالی)یە. بەڵام بەداخەوە ئاغای ئەم عەشیرەتە (عومەر ئاغا جەلالی) خیانەتی لە بارزانی و هەڤاڵانی کرد، دەکرێ بڵێین ئەم عەشیرەتە و ئاغاکەیان تەنها عەشیرەتی کورد بوون کە خانەتی نیشتیمانییان لە بارزانی و هەڤاڵانی کرد بە درێژایی ڕێچوونی بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت.





ڕێڕەوی بارزانیی نەمر و هە ڤاڵانی
بۆ یەکێتی سۆڤییەت 18-21ی حوزەیرانی 1974

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای عروان عدنان گوران جۆری ئۆتۆمبێل: کیا سورینتو استیشن ئۆتوماتیک ٤ بستون رەنگ سپی مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٦٨٠٧٩ کاتی سلێمان ژمارەی شاسی: OXYPG٤A٣١JG٣٤٥٥٧٥ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ژ بیرکرن

ژ بیرکرن د روژنامـا خەبـات دا یـا ژمـارە ٥٩٥٢ ل ٢٠٢٠/٦/١٤ بەریّوەبەرایەتـی جێبەجێکردنـێ سـێمێل ژمـارە ٢٠١٩/ت/١٥٣١ ل ٢٠٢٠/٣/٨ ب شاشـیڤە جێبەجێکـارێ دادا/ ریـبـر سـلـمان خالـد ژ بیـر کریـە و نەدانایـە بـو زانیـن.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٩/٣٩٧٥

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٥/١٧

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتـی جێبەجێکردنـی هەولێـر لـە دۆسـیەی جێبەجێکردنـی ژمـارە (٢٠١٩/٣٩٧٥) ئامێـری جوانـکاری ئافرەتـان قـەرزار (شـیرین محمـد سـلیم) بەلێـك زیادکردنـی ئاشـکرا دەفرۆشـێت لەجیاتـی قـەرزی (جهانگیـر صبـاح شـکری) کـە بـڕی ٣٧,٥٠٠ $ دۆلار) دینـارە هەرکەسـێ ئـارەزووی کرینـی دەکات لـە مـاوەی (٣) سـێ رۆژ لـە رۆژی دوای بڵاوکردنـەوە ئاگادارییـە ئامادەبێـت لـەم بەڕێوەبەرایەتیـە وە دەڵالیەکـەش لەئەسـتۆی کریـارە و پشـکەکانی کۆمپانیـا بەبـڕی (٥٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن) دینـار قرسـاوە.

سـێ ئامێـری جوانـکاری ئافرەتـان مارکـەی MDF.

جێبەجێکاری داد

هەردی حمدامین همزه

***

دادگای باری کەسی رواندز

ژمارە : ٢٣/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت : ٢٠٢٠/٦/١١

ب/جاردان

بۆ/ داوالێکراو (حکیم عبدالرحمن محمد)

شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە

داواکار (تاقگـە جبـار قـادر) ی خێزانـت داوای ژمـارە (٢٣/ش/٢٠٢٠) لـەم دادگایـە لەسـەرەت تۆمـار کـردووە کـە تیـادا داوای جیابوونـەوە دەکات و لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشتەجێبوونت نادیـارە بۆیـە درا بـە پێراگەیاندنت بـە هـۆی دوو رۆژنامـەی رۆژئـاوا بـۆ ئامادەبوونـت لـە بەرواری (٢٠٢٠/٦/٢٤) یاخـود بریـکارت بـە پێچەوانـەوە دادبینـی پاشـملە و ئاشـکرا دەرهەقـت دەکرێـت بـە پێـی یاسـا.

دادەر/ بلال غازی کاك أمین

***

دادگای باری کەسی رواندز

ژمارە : ٢٤/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت : ٢٠٢٠/٦/١١

ب/جاردان

بۆ/ داوالێکراو (حکیم عبدالرحمن محمد)

شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە

داواکار (تاقگـە جبـار قـادر) ی خێزانـت داوای ژمـارە (٢٤/ش/٢٠٢٠) لـەم دادگایـە لەسـەرەت تۆمـار کـردووە کـە تیـادا داوای بژێـوی دەکات و لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشتەجێبوونت نادیـارە بۆیـە بریـار درا بـە پێراگەیاندنت بـە هـۆی دوو رۆژنامـەی رۆژئـاوا بـۆ ئامادەبوونـت لـە بەرواری (٢٠٢٠/٦/٢٤) یاخـود بریـکارت بـە پێچەوانـەوە دادبینـی پاشـملە و ئاشـکرا دەرهەقـت دەکرێـت بـە پێـی یاسـا.

دادەر/ بلال غازی کاك أمین

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٧

بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (شـاکر حسـین عبدالـلـە ٥٠٪ و جزیـری عثـمان عبدالـلـە ٥٠٪) لـە بـەرواری ٢٠٢٠/٦/١٦ کـە داوای تۆمارکردنـی ئامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی وئێسـتا دانـدراوە لـە (پ.باشـوور) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە، بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا، واتـە ڕۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە، وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازییـوون بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار، بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بڕوانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

نامێرەکان:

١- دووانـە جاروشـەی عەلـەف دروسـتکردن ژمـارە/ ٢١١١٩١٩ و ٢١١١٩٢٠ دروسـتکراوی خۆمالـی جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای ٣٠*K.W٢.

٢- مۆلیـدەی کارەبـا ژمـارە/ ٢١١١٩٢١ دروسـتکراوی ئینگلیـزی جـۆری سـوتەمەنی گازوائیـل توانـای K.V.A٤٠.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٧

بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (خالـص یاسـین علـی) لـە بـەرواری ٢٠٢٠/٦/١٦ کـە داوای تۆمارکردنـی نامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی وئێسـتا دانـدراوە لـە (پ.باشـوور) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە، بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە ڕێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە ڕۆژدا، واتـە ڕۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە، وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو ناڕازییـوون بۆمـاوەی حـەوت ڕۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار، بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بڕوانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

نامێرەکان:

١- نامێـری پلێـت برێـن ژمـارە/ ٢٦٠٠ دروسـتکراوی ئینگلیـزی مۆدێـل ١٩٨٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای ١ ئەمپێـر.

٢- دووانـە درێلـی دەسـتی ژمـارە/ E٤٦٩٦٩ - ٢٦٠٠ دروسـتکراوی یابانـی مۆدێـل ١٩٨٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای ٢*٢/١ئەمپێـر.

٣- چواردانـە کـۆرەی دەسـتی ژمـارە/ ٢١١١٥١ – ١٢٤٨٨٠ – ٢٥٢٨٩E - ٤١٠٣٠٤ دروسـتکراوی یابانـی مۆدێـل ١٩٨٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای ٤*٢/١ئەمپێـر.

٤- کەتـەری برینـی ئاسـن بچـوك هیتاشـی بـێ ژمـارە دروسـتکراوی یابانـی مۆدێـل ١٩٨٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٠,٧٥.

٥- دووانـە لحیم ولـدن بێ ژمـارەن دروسـتکراوی عیراقـی مۆدێـل ١٩٨٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای ٣٠*٢ ئەمپێر.

٦- کۆسـەرەی جێگیـر (دوانـی) ژمـارە/ E٢٢٧٧١ دروسـتکراوی یابانـی مۆدێـل ١٩٨٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای ٢*٢/١ئەمپێـر.

٧- درێلی سـتوونی کونکردن ژمـارە/٠٢١٣٦٤/٩٠٤ دروسـتکراوی تورکـی مۆدێـل ١٩٨٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٠,٧٥.

٨- کەتـەری برینـی ئاسـن ٧,٥ ژمـارە/ ٩٠٤١٩٨ دروسـتکراوی خۆمالـی مۆدێـل ١٩٨٩ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٧,٥.

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٢

ژمارە: ٦٩٥/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٠

ئاگانامە

داواکار/ ناسکە علی کریم

داوالەسەرکراو/ دیاری نجیب مصطفی

داواکار (ناسـکە علـی کریـم) داوایەکـی بەژمـارە (٦٩٥/ش/٢٠٢٠) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرت وە لـەم داوایـە داوای (جیابوونـەوەی دادەوەری بەهـۆکاری جێهێشـتنی بـێ پاسـاوی مێـرد) دەکات وە لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوونت بەگوێـرەی باسـی پێراگەیەنـەر و پشـتگیری موختـار دادگا بریاریـدا ئاگادارتـان بکاتـەوە بەهـۆی دوو رۆژنامـەی ناوخـۆی رۆژانـە وە ئامادەبوونتـان لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـەڕۆژی دادبینـی کـە دەکەوێتـە ٢٠٢٠/٧/٢٧ سـەعات ٩:٠٠ی سـەر لەبەیانـی بەپێچەوانـەوە خۆتـان ئامـادە نەبـن یـان بریـکار نەتیـرن، ئـەوا دادگا بـە (ئامادەیـی – غیابـی) داواکـە ئەبینـێ بەپێـی یاسـا.

دادەر/ د. طه عمر رشید

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣

ژمارە: ٩٢٢/ت/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠٢٠/٣/٤

بۆ/ تاوانبار/ میران سیروان اسماعیل

ئاگاداری

لەبـەر ئـەوەی ئامادەنەبوویـت لـەڕۆژی دادگایـی کردنـت لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/٢/٢٧ سـەرەڕای ئاگادارکردنـەوەت لـە ڕۆژنامەکانـی ناوخـۆدا لەبـەر ئـەوەی دادگایـی کرایـت بـە (ئامادەنەبـوون) بەشـێوەی ئاشـکرا لـەداوای تاوانـی ژمـارە ٤٤٤/شەشـەم لەیاسـای سـزادان ژمـارە (١١١) سـاڵی ١٩٦٩ بـە دەڵالەتـی ماددەکانـی ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ لـە هەمان یاسا حوکم درا بەسـەرتا حەپسـی سـوك (٦) شـەش سـاڵ. وە فەرمانـی گرتنـت درا وە بـۆت هەیـە خـۆت تەسـلیم بکەیـت بـەم دادگایـە یـان بەنزیکتریـن بنکـەی پۆلیسـی وە مافـی (اعـتـراض)ت هەیـە لـەم بریـارە بەگوێـرەی یاسـا.

دادەر/احمد حجی داهر

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە/ ٨/م/٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٨

جارِدان

بۆ داوالێکراو: جونسـون کورکیس ناصر شـوێنی نیشـتەجێبوون نادیـار

داواکار (الـس موسـی نیسـان) داوای ژمـارە ٨/م/٢٠٢٠ لـە سـەرت تۆمارکـردووە تێـدا داوای (تثبیـت الحضانـە) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری گەرەکـی مارعـودا بۆیـە دادگا بریاریـدا بـە پێراگەیاندنـت لـە ڕێگـەی دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دەربچێـت بـۆ ئامادەبوونـت لـە ڕۆژی دادبینـی ٢٠٢٠/٧/٥ کاتژمێـر ٩ی بەیانـی ئەگەرنـا دادبینـی دەرهەقتـان بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت بەپێـی یاسـا.

دادەر/ تەرزە سالار عثمان

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە/ ٢٠١٧/٣٦٠٦

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/١٧

ئاگاداری

بۆ/ قەرزار سەربەست بایز عباس

لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوون و نیشـتەنی هەمیشـەیی و کاتـی بـۆ پێراگەیاندنتـان بۆیـە لـە ڕێـگای ڕۆژنامـەی ناوخـۆ ئاگادارتـان دەکەیـن بـە مەبەسـتی ئاگادارێتـان بـە خەملاندنـی لـە مولکـی ژمـارە (١٤١/٣٣)ك٤٥ وارش خەملاندنـی بـۆ کـراوە بەبـڕی ٣,٣٣٢,٢٤٢,٠٠٠ سـێ ملیـارو سـێ سـەدو سـی و دوو ملیـۆن و دوو سـەد و چـل و دوو هـەزار دینـار دەفرۆشـرێت.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

***

سەرۆکاتیا باژێڕڤانیا ئاکرێ

مولك و زەڤی و زار

ژمارە/ ٣٣٤/٣٥/٣٥

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/١٧

ئاگاداری

ئاگاهداریـا هەڤوڵاتیێـن بەرێـز دکەیـن کـو سـەر ئێـك زێدەکرنـا ئاشـکرا یـا هـەی ژ بـو کرێدانـا ٤ چـار پێشـانگەهێن ترومبێـلا بێـن ئاڤاکـری ئەوێـن ل خـارێ دیـار بـۆ مـاوێ ٣ سـێ سـالا ل دیـف یاسـا فروتـن و کـرێ دانـا مولکێـن دەولەتـێ ژمـارە ٣٢ ل سـالا ١٩٨٦ لەومـا هەرکەسـەکێ بڤێـت بەشـداریێ دڤـێ سـەر ئێـك زێدەکرنـێ دا بکـەت بـلا داخوازیێـن خـو دگـەل دابینکرنـا کوڤـرێ ٢٠٪ وەك بارمتـە ژ بهایێـی خەملاندنـێ بـو هەمـی مـاوێ گرێبەسـتی بـۆ سـەروکاتیا باژێڕڤانیـا ئاکرێ پێشـکەش بکـەت لـە مـاوێ ١٥ ڕۆژا ل ڕۆژا بەلاڤکرنـا ڤـێ ئاگەهدارێنـی ئـەڤ سـەر ئێـك زێدەکرنـە دێ هێتـە کـرن لـە دەمژمێـر ١٠ دەهـی پێـش نیڤـرا ل دیوانـا سـەروکاتیا باژێڕڤانیـا ئاکرێ و هەرکەسـێ بـو بکەڤێـت دێ بهایـێ بەلاڤکرنـێ و هەمـی خەرجییـن پێتڤـی کەڤنـە سـتوینێ وی.

١- پارچـە ئـەرد ١/٢٠٠٥، ڕووبـەر ١٠٥٠م٢ ، پێکهاتـی ٨ دکان، گـورەپـان ، هـول جهـێ نڤێـژا، کارگێـری، بهایـێ خەملاندنـێ بـۆ هـە هـە سـالەکی ١٥,٠٠٠,٠٠٠، بارمتـە ٩,٠٠٠,٠٠٠.

٢- پارچـە ئـەرد ١/٢٠٠٧، ڕووبـەر ٩٧٥م٢ ، پێکهاتـی ٣ دکان، گـورەپـان ، هـول جهـێ نڤێـژا، کارگێـری، بهایـێ خەملاندنـێ بـۆ هـە سـالەکی ١٠,٠٠٠,٠٠٠، بارمتـە ٦,٠٠٠,٠٠٠.

٣- پارچـە ئـەرد ١/٢٠٠٩، ڕووبـەر ٩٥٠م٢ ، پێکهاتـی گـورەپـان ، هـول جهـێ نڤێـژا، کارگێـری، بهایـێ خەملاندنـێ بـۆ هـە سـالەکی ٨,٠٠٠,٠٠٠، بارمتـە ٤,٨٠٠,٠٠٠.

٤- پارچـە ئـەرد ١/٢٠١٣، ڕووبـەر ١٠٠٠م٢ ، پێکهاتـی گـورەپـان ، هـول جهـێ نڤێـژا، کارگێـری، بهایـێ خەملاندنـێ بـۆ هـە سـالەکی ١٢,٠٠٠,٠٠٠، بارمتـە ٧,٢٠٠,٠٠٠.

بلند رضا زبیر

سەرۆکێ باژێڕڤانیا ئاکرێ

***

دائرة الكاتب العدل أربيل أولى

شعبة الإنذار و الحجز

عدد/ ١٣٧١/٧

تاريخ/ ٢٠٢٠/٦/١٥

نشر الإنذار

المنذر (المحامي ثامر أنور ناصر الوكيل السيد (كامران كمال علي) المدير المفوض لشركة SUPER LERA

المنذر اليه (ماجد جمعة وجر)

قد وجه اليك الإنذار المرقم ٩٨/٦٤٠٩٧ في ٢٠١٩/١٢/٩ من قبل السيد (المحامي ثامر أنور ناصر الوكيل السيد (كامران كمال علي) المدير المفوض لشركة SUPER LERA

لغرض الانذاركم و حضوركم في مقر الشركة الكائن في أربيل و ذالك لتصفيه أرباح الشركة لعامي ٢٠١٧/٢٠١٦ خلال ٧ سبعة أيام من تاريخ تبليغكم بهذا الإنذار كونكم قد استحوذتم على أرباح الشركة لعامين المذكورين أعلاه و بما انك مجهول الإقامة حسب اشعار امين محلة ٥١٨ قسم/ ب حي جميلة في بغداد في ٢٠٢٠/٢/٢٠ لذا ننشر لكم و بشكل رسمي فيجريدتين يوميتين.

مريوان قرةني إبراهيم

كاتب عدل الأول في دائرة الكاتب

العدل أربيل الأولى

***

ئاگاداری

وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری هەڵدەسـتێت بـە فرۆشـتنی بەشـی گەنجینـە لـە مولکـی ژمـارە (٧/١٢٨) ك کێسـتە/ زاخـۆ بـە ڕووبـەری (٩٤ و ٤٦١)م٢ بـە زیـاد کردنـی ناشـکرا بـە پێـی بـاری (٧٨١) سـاڵی ١٩٨٣ بڕگـەی ٤ و ٥ پاڵپشـت بـە یاسـایی ٣٢ سـاڵی ١٩٨٦ هەمواركـراو ڕێنمایـی دارایـی ژمـارە (٥) ی سـاڵی ١٩٨٦ جـا هـەر کەسـێك نـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە لـە زیادکردنەکـە سـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی خانووبـەرەی میـری لـە دەهـۆك بـدات لـە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ کـە دەسـت پـێ دەکات لـە ڕۆژی دوای بڵاوکردنـەوەی سـەعات (١٠) ی سـەر لـە بەیانـی بـە مەرجێـك بارمتـەی یاسـایی (٢٠٪) یەدەگـی پێـی بێـت لەبـری پـارەی خەملێنـراو گشـت خەرجیەکانـی فرۆشـتنیش لـە ئەسـتۆی کریـارە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگەها بەرایی دهوك

ژمارە/٥٩/ب/٢٠٢٠

ڕێکەوت/١٦/٦/٢٠٢٠

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکـری (هیـلان عبدالسـلام محمـد) جهـێ ئاکنجیـێ وێ نەدیـارە ژیـەر داوای داوکار ئـەوا لسـەر تـە هاتیـە تۆمارکـرن بەرامبـەر ئەڤـی دادگەهـێ ژلایـێ داوکار (مؤیـد عبدالهـادی عبدالوهـاب) ئـەوا داخـاز دکـەت هەلوەشـاندنا پارچـا ئـەردی ژمـارە (٣٩٤/٢٩) کەرتـێ ٨١ دهوکا باکور) وژیـەر کـو جهـێ ئاکنجییوونـا تـە نەدیـارە ل دیـف ڕاپـورتا موختـاری تاخـێ دابیـن ١ ل ٢٠٢٠/١/١٥ دادگەهـێ بریـاردا تـو بهێـی یـە ئاگەهدارکـرن بریـکا دوو روژنامێـن نافخویـی لدویـف مـادێ (٢١) ل یاسـایا دادبینیـا شارسـتانی بـۆ ئامادەبوونـێ بەرامبـەر ئەڤـی دادگەهـێ دەم ژمیـر (٩,٠٠)ی سـپێدێ روژا ٢٠٢٠/٦/٢٣ وئەگـەر ئامادەنەبـی یـان بریکارەکـێ پیـش خوڤـە نـە هنێـری دێ دادبینـی بێـی ئامادەبونانـە وئاشـکرایی بریڤـە چیـت وەلدیـڤ یاسـایی

دادەر / عزیز محمد سعید

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ١٢٧/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٦/١٦

ئاگەهداری

بـۆ داوالیکـەراو (بروین احمـد اسـماعیل زاده) جهـی ئاکنجـی بوونـێ نەدیـارە داواکار (مرتضـی رجـب کـرم) رابویـە ب داوا شـەرعی ئـەوا ژمـارا وێ ل سـەری دیارکـری ل بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ تێـدا داخـازا گوێرایەلـی (مطاوعـە) تـە بـوی وزفراندنـا تـە بـو مـالا هەڤژنیـێ وژیـەر کـو جهـێ ئاکنجـی بوونـا تـە نەدیـارە لدویـف ئاگادارییـا هەلبژیـر ودەسـتەکا هەلبژارتنـا ل قـەزا سـێمێلێ کومەلگەهـا تەنهـی تاخـێ دزکـی لـەورا بریـار هاتـە دان ئاگەهدارکرنـا تـە بێتـە کـرن ل دوو روژنامەیـێن روژا نەبیـێ نافخویـێ کـو ئامادەبـێ ل بەرامبـەر ڤـی دادگەهـی ل دەمژمیـر (١٠) سـپیدەهیا روژا ٢٠٢٠/٧/٢٧ ول بەرۆفـاژی ڤـی جەنـدی دادبینـی ل دەرهەقـێ تـەدا ب نەئامادەیـی وئاشـکرایێ هیتـە کـرن

دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

فەرمانگەی دادنووسی چوارقورنە

ئاگاداری

تۆمارکردنی ئامێر(کارگەی ئەفرەند بۆ

دروستکردنی پاککەرەوەکان/ پرۆژەی بچووك).

بـە گوێـرەی داواکاری لەلایـەن بەڕێـز(عوسـمان حمـد رسـول) لـە بـەرواری (٢٠٢٠/٦/١٦) کـە تێیـدا داوای کـردووە ئـەم ئامێرانـە بـە ناوێـەوە تۆمـار بکرێـت. هەرکەسـێك پەیوەنـدی هەیـە پێیانـەوە، بـا بێتـە لامـان وە بەڵگـەی ڕەسـمی بهێنێـت تاوەکـو مـاوەی (١٥) ڕۆژ لـە بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـەوە لـەم ڕۆژنامەیـەدا تاوەکـو کارەکـەی ڕابگـرین، بـە پێچەوانـەوە ئێمـە ناچـار دەبیـن کـە ئـەم ئامێرانـە تۆمـار بکەیـن بـە ناوێـەوە بـە گوێـرەی پەیرەوکردنـی تۆمارکردنـی ئامێـر ژمـارە(٦٥) ی سـاڵی (١٩٥٢) وە بروانامـەی تۆمارکردنـی دەدرێـتـێ.

ئامێرەکان:

١- ئامێـری دروسـتکردی فـاس، بـە کارەبـا کارەکات بـە ژمـارە(١٧٩٠٠١)

٢- ئامێـری تێکردنـی زاهـی، بـە کارەبـا کاردەکات. بـە ژمـارە(١٧٩٠٠٠)

٣- ئامێـری لێدانـی لەزگـە و بـەروار، بـە کارەبـا کار دەکات. بـە ژمـارە(١٧٩٠٠٣)

٤- کۆمپرێسـەری هـەوا، بـە کارەبـا کاردەکات. بـە ژمـارە(٢٠١٨١٠٠١٣)

٥- ئامێـری دروسـتکردنی دەبـە و تێکردنـی هەوا(نفـخ)، بـە کارەبـا کاردەکات بـە ژمـارە((RB٢٥٨.

دادنووس / هێمن عبدالله محمدامین

***

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (Twist) بـۆ خزمەتگـوزاری بەڕووبوومـە نەوتیـەکان) بریـاری گۆڕینـی (نـاوی)ی کۆمپانیـای داوە لـە کۆمپانیـای (Twist) بـۆ کۆمپانیـای (گازیـن)، بۆیـە هـەر کەسـێك نارەزایـی یـان مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی سـەردانی بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٢٠٨٦٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (میرکادو) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (میـرکادو) بـۆ بازرگانـی گشـتی/سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/١١/١٩) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (احمـد نـوری عبـد) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو، مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٦٠٤٢

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٦

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هەژەند)

بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (هەژەنـد) بـۆ بازرگانـی گشتی/سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠٢٠/٦/٩) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (نیسـان خانـو سـلیم) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو، مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٦

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (هەژەنـد) بـۆ بازرگانـی گشـتی/ سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاکتـاوکار بکاتـەوە لـە (پارێـزگای هەولێـر)

پاکتاوکار/ پارێزەر/ نیسان خانو سلیم

ناونیشان/ ژووری پارێزەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٧٣٤١٥١

ئیمیل: gmail.com@nissansaleem١

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (میـرکادو) بـۆ بازرگانـی گشـتی/ سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاکتـاوکار بکاتـەوە لـە (پارێـزگای هەولێـر)

پاکتاوکار/ احمد نوری عبد

ناونیشان/ کوردستان ستی/ بحرکه

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥١٢٣٢٢٤٩٥

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/18 ژمارە (5956)
خەبات

ڕێنمایی بۆ خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-19)

- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەپێستی ساغ تێناپەڕێت و تا 10 خولەك لەسەر پێست زیندووە، بۆیە گەر دەستەوانەتان لەدەست نییە دوودڵ مەبن تەنیا دەست لە دەمولوتی خۆتان مەدەن.
- ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید_19) لەسەر پارچە قوماش 6 تا 12 کاتژمێر و ئاسن 12 تا 20 کاتژمێر و لەسەر ستیل تا 20 ڕۆژ بەزیندوویی دەمێنێتەوە.
- ئەم ڤایرۆسە تا 60 پلە ژێر سفر زیندووە، بەڵام لەگەرمای سەروی 30 پلە دەمرێت، بۆیە باشتر وایە شوشتن و خاوێن کردنەوەکان بەئاوی گەرم بێت.
- کۆرۆنا بە ئاوی گەرم و پاککەرەوەکانی ماڵەوە لە ناو دەچێت.
- بە هیچ شێوەیەك ئاوی سارد و خواردنی سارد مەخون، ئاوی گەرم قاوەی گەرم خواردنەوەی گەرم بخۆنەوە.
- شوێنی گردبونەوەی سەرەکی ئەم ڤایرۆسە لەناولوتە، بۆیە هەردەم لوتتان بە ئاوی گەرم بشۆن.
- شوێنی ژیان و کارتان با هەوا گۆرکێی هەبێت.
- لە ڕۆژدا چەندین جار بۆ ماوەی 10 تا 15 چرکە هەناسەتان بگرن و بیدەنەوە، گەر کۆکە یان تەنگە نەفەسیتان هەبوو پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەن.
- کاتی پژمین و کۆکە تا پێتان دەکرێت لەکەسانی تر دوور کەونەوەوە.
- دوای شوشتنی دەستەکانتان گەر بۆ شوێنی گوماناوی ناڕۆن پێویستە بەکرێم یان ڤازلین چەور بکرێت تاوەکو توشی ئەگزیمای پێست نەبن.
- جلوبەرگ وا باشە لەبەرتیشکی هەتاو یان سۆپا وشك بکرێتەوە.

ڕێگەکانی گواستنەوەی کۆرۆنا



1 - گواستنەوەی ڕاستەوخۆ لەدەمی نەخۆشەوە بەهۆی پژمین یان کۆکین.
2 - گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ (بەهۆی دەست لێدان لە کەلوپەل یان دەم و چاو).
3 - تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تووشبووان.
4 - خواردنی چێشتێك کە باش نەکوڵابێت.

چۆنیەتی خۆپاراستن


شوشتنی دەست بەئاو و سابوون بەبەردەمی


داپۆشینی دەم و لوت لەکاتی پژمین و کۆکیندا


کوڵاندنی خواردن بەباشی


دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی نیشانەکانی کۆکین و پژمین و تەنگەنەفەسیان هەیە

نیشانەکانی تووشبوون


بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جەستە


کۆکە و پژمین


تەنگەنەفەسی

شێوازی دروستی پۆشینی ماسك


دەم و لووت بەتەواوەتی داپۆشێ


ماسك تەنها یەکجار بەکاربهێنە


لەکاتی پۆشینی ماسکدا دەستی لێمەدە


ماسکەکەت بگۆڕە ئەگەر شێداربوو


هەرگیز ماسکی قوماش بەکارمەهێنە


دوای لابردنی ماسك دەستت بەئاو و سابوون بشۆ

کەی پێویستە دەست بشۆین؟



شێوازی دروستی دەست شووشتن



سابوون بخەرە سەر دەستت



دەستەکانت بخەرە سەریەك



دەستەکانت لێك بخشێنە و ناو پەنجەکانت بیر نەچێت



بەپەنجەکانی دەستی ڕاست پشتی دەستی چەپ و ناو پەنجەکانی بشۆ (بۆ هەردوو دەست)



چواردەووری پەنجەکان بەناو لەپ بشۆ



بەسەر پەنجەکانی دەستی ڕاست ناو لەپی دەستی چەپ بشۆ (بۆ هەردوو دەست)




دەستەکانت ووشك بکەرەوە

ئۆرهان پامۆک تورکەکان لە ئەردۆگان ئاگادارەدەکاتەوە



نووسینی: حەسونە موسباحی
وەرگێڕانی: ئاکۆ عەبدوڵا

بەو دواییە رۆمانی (ئیشفیت و کورەکانی) م خوێندەوە کە یەکەم رۆمانی ئۆرهان پامۆکە و بە هەناسەیەکی واقیعیانە و لە سەر ستایلی بلزاک و ستاندال و نەجیب مەحفوز لە کارە سێیانیەکەی نووسیویەتی. تێیدا وێنەی خانەوادەیەکی بورژوازی لە شاری ئیستەنبول بە درێژایی سێ نەوە کێشاوە. رووداوەکانی ئەو رۆمانە لە سالی 1905دەستپێدەکات، واتا لەو کاتەی کە دەستەیەکی روناکبیری تورکی لە سولتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی هەڵگەڕانەوە و تا سالی 1970دەخایەنێ، واتا لەو کاتەی سوپا بۆ زاڵبوون بەسەر دەسەلات، کودێتای سەربازی کرد. ئۆرهان پامۆک دەڵێت ئامانجی لەو رۆمانە کێشانی تایبەتمەندییەکانی بورژوازی تورکییە کە هاوپەیمانی کەمال ئەتاتورک بوو، وەک ئەویش (لائیکی)* بوو، سەرسامی کەلتوری رۆژئاواشبوو، بۆیە لە یەکەم کۆماری تورکیادا پشتیوانی هەموو هەنگاوە نوێخوازی و چاکسازیەکانی کرد.



لەگەڵ ئەو هێز و پتەوییەی کە چینی بۆرژوازی تورکی لەو ماوەیە نیشانیدا و ئەو رۆڵە ئەرێنییەش کە نواندی، کەچی لایەنی لاوازی و نیشانەی نەرێنییشی دەرکەوت، بەتایبەتیش لە مامەڵەکردنی لەگەڵ چینی هەژاران و دوورەپەرێزخراوان، نمونە بۆ ئەوە خۆپەرستانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو چینانە دەکرد، بەتەواویش قینی خۆی بۆ دەردەبڕی، وەک ئەوەی چینی ئارستۆکراتی لە سەردەمی عوسمانی دەیکرد. هەروەها پێی باشبوو پشت بە سوپا ببەستێ، رەخنەشی لە گەل دەگەرت، بە هۆی دوو دڵبوونی لە قبوڵکردنی چاکسازییە نوێیەکان.
ئۆرهان پامۆک ئاماژە بەوەدەدات لەو ناوەندە بۆرژوازیە پەروەردەبووە، بۆیە لەو رۆمانەیدا توانیویەتی بچێتە ناخی ئەو چینە. هەروەها پامۆک باس لە ململانێی نێوان کەلتوری رۆژهەڵات و کەلتوری رۆژئاوا لە تورکیا دەکات و دەڵی (تورکیای هاوچەرخ پشت ئەستورە بە ئارەزوویەکی بەهێز بۆ نوێخوازی و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و لە نزیکبوونەوە لە ئەورووپا و کەلتورەکەی، بەڵام ئەو ئارەزووە بەگشتی هەستکردن بە بێهێزی لە گەیشتن پێی و ئەنجامدانی، هاوکاریەتی. بۆیە لەنێوان دەوڵەمەندان و هەژاران کەنگەڵانە قوڵەکە وەک خۆی ماوە).
هەروەها پامۆک وەها دەبینێ هێزە موحافیزکارە سەرسەختەکان بۆ رابردوو کە ئێستا ئەردۆگان نوێنەرایەتی دەکات، لاوازی بورژوازی تورکی و دوو دڵی و بێهێزیەکەی لە رامانێنی کەنگەڵانی نێوان دانیشتوانی شار و دانیشتوانی گوندەکانی ئیستیغلالکردووە.
لە زۆربەی راگەیاندنەکانیشیدا پامۆک رەخنەی لە سیاسەتی ئەردۆگان گرتووە و دەڵێ ژمارەیەک لەو رووداوانەی بەو دواییە تورکیا بەخۆیەوەبینی، بەبێ گومان بەڵگەنە لە بێهێزی ئەو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات. هەر کاتێکیش خۆی و حکومەتەکەی لەبەردەم تەنگەبەری سەخت ببینێ، پەنا بۆ تووندوتیژی و رەقی دەبات. هەروەها بەردەوام هەوڵی نوێکردنەوەی پەرتەوازەیی لە نێوان تورکەکان دەدات تاکو بتوانێ دەسەلاتەکەی بسەپێنێ و روبەڕووی نەیارە سیاسیەکانیشی بێتەوە.
بە (الشعبویە)** یش ناوببردووە. ئەمەو پامۆک لەو بڕوایەیە ئەردۆگان قینێکی گەورەی بۆ دەستەی نوێخوازی هەیە و بەتەواویش رەتیدەکاتەوە لەگەڵیاندا رێکبکەوێ، بەڵام بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، سەرکەوتنی حزبەکەی لە ماناوەی لە دەسەلات، بۆ ئەو قەڵەمبازە ئابووریە دەگەڕێتەوە کە وڵات لە ساڵانی دوایی بەخۆیەوەبینی.
هەروەها پامۆک وەها دەبینێ راستڕەوی کۆنەپەرستی رادیکالی بە بەهێزی پشتیوانی سیاسەتی ئەردۆگان دەکات کە لاوازی هێزە چەپڕەوەکانی ئیستیغلالکردووە بۆ بەستنی پێوەندی بەهێز لەگەڵ چینە هەژارە پابەندبووە بە ئایین و بە نەریتە کۆنەکان. ئەمەو پامۆک لەو بڕوایەشە نێستا وڵاتەکەی ناکۆکی و ململانێی سەخت بەخۆوە دەبینێ و رقی شاراوە و پەرتبوونی ناوخۆیش هەیە.
هەمو ئەوانەش دەبنە هۆی تەقینەوەیەک خەونەکانی ئەردۆگان رادەمالێ و سنوریش بۆ سیاسەتە زاڵگەرایەکەی (التسلطیە) و شەعبەویەکەی دادەنێت.

* لائیکی (Laic)یان عیلمانیەتی فەرەنسی، بەواتای جیاکردنەوەی ئایین لە کاروبارەکانی حکومەت دێت. - وەرگێڕ
** مەبەستی (Populism)ـە. وەرگێڕ
سەرچاوە: www.alarab.co.uk 1/7 /2017

کتێبی ئامۆژگارییە بچووکەکانی ژیان و سەرنجێک



سەدیق سەعید رواندزی

ئەگەرچی، ژمارەیەکی زۆر لە زمانزانانی ئێمە خەریکی کاری وەرگێڕانن لە زمانەکانی دیکەی دنیا، وەلێ گرنگە بزانین چی وەردەگێڕین و بۆچی وەریدەگێڕین. مەرج نییە هەر نووسەرێکی کورد کتێبێکی خوێندەوە و بەلایەوە سەرنج ڕاکێش بوو، ئیدی بڕیاری وەرگێڕانی بدات. یاخود مەرج نییە نووسەرێک یان زمانزانێک کاتێ کتێبێک دەخوێنێتەوە و دەبێتە جێی سەرنجی، ئیدی یەکڕاست بڕیاری وەرگێڕانی بدات، چونکە ڕەنگە ناوەڕۆکی هەموو کتێبێک، بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک و فەرهەنگێک گونجاو نەبێت. بەڵکو هەمیشە جیاوازی کولتووریی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی هەن، کە مەودایەک لە نێوان کۆمەڵگەکان جێدێڵن.
ڕەنگە کتێبێک بۆ خوێنەرێکی ئینگلیز شیاو بێت، وەلێ ناوەڕۆکی هەمان کتێب کاتێ دەکرێتە کوردی، مەرج نییە هەمان بایەخی بۆ خوێنەرێکی کورد هەبێت. لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە دەزگایەکی تایبەت بە وەرگێڕان نییە، ئیدی بەداخەوە جۆرێک لە بێ بەرنامەیی و گەڵەلاوژێ، بە وەرگێڕانەوە دیارە. نەبوونی ئەم دەزگا فەرمییە وایکردووە هەر دەزگایەک، بە ئارەزووی خۆی، کتێب هەڵبژێرێت و وەریبگێرێت. بەبێ ئەوەی ئەو پێوەرانە لە بەرچاوبن، کە ناوەڕۆکی کتێبەکان چەند لە گەڵ پاشخانی کولتووری و فەرهەنگی کۆمەڵگە دەگونجێن و پێویستن. چونکە مەرج نییە، ڕێنماییەک، ئامۆژگارییەک، بۆ خوێنەرێکی ئەمریکی شیاو بێت، بە هەمان شێوە بۆ کولتووری کوردیش گونجاو بێت. چونکە لێرەدا، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، ئایین، پاشخانی فەرهەنگی و پەروەردەیی کۆمەڵگە، ڕۆڵ دەبینن. بۆیە دەکرێت لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی بابەتەکاندا، ئەو لایەنە لە بەر چاو بگیرێت، کە ناوەڕۆکی کتێبەکە چەند لەگەڵ ئەو بۆرژوازیە پەروەردەبووە، بۆیە لەو رۆمانەیدا توانیویەتی بچێتە ناخی ئەو چینە. هەروەها پامۆک باس لە ململانێی نێوان کەلتوری رۆژهەڵات و کەلتوری رۆژئاوا لە تورکیا دەکات و دەڵی (تورکیای هاوچەرخ پشت ئەستورە بە ئارەزوویەکی بەهێز بۆ نوێخوازی و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و لە نزیکبوونەوە لە ئەورووپا و کەلتورەکەی، بەڵام ئەو ئارەزووە بەگشتی هەستکردن بە بێهێزی لە گەیشتن پێی و ئەنجامدانی، هاوکاریەتی. بۆیە لەنێوان دەوڵەمەندان و هەژاران کەنگەڵانە قوڵەکە وەک خۆی ماوە).
هەروەها پامۆک وەها دەبینێ هێزە موحافیزکارە سەرسەختەکان بۆ رابردوو کە ئێستا ئەردۆگان نوێنەرایەتی دەکات، لاوازی بورژوازی تورکی و دوو دڵی و بێهێزیەکەی لە رامانێنی کەنگەڵانی نێوان دانیشتوانی شار و دانیشتوانی گوندەکانی ئیستیغلالکردووە.
لە زۆربەی راگەیاندنەکانیشیدا پامۆک رەخنەی لە سیاسەتی ئەردۆگان گرتووە و دەڵێ ژمارەیەک لەو رووداوانەی بەو دواییە تورکیا بەخۆیەوەبینی، بەبێ گومان بەڵگەنە لە بێهێزی ئەو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات. هەر کاتێکیش خۆی و حکومەتەکەی لەبەردەم تەنگەبەری سەخت ببینێ، پەنا بۆ تووندوتیژی و رەقی دەبات. هەروەها بەردەوام هەوڵی نوێکردنەوەی پەرتەوازەیی لە نێوان تورکەکان دەدات تاکو بتوانێ دەسەلاتەکەی بسەپێنێ و روبەڕووی نەیارە سیاسیەکانیشی بێتەوە.
بە (الشعبویە)** یش ناوببردووە. ئەمەو پامۆک لەو بڕوایەیە ئەردۆگان قینێکی گەورەی بۆ دەستەی نوێخوازی هەیە و بەتەواویش رەتیدەکاتەوە لەگەڵیاندا رێکبکەوێ، بەڵام بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، سەرکەوتنی حزبەکەی لە ماناوەی لە دەسەلات، بۆ ئەو قەڵەمبازە ئابووریە دەگەڕێتەوە کە وڵات لە ساڵانی دوایی بەخۆیەوەبینی.
هەروەها پامۆک وەها دەبینێ راستڕەوی کۆنەپەرستی رادیکالی بە بەهێزی پشتیوانی سیاسەتی ئەردۆگان دەکات کە لاوازی هێزە چەپڕەوەکانی ئیستیغلالکردووە بۆ بەستنی پێوەندی بەهێز لەگەڵ چینە هەژارە پابەندبووە بە ئایین و بە نەریتە کۆنەکان. ئەمەو پامۆک لەو بڕوایەشە نێستا وڵاتەکەی ناکۆکی و ململانێی سەخت بەخۆوە دەبینێ و رقی شاراوە و پەرتبوونی ناوخۆیش هەیە.
هەمو ئەوانەش دەبنە هۆی تەقینەوەیەک خەونەکانی ئەردۆگان رادەمالێ و سنوریش بۆ سیاسەتە زاڵگەرایەکەی (التسلطیە) و شەعبەویەکەی دادەنێت.

* لائیکی (Laic)یان عیلمانیەتی فەرەنسی، بەواتای جیاکردنەوەی ئایین لە کاروبارەکانی حکومەت دێت. - وەرگێڕ
** مەبەستی (Populism)ـە. وەرگێڕ
سەرچاوە: www.alarab.co.uk 1/7 /2017



حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری



جەمال گردەسووری

بەشی پازدەهەم و کۆتایی

گولێ
ئاوخە کەچن گوریێ
سەت جار من گێ موسافیر بووم
لێ ناو چری
گوریێ
چاو بە کلێ
لێ تێرا عاقلێ
تە جووتەکا ڕاموسانا
کەیفا دلان من کەرەم کە
مەعلومە چاوا گورەکا من ڕەشترە
وەی دایین من گێ لە کانیا کلی
بەریێ گولێ دێ سەت جارا من گێ
وەزێ گوریێ هایین
گوریێ ئاخ لێ وەسگور حەما
کورێ لاوکێ سوندەکا دخۆم
بە قورئانە
بە قەسەمێ
بە شێخێ لە بەغدایێ
تو موسلمان بی لێ وەس فەلەمە ئاخ
بەریێ غەمێ مەخۆ
کولکیێ شینێ و
ئەزێ شەرت و قەرار ڕوحێ من کەتبی
چەکی گوریێ لێ دەستی تەمە تاوخە
پشتێ خۆراکا
بالیفەکێ لە توکی بەریێ نەعامێ
هەلە نێژی مەغریبێ
تا نێژی سبەینێ
منێ ڕابم سەریێ خۆ پێ کام
دەرابە دەماچی خۆ بووە
من شیرنێ شەکرێ خەو گرانێ
وەزێ قەفێ سمێلان سووسنێ
سۆر بوون لە خینان
ئەزێ ڕابم ئێدەگا
لە جەرگێ خۆم کەم
بەریێ ناکەم حوسێنێ ناکەم

بیبە حەلوایی موسلێ تەتام ناکەم
بیبە شێخی سەنعان
زیارەت ناکەم
لە پاش چاوێ سمایلێ دەلال
حوسێنێ ناکەم
بیبە شێخی سەنعان
زیارەت ناکەم
لە پاش چاوێ سمایلێ دەلال
مێرکوژێ دیوانان
گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ مێران
وەی دایین
شوو حەرام کەم و
بەرێ ئەسمەرێ
دەبێ کورێ سەت جاران من
گێ سمایلێ
ئاخ دلیین من پڕ بوو خەمێ
دنیایێ هایین، هایین، هایین، هایین
کورێ شیرنێ شەکەرێ
ڕوحی ئەسمەرێ
چاو بە کل ئێر برا
بێتە جێ بکەم
لێ بە ئارموشتن
لێ سۆرو زەرا
بەرێ وەسمەرێ
دەبێ کورێ حوسێن و سەبابێ
تەنەزانی بە ژنێ سمایلێ دەلال و هانە
هاتن چەلە هایین
لێ ڕحانێ کارتێ
منێ بت کەیفێ دلێ خۆ چاند بوو
لە دەشتی غەریبێ
وەختێ کولیک و نێرگزان
ئێ بە خودێ دەبێ راتێ
ئەزێ سوند خۆرێ مە
بە قورئان

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/6/18 ژمارە (5956)



لەگەڵ بەختە بارانەدا

بەدوای چارەنووسدا دەگەڕێین

حەیدەر عەبدولڕەحمان

پەشی یەکەم

سەرهەڵدانەوەی درامای کوردی، دوای ئەو بێدەنگییەی کە ماوەیەکی درێژی خایاند، خواستێکی گشتی جەماوەریی و نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، بەهۆی ئەو تەوژمە بە تینەی درامای بیانی، کە لەماوەی غیابی درامای کوردییەوە، رووی تێ کردین و بوو بەحاڵەتی ئەمری واقیع بەسەر کۆمەڵگای کوردییەوە، کۆمەڵێ ئاسەواری نەرێنی لەگەڵ خۆیدا بەجێ هێشت، چ لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، چ لەرووی دەروونییەوە، بەهیچ کلۆجێک لەگەڵ داب و نەریت و ڕەوشت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەی کورد هاوکوف نەبوون، زۆرێک لە گەنجانی ئێمەی بەلارێدا برد، بەڕەو ئاقارێکی بێ هودە، بۆیە سەرهەڵدانەوەی درامای کوردی بوو بەحاڵەتێکی زەرور و بەرپرسیاریەتێکی نەتەوەیی و ئەخلاقی بە سەر دام و دەزگا ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنەکان، کە ڕۆڵی کارای خۆیان ببینن لەپڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئەوەبوو هەردوو دەزگای (ئاڤا) و (کورد ماکس) دەست پێشخەر بوون، بۆ بەرهەم هێنانی هەردوو زنجیرەی (بەختە بارانە) ی د. نیاز لەتیف و (دوا شەو) ی دەرهێنەر (کاروخ ئیبراهیم)، بەڵام ئاخۆ دەرهێنەرانی ئێمە تا چەند بەکارەکانیان ڕێز لەو دەست پێشخەرییانە دەگرن، تا چەندیش متمانە لەدەست دەدەن، چونکە پێوەری یەکەم بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو دەست پێشخەرییانە سەرکەوتنی بەهەمەکان و ڕازی بوونی بینەرە پێیانەوە.

ئێستاش بینەر بەدیدێکی زۆر ورد چاوی لەسەر ئەو بەرهەمانەیەو هەڵیان دەسەنگێنێ و بڕیاری خۆیانی بەسەردا دەدات، لەو پێگەشەوە یا ئەوتە بینەروودراما بە یەک شاد دەبنەوەو قۆناغێکی نوێ دەست پێ دەکاتەوە، بەڕوخانیشیان ئەوندەی تر ناچار بە پەنا بردن دەبێت بۆ بەرهەمی بیانی و زنجیرەی دۆبلاژ کراو، بەمەش بێبەشی ئەوە دەبێت کە ئێمەش وەک گەل و نەتەوە بتوانین کولتوورو میژوو، کێشەو ئاریشاو ئازارو مەینەتیەکانی خۆمان بخەینە ڕوو.

لەو تاقیکردنەوە سەختەشدا بە پلەی یەکەم دەرهێنەرەکانمان دەکەونە بەردەم پرسیاری کۆمەڵگاو هەڵگری بەرپرسیاریەتە قورسەکان، کە ڕەنگە ئەو کات وەڵام دانەوەی پرسیارەکان زۆر قورس بن و هیچ پاساوێک لە بەردەمیاندا نەمێنێتەوە بۆ دەرچوون لەو دەرفەتانەی لەدەست دەچن.

ئەگەر چی ئێمەش مەزەندەمان وایە، کە ئەوانیش بە پێی توانا ئەو هەلو مەرجە تەنگەتاوەی دراما کوردی و ئەرکە سەختەکانی لەبەرچاو دەگرن، بۆ ئەوەی بەوەی لەدەسەڵاتیات دایە ئەو متمانەیەی بینەر بە دەست بێنن ، کە هەموومان ئاواتی بۆ دەخوازین .

زنجیرە دراما (بەختە بارانە) کە بەپشتگیریی دەزگای ئاڤا - بەرهەم هاتووە، نووسینی (ئەحمەد ڕەزا) و دەرهێنانی (د. نیاز لەتیف)ە، زنجیرەیەکی کۆمەڵایەتی (80)ئەلقەیە، هەر هەفتەو دوو زنجیرەی تێدا پەخش دەکرێت، ژمارەیەک ئەکتەری خاوەن ئەزموون و چەند ئەکتەرێکی تری گەنجیش بەشداری تێدا دەکەن ، جگە لە ژمارەیەکی زۆری کۆمبارس .

لەدەستپێکدا وا پێ دەچێت دەرهێنەر پرسی دریژکردنەوەی زنجیرەکەی بەلاوە مەبەست بووە، کە بیکات بە 80 ئەلقە لەبەر چەند هۆکارێک :

1.بۆ ئەوەی وای نیشان بدات کە لەرووی ژمارەی ئەلقەکانەوە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات و بەم تێپەڕاندنەش جیاوازییەک دروست دەکات و لایەنێکی ئەرێنی بەسەر ناسنامەی زنجیرەکە تۆمار دەکات .

2.وەک ڕێکلام دەتوانی وای نیشان بدات کە بەو ژمارەیە پرۆپاگەندەیەکی میدیایی بۆ زنجیرەکە بەئیمکانیاتێکی زۆر لاوازی مادەدی، بەڵام چونکە بەرۆحێکی نەتەوەیی و هونەری پاک تۆمار کرا، تائێستا هیچ زنجیرە درامایەک کە دوای ئەو زنجیرەیە بەرهەم هاتن، نەیان توانی لە ژاڵە تێپەڕێنن، هەر ئەو زنجیرەیە دەیسەلێنێ کە سەرکەوتنی بەرهەمێک بەژمارەی ئەلقەکانی نیە.

بە پێچەوانەوە ڕەنگە ژمارەی زۆر کە هەندێ کات لەتوانستی دەرهێنەرو کۆنترۆل کردنی ڕووبەرێکی فرەوان دەردەچێت، دەبێتە ئاستەنگێک لەبەردەم دەرهێنەرو سیناریۆ نووس و ناچار بوون بە تێپەڕاندنی بەرهەم و لەسەر نەوەستانی هەڵەکان، کە ڕەنگە هەندێ جار چاوپۆشین لەتەنیا یەک هەڵەی ناوازە، ببێتە هۆکار بۆ دروست کردنی پەڵەیەکی ناشیرین بە ڕووی دراماکە.

هەروا دریژی درامای پەیوەست بوونی بە (کات) وە هەیە، ڕەنگە هەموو بەرهەمێک ئەو کاتەی بۆ نەڕەخسێ ?بۆ تۆمارکردنی بەرهەمێک بەسالان خەریکی تۆمار کردن بێت، بەڵام ئەگەر زنجیرەیەکی درامی بەو پەلە پرووزێیە بەئیمکانیاتێکی زۆر لاوازی مادەدی، بەڵام چونکە بەرۆحێکی نەتەوەیی و هونەری پاک تۆمار کرا، تائێستا هیچ زنجیرە درامایەک کە دوای ئەو زنجیرەیە بەرهەم هاتن، نەیان توانی لە ژاڵە تێپەڕێنن، هەر ئەو زنجیرەیە دەیسەلێنێ کە سەرکەوتنی بەرهەمێک بەژمارەی ئەلقەکانی نیە.

بە پێچەوانەوە ڕەنگە ژمارەی زۆر کە هەندێ کات لەتوانستی دەرهێنەرو کۆنترۆل کردنی ڕووبەرێکی فرەوان دەردەچێت، دەبێتە ئاستەنگێک لەبەردەم بینەر ڕازی دەکەن، بەرەگەزە بنەڕەتیەکانی درامە، بەتایبەت لەرووی سیناریۆ ، دەرهێنان، مۆنتاژ، وێنەگرتن،نواندن ، دەنگ، موزیک، و زۆر ڕەگەزی دیکەی هونەریی کە بینەر لەکاتی وەرگرتن دا هەست بەستاتیکاو هوشیاریی و ورد بینی و ئیحساسی دەرهێنەر دەکات و دەست و پەنجەو خەیاڵی دەرهێنەر لەسەر شاشە دەبینێ ? نەک ئەوەی پرۆپاگەندەی بۆ دەکا.

هەر بۆ نموونە هیچ بینەرێکی کورد ناتوانێت زنجیرە درامای (ژاڵە) لە بیر خۆی بباتەوە، کە تەنها هەشت ئەلقە بوو، یەک کامێرای تەقلیدی بۆ تەرخان کرابوو، دەست بەستراو نین و ئەگەر شەڕەکە بە قەپۆز شکانیشمان تەواو بێت هەردەکەین. بۆیە مەسیح سەرۆکی ئاشتیە و تەنها مەسیح و فێرکردنەکانی بەڕاستی دەتوانێت شوێنکەوتەکانی وا لێبکات بەڕاستی ئاشتیخواز بن و بە ئاشتەوایی بژین لەگەڵ ئەوانی دیکە، مەسیح بە ڕوونی فێرمان دەکات کە ئاشتیەکەمان ئاشتیەکی خۆکردەیی، کوردەکەی خۆمان مالی ئاوا بیت کوردیەکەی خۆمان ئاشتیمان ئاشتیە و شەڕیشمان شەڕ، چونکە ئێمەی مرۆڤ و کوردەکەی خۆمان مالی ئاوا بیت حەز دەکەین ئەگەر لایەنی بەرامبەر ئاشتیخواز بێت ئێمەش هەروها ، بەڵام ئەگەر شەڕخواز بێت ئەوا ئێمەش ئەنجام بدرێت، کە نیوەی بە پەلە تۆمار بکرێت و نیوەکەی تری بکەوێتە کاتی نمایش دەبێت چارەنووس چۆن بێت ؟

زۆرینەی ئەو زنجیرە درامیە درێژە بیانیانەی ئێمە دەیانبینین ، لەلایەن کۆمپانیا زەبەللاحەکانەوە ئامادە دەکرێن کە پیشەیان بەرهەم هێنانی درامایە و ئەو دەسەڵاتە هونەریی و ماددی و مەعنەویانەیان هەیە کە بتوانن حاڵەتێکی سەقامگیر بۆ بەرهەم هێنان دابین بکەن و بۆ ماوەی سااڵنیک لەبەرهەم هێنان بەردەوام بن، ئەوان دەست لەسەر دڵی بینەردا دەنێن و لە ڕوانگەی بازاڕ بینییەوە دەڕوانن بەرهەمەکان ،چیان بوێ بەو ئاراستە کار دەکەن، ئێمە کە کۆمپانیا نین، دەسەڵاتمان دیاری کراوە، حاڵەتێکی سەقامگیرمان نییە، ڕەنگە ئەگەر زنجیرەیەک شکست بینێ زوو پشتی تێ بکرێت ، ئیدی تەنیا فەشەلێک بەسە بۆ ئەوەی دەرهێنەرێک نەتوانێ جارێکی دیکە دەرفەتێکی دیکەی بۆ دروست بێتەوە.

هەروا دەرهێنەر لەپێناو درێژ کرنەوەو تەواو کردنی ئەو هەشتا ئەلقەیە فێڵێکی تری لە بینەر کردووە ، بۆ هەر ئەلقەیەک چەند گرتەیەکی لەپێشەوەو پاشەوەی ئەلقەکە داناوە بۆ بیرهێنانەوەی بینەر، جگە لە تایتڵی دوورو درێژی زنجیرەکە، هەموو ئەمانە بە ئامانجی درێژ کردنەوەی کات و پاشەکەوت کردن لە دیمەنەکان بە ئامانجی گەیشتنە بەو ژمارەی ئەو خوازیاریەتی..

وێڕای هەموو ئەو هەوڵانەش دەرهێنەر بەهەمان ئامانج وای کردووە کە هەر هەفتەیەک دوو ئەلقەی یەک لەدوای یەکتری زنجیرەکە نمایش بکرێت، ئەمەش هەمدیسان دەبێتە هۆکار بۆ لەدەست دانی بینەرو بەدواداچوونی، بەتایبەت ئەگەر دەرهێنەر ئەو دەسەڵاتەی نەبوو بە تەکنیکە هونەرییەکانی بینەر ناچاری ئەوە بکات بۆهەفتەیەکەی تر چاوەڕوانی بکات.

لەگەڵتان بەردەوام دەبین ..



پێکەوە ژیان تاچەند گرنگە



سابیری سەندیکا

بەر لەوەی هەوڵی لێکدانەوەی چەمکی ئاشتی بدەین وا پێویست بکات بزانین پێناسەی ئاشتی چیە! هەندێک دەڵێن : ئاشتی واتا دۆخێکی ئارامی بێ شەڕوشۆڕ. هەندێکی تر پێیان وایە ئاشتی بریتیە لە پەیڕەوکردنی بنەمای ڕەتکردنەوەی ئاژاوە. ئەمە جگە لەوەی کە سیاسەت و ئایین و کۆمەڵگە و کەلتوورە جیاوازەکانیش دیدگەی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ ئەم چەمکە و بە گوێگرەی ویست یاخود فەلسەفەی کۆمەڵگا پێناسە و شیتەڵکاری بۆ دەکەن.

ئەگەر بەراستی دەت هەوێت بەئاشتی بژێت دەبێت فێرکردنەکانت بەڕاستی دەتوانێت شوێنکەوتەکانی وا لێبکات بەڕاستیخواز بن و بە ئاشتەوایی بژین لەگەڵ ئەوانی دیکە، کە دەبێت هەوڵ بدەین بەپێی توانا لەگەڵ هەموواندا بە ئاشتی بژین. دەتوانێت شوێنکەوتەکانت وا لێبکەی بەڕاستی ئاشتیخواز بن و بە ئاشتەوایی بژین لەگەڵ ئەوانی دیکە، بۆ بابەتی ئاشتەواییش هەمیشە پێویستی بە دوو لایەن هەیە بە تەنها لایەنێک ئەنجام نادرێت. ناکرێت کە تەنها بەدەم باسی ئاشتی بکەێت و بە کردەوە دژایەتی بکەی ژیانکردن و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان لایەنی زۆرە تەنها هەر وشەیەک نیە و موزایەدەی پێوە بکرێت لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە دەبێت هەمو ئایینەکان پێکەوە باوەش بکەنەوە بۆ قبوڵکردنی یەکتر، ڕاستە دەستپێشخەری شتێکی باشە و ڕەنگە بەبێتە بەرەکەت بۆ بەرامبەر، بەڵام گەر بەرامبەر لە ناخیدا بەهۆی دەقێکی ئایینی یان کلتور و هەرشتێکی دیکە وەڵامی دەستپێشخەریەکە نەداتەوە پێکەوە ژیان تەنها وەک وشەیەک بەکار دێت و بەس، هەر شتێک بە تەنها بکرێت پێکەوە ژیان بەتەنها ناکرێت پێویستی بەهەردوو لایەن یان هەموان هەیەوا چاکە سەیری ئەو ئاشتیە بکەین کە لەناو کۆمەڵگاکەماندا باوە و بوونی هەیە، ئەویش کۆمەڵگای کوردییە لە کوردستانی عێراق ئەو ئاشتیەی لای ئێمە مانان بوونی هەیە شتێکی سنووردارە و تا ڕادەیەک پێی دەووترێ ئاشتی، بەڵام کاتێ باروودۆخێکی وا دێتە کایەوە هەڵوێستێکی جیا لە ئاشتیخوازانە وەرگرین، پەنا بۆ شەڕ دەبەین، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئاشتیەکەمان ئاشتیەکی خۆکردەیی، کوردەکەی خۆمان مالی ئاوا بیت کوردیەکەی خۆمان ئاشتیمان ئاشتیە و شەڕیشمان شەڕ، چونکە ئێمەی مرۆڤ و کوردەکەی خۆمان مالی ئاوا بیت حەز دەکەین ئەگەر لایەنی بەرامبەر ئاشتیخواز بێت ئێمەش هەروها ، بەڵام ئەگەر شەڕخواز بێت ئەوا ئێمەش ئەنجام بدرێت، کە نیوەی بە پەلە تۆمار بکرێت و نیوەکەی تری بکەوێتە کاتی نمایش دەبێت چارەنووس چۆن بێت ؟

زۆرینەی ئەو زنجیرە درامیە درێژە بیانیانەی ئێمە دەیانبینین ، لەلایەن کۆمپانیا زەبەللاحەکانەوە ئامادە دەکرێن کە پیشەیان بەرهەم هێنانی درامایە و ئەو دەسەڵاتە هونەریی و ماددی و مەعنەویانەیان هەیە کە بتوانن حاڵەتێکی سەقامگیر بۆ بەرهەم هێنان دابین بکەن و بۆ ماوەی سااڵنیک لەبەرهەم هێنان بەردەوام بن، ئەوان دەست لەسەر دڵی بینەردا دەنێن و لە ڕوانگەی بازاڕ بینییەوە دەڕوانن بەرهەمەکان ،چیان بوێ بەو ئاراستە کار دەکەن، ئێمە کە کۆمپانیا نین، دەسەڵاتمان دیاری کراوە، حاڵەتێکی سەقامگیرمان نییە، ڕەنگە ئەگەر زنجیرەیەک شکست بینێ زوو پشتی تێ بکرێت ، ئیدی تەنیا فەشەلێک بەسە بۆ ئەوەی دەرهێنەرێک نەتوانێ جارێکی دیکە دەرفەتێکی دیکەی بۆ دروست بێتەوە.

هەروا دەرهێنەر لەپێناو درێژ کرنەوەو تەواو کردنی ئەو هەشتا ئەلقەیە فێڵێکی تری لە بینەر کردووە ، بۆ هەر ئەلقەیەک چەند گرتەیەکی لەپێشەوەو پاشەوەی ئەلقەکە داناوە بۆ بیرهێنانەوەی بینەر، جگە لە تایتڵی دوورو درێژی زنجیرەکە، هەموو ئەمانە بە ئامانجی درێژ کردنەوەی کات و پاشەکەوت کردن لە دیمەنەکان بە ئامانجی گەیشتنە بەو ژمارەی ئەو خوازیاریەتی..

وێڕای هەموو ئەو هەوڵانەش دەرهێنەر بەهەمان ئامانج وای کردووە کە هەر هەفتەیەک دوو ئەلقەی یەک لەدوای یەکتری زنجیرەکە نمایش بکرێت، ئەمەش هەمدیسان دەبێتە هۆکار بۆ لەدەست دانی بینەرو بەدواداچوونی، بەتایبەت ئەگەر دەرهێنەر ئەو دەسەڵاتەی نەبوو بە تەکنیکە هونەرییەکانی بینەر ناچاری ئەوە بکات بۆهەفتەیەکەی تر چاوەڕوانی بکات.

لەگەڵتان بەردەوام دەبین ..

هەمووماندا بە ئاشتی بژین، بۆیە گرینگەو پێویستە منی کورد یەک دنیا کەڵک لە عیسای مەسیح ببینم هیچ نەبێت باسی فکرەی پەنابەری بکەم بۆ نمونە فکرەی مرۆڤ دۆستی بکەم قوربانی بکەم باس لە فریاد ڕەس بکەم مرۆڤایەتی بەدرێژای میژوو .... با هەموومان ئەم گۆرانیە بلینەوە : من هەر ئاشتیم ئەوێ خۆشەویستیم ئەوێ بێ تۆ سەرناکەوێ بەنیا تۆم ئەوێ بەتەنیا تۆم ئاشتی خوازم بەتەنیا تۆم ئەوێ بەهیوا و ئاواتم دڵم تۆی ئەوێ من ڕووناکیم ئەوێ من سەربەستیم ئەوێ بێ تۆسەرناکەوێ بەنیا تۆم ئەوێ بەنیا تۆم ئەوێ.

سەرۆکی یانەی ئاکرێ لە دیمانەیەکی (خەبات)دا:

حەسەن حوسێن: پێکهاتەکەمان بە یاریزانی نوێ و پیشەگەر نوێ دەکەینەوە





دیمانە : موسلیم دڵنەمەری

یانەی ئاکرێ یەکێکە لە یانە دیارەکانی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە و خاوەنی چەندین تیپ بووە، لە تۆپی پێ و تۆپی دەست و بالە و فوتساڵ... هتد لە ساڵانی رابردوو چەند ناسناوێکی گرنگی بەدەست هێناوە لەوانەش لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ بووە بە پاڵەوانی خولی پلەدووەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێ و لەساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ توانی بچێتە ڕیزی خولی تۆپی پێی نایابەکانی کوردستان و ئەمسالیش ٢٠١٩-٢٠٢٠لە پلە یەکەکانی کوردستان یاریکردووە. ڕۆژنامەی خەبات بۆ باشتر تیشک خستنە سەر ڕابردوو و ئایندەی یانەکە دیمانەیەکی لەگەڵ سەرۆکی نوێی یانەکە سازکرد.

حەسەن حوسێن سەرۆکی نوێی یانەکە تیشکی خستە سەر ئەرکە تازەکەی وەک سەرۆکی یانەکە و سوپاسی هاوڕێیانیکرد کە متمانەیان پێبەخشیوە وەک سەرۆک و لە (خەبات)ەوە بەڵێنیدا بەگیانێکی وەرزشیانە بەیێوچان هەوڵ بدات بۆ پێشخستنی یانەکە و ئەوەی لەتوانایدابێت دەیکات تا یانەی ئاکرێ چەند قۆناغێک بباتەپێش.

سەرۆکی یانەی ئاکرێ سەرەتای چارپێکەوتنەکە ئاماژەی بە دروست بوونی یانەکە کرد، کە لە ساڵی ١٩٩٥ مۆڵەتی فەرمی بۆ کارکردن وەرگرتووە و لە چەند ساڵی رابردوو خاوەن چەند ناسناو و بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوبووە و لە ساڵی ٢٠١٢ بووەتە پاڵەوانی پلە دووەکانی خولی تۆپی پێی کوردستان و لە ساڵی ٢٠١٨ توانیویەتی بگاتە خولی نایابی کوردستان و تاکو ئەمساڵیش لە خولی نایاب ماوەتەوە.

حەسەن، سەبارەت بەیاریزانانی ئێستای یانەکەی گووتی : یاریزانانی یانەکە تێکەڵەیە لە یاریزانی خۆمالی و بیانی. لە رابردوودا یانەکە گرنگی بە هێنانی یاریزانی بیانی واتە غەیرە کورد داوە، ئەوەش بۆتە هۆکار بۆ خەرجکردی پارەیەکی زۆر و بارگرانی بۆیانەکە. سەرۆکی یانەی ئاکرێ وتیشی داهاتی ئێستای یانەکە چوار ملیۆن و پینجسەد هەزار دینارە ئەوەش بەرامبەر بە خەرجیەکانمان کە دەگاتە دووسەد ملیۆن دینار لە مانگێکدا، کەمە و تووشی کورتهێنانی بودجە بووینە. مینحەی حکومەت لە سەدا ٤٠ ی خەرجیەکانمان دابین دەکات، بۆیە لە کاری نوێمان وەک ستافی نوێی ئیداری یانەکە، وەبەرهێنانی تازە ئەنجامدەدەین وەک دروستکردنی مەلەوانگەیەکی نێودەوڵەتی کە دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ دەستکەوتنی داهات بۆیانەکە.

حەسەن حوسێنی سەرۆکی نوێی یانەکە لەبارەی ژێرخانی مرۆیی یانەکە لە پێگەیاندن و دروستکردنی یاریزانی نوێ بۆ (خەبات) ئاماژەی بەوەدا، لە ماوەیەکی نزیکدا گرنگترین کار کە وەک سەرۆک یانە ئەنجامیبدەم کردنەوەی سەربازگەیەکی نوێیە بۆ پێگەیاندی یاریزانی لاوی کوردستان و شارۆچکەی ئاکرێ و دەوروبەری، لەپێناو ئەوەی کەمتر یاخود پێویستمان بە یاریزانی بیانی نەمێنێ. وەهەروەها بەشداری پێکردنی خولی فوتسالی کچانە لەخولی پلەیەکەکانی کوردستان، وە بنیاتنانی تیپی ڤۆزلی بۆلی کچان وکوران، و وەهەروەها بەشداری پێکردنی تیپی جۆدۆو تیپی تایکواندۆیە لەخولەکانی کوردستان. حەسەن ئاماژەی بەوەشدا، کە سەرقاڵی دروستکردنی یانەیەکی شەترەنجن و ئەوەی لەتوانا داراییەکەیانهەبێت دەیخەینە خزمەت ناو و ناوبانگ و مێژووی یانەکە و پێشکەشی هەوادار و یاریزانانی یانەی ئاکرێی دەکەن.

سەرۆکی یانەی ئاکرێ ئاماژەی بەوەدا هەڵدەدەن زەویەکی گونجاو تەرخان بکەن بۆ دروستکردنی یاریگایەکی چیمەنی دەستکرد تا یانەکە بتوانێت سوودی لێوەربگرێت. سەبارەت بە گرنگیدان بە تیپە هەمەجۆرەکانی کچان حوسێن گووتی: یانەی ئاکرێ تەنها تیپی فوتسالی کچانی هەیە، کە بڕیارە لە خولی پلەیەکەکانی کوردستان بەشدار بن، بەڵام لە بەرنامەماندایە کە تیپی جۆراوجۆری کچان دروست بکەین وگرنگیەکی باشیان پێبدەین،چونکە یاریزانی جۆراوجۆری باشی کچمان هەیە لەسنوورەکە و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین خزمەتیانبکەین.

لەکۆتاییدا حەسەن حوسێن، سەرۆکی یانەی ئاکرێ ئاماژەی بەوەدا هەوڵی یەکەم و خێرایان هاوکاریکردنی راهێنەران دەبێت لە دەستنیشانکردن و هێنانی یاریزانی پێویست و لێهاتوو بۆ ڕیزی یانەکە و لە ڕێگەی میکانیزمی کردنەوەی سەربازگەیەکی ڕێهێنان و دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی یانەکە و ئاماەدەکردنیان بۆ وەرزی نوێ و رکابەریکردنی یانەکانی کوردستان لەسەر بەدەستهێنانی ناسناوی خولی کوردستان.

لەپێناو دەستخستنی داهاتی زیاتر وەبەرهێنان دەکەین

ڕیال لالیگا تۆمەتبار دەکات کە لەسەر سێنی زێڕ نازناوەکە دەبەخشنە بەرشلۆنە



ڕۆژنامەی مارکای مەدریدی هێرشی کردە سەر دەستەی خولی تۆپی پێی ئیسپانی بەهۆی ئەو هەستەی لای ڕیال مەدرید دروست بووە کە مەرایی بۆ یانەی بەرشلۆنە دەکەن لە پێێبرکێی بەدەستهێنانی نازناوی لالیگا لەبەر چەند هۆکارێک کە بەمشیوەیە ئاماژەی پێداوە وەک:

یانەکە 4یاریی لەسەر یەکتری لەکاتژمێر 11بەکاتی سعودیە ئەنجامی دەدات و لەوانە یاریی گرنگەکەیان بەرامبەر سۆسیداد کە لەدەرەوەی مەدریدە، هەروەک ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ کردووە ئەمە فێلێکی ڕوون و یاریکردنە بە کات، چونکە ئەو کاتە بۆ یاریزانەکان لەبار نییە، بۆ نموونە ڕۆژی یەکشەممە ڕیال مەدرید ڕووبەڕووی سۆسیداد دەبێتەوە لە دەرەوەی یاریگای خۆی، دوای یاریی یەکسەر پشکنینی ڕۆتینیان بۆ دەکریت و دەچنە فرۆکەخانە، کاتێکیش دەگەڕێنەوە ئەوا یاریزانەکان بەرەبەیان دەگەنەوە مالەکانی خۆیان

بەرشلۆنە بۆ یارییەکەی سبەی کێشەی بۆ دروست دەبێت



بۆ یارییەکەی سبەی بەرامبەر سیڤیا، یانەی بەرشلۆنە گرفتی لە هێلی بەرگری و بەتایبەتی لە شوێنی پیکی دەبێت، کە لە میانی یاریییەکانی گەڕی 30ی خولی ئیسپانی بەیەک دەگەن.

بەرشلۆنە لە یاریی رابردوویدا توانی بە ئەنجامی 2-0گۆڵ لە یانەی لیگانسی بردەوە، لەو یاریییەدا کە جیرارد پیکێ نەیتوانی یاریییەکە بەهۆی پێکانەوە تەواو بکات، و دواتریش سامویێل ئومتیتی چوارەمین کارتی لەم یاریییەدا وەرگرت، بەمەش ئەگەر پیکێ لەپێکانەکەی چاک نەبێتەوە و ئەگەری زۆریش هەیە ئومتیتی لەبەر کارتەکان نەتوانێت بەشداری بکات، ئەوا کێشەیەک بۆ ڕاهێنەری بەرشلۆنە دیتە پێشەوە، کە ناچار دەبێت بۆ یاریییەکەی ناو یاریگای ڕامۆن سانچێز پشت بە کلیمنت لینخلت و ڕۆنالد ئاراخۆ ببەستێت.

مۆدریچ بۆ ئیمپایێ: ئەگەر دەتەوێ ببیە باشترینی جیهان، ڕووبکە یانەیەکی گەورە



لە پەیامیکدا لۆکا مۆدریچی کرواتی و یاریزانی یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی ڕایگەیاند کە ئیمپایێ ئەگەر بیەوێت ببێت بە باشترین یاریزانی جیهان دەبێت ڕووبکاتە یانەی گەورە.

ئەو پەیامەی مۆدریچی باشترین یاریزانی ٢٠١٨ ی جیهان بۆ ئیمپایێی فەرەنسی و یاریزانی یانەی پاریس سانجێرمان، پەیامیکی ناراستەوخۆیە تا وا لە ئیمپایێ بکات ڕووبکاتە یانەی شاهانە و لەو یانەیە دڕێژە بەیاریکردن بدات.

یانەی ڕیاڵ بەدرید بە دیاریکراویش زێدانی ڕاهینەری ئەو یانەیە لەماوەی ڕابردوودا لە هەوڵی بێوچاندایە بۆ گواستنەوەی ئیمپایێ بۆ ڕیزی یانەی شاهانە و سەرچاوەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن دوور نییە لە ماوەی گواستنەوەی هاوینە ئەو یاریزانە ببێتە یاریزانی بلانکۆس و فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەکە گەورەترین بژنەر لەو هاوینە ڕابگەیەنێت.

خانمە پاڵەوانی بەرازیل لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

ساندرا دی جیسۆس: شەترەنج فێری فەلسەفەی ژیانی کردم





دیمانە: هاوار مورتکەیی

ساندرا دی جیسۆس فێرێرا Sandra Silvaلە سالی 1991لە شاری ماناوس ئەمازۆناسی بەرازیلی لەدایک بووە، دەرچووی فەلسەفەیە لە زانکۆی ئەمازۆن، ئەو خانمە پاڵەوانی شەترەنجی قوتابخانەو زانکۆکانی وڵاتی بەرازیلە، لەدیمانەیەکدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات، باس لە ژیان و دەسکەوتەکانی لەبواری یاری شەترەنجدا دەکات.

یارییەکی سەرنجڕاکێشە

ساندرا دەڵێت: لە سالی 2001کە ئەوکات تەمەنم 10ساڵان بوو چوومە خولێکی فێربوونی شەترەنج، ئەویش دوای ئەوەی هەستم کرد شەترەنج یارییەکی سەرنجراکێشە لەلام، چونکە لەکاتی یاریکردندا دەبوایە بیربکەیتەوە ئینجا جوڵەیەک بکەی، دوای فێربوونی ئەو یارییەش لە سالی 2003بۆ یەکەمینجار بەشداریم لە پاڵەوانێتییەکدا کرد و هەمان ساڵیش بەشداریم لە پاڵەوانێتییەکی فەرمی قوتابخانەکان کرد، ساندرا زیاتر دەڵێت: لەوکاتەوە بەشداری زۆربەی پاڵەوانێتییەکانی هەرێمی ئەمازۆنم دەکرد و چەندین جاریش لەسەر ئاستی کۆچان پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە، واتە هەڵگری نازناوی ئۆڵۆمپیادی هەرێمی ئەمازۆنم، بەشداریەکانم زیاتر لە لەناو بەرازیل بووە، تەنها جارێک لەدەرەوەی بەرازیل یاریم کرد ئەویش لە پاڵەوانێتییەکی یانەی لیۆن بوو لە پاریس.

ژیانی رۆژانەت رێکدەخات

ساندرا سێڵڤا لەبارەی شەترەنجەوە دەڵێت: شەترەنج تەنها سوودەکەی لەبردنەوەدا نییە وەک یارییەکانی تر، چۆن لەبردنەوەدا دەردەکەوێت کە لەپلانەکانتدا سەرکەوتوو بووید، لەڕۆژانیش بەهەمان شێوەی هەڵەی پلانەکانت دەدۆزیەوە کە بۆ یاریی داهاتوو بتوانی راستیان بکەیتەوە، بەڵای منەوە شەترەنج دونیایەکی فراوانە و تام و چێژی لێوەردەگرم، پێم وایە شەترەنج یارمەتیدەریکی بەهێزە بۆ ریکخستنی ژیانی رۆژانەت و ئەم وەرزشە فێرت دەکات بەرلەهەر هەنگاوێکدا دەبێ بیربکەیتەوە، بیرکردنەوەش دووچاری رووبەرووبوونەوەی کەمترین هەڵەت دەکات لە ژیان، بەشەکەی خۆم کە لەزانکۆ لێی دەرچووم پەیوەندییەکی پتەوی بە شەترەنجەوە هەبووە، لە زانکۆ فەلسەفە فێربووم، لەشەترەنجیشدا فێری فەلسەفەکانی ژیان بووم، ئەمە جگە لەوەی شەترەنج دەبێتە ئەلقەیەک لە پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی دەرەوەی فەرهەنگەکەی خۆت.


ئیلهامی پێ بەخشیوە

لە کۆتاییدا ئەم خانمە شەترەنجزانەی بەرازیل دەڵێت: لەپاڵ هەموو ئەمانەی باسم کردن، شەترەنج ئیلهامی پێبەخشیوم کە بتوانم ئەو شارەزاییەی لەشەترەنجدا بەدەستم هێناون بیانگۆزمەوە بۆ ئەوانەی حەز بەفێربوونی ئەم وەرزشە دەکەن ئەویش لە رێگای بڵاوکردنەوەی راپۆرت و وتار لە سایتە بەناوبانگەکانی بەرازیل.

بایرن میونشن بووە پاڵەوانی بوندسلیگا

یانەی بایرن میونشن لە ٣٢مین هەفتەی بوندسلیگادا لە یاریگای ڤێسەر بووە میوانی یانەی ڤێردەربرێمەن.
لە خولەکی ٤٣ی یارییەکەدا، یاریزانی یانەی بایەرن ، رۆبێرت لێڤاندۆڤسکی گۆڵی یەکەمی یانەکەی تۆمار کرد و یارییەکە بە ئەنجامی ١-٠ کۆتایی هات.
بەم شێوەیە یانەی بایەرن میونشن بووە براوەی یارییەکە.
ئەم سەرکەوتنەش خاڵەکانی یانەکەی گەیاندە، ٧٦ خاڵ و بۆ جاری هەشتەم یەک لەدوای یەک و بۆ جاری ٣٠یەم لە مێژووی خۆیدا نازناوی پاڵەوانێتییەکەی بەدەستهێنا.
لە لایەکی دیکەشەوە یانەی پادێربۆن بە ئەنجامی ١-٠ بەرامبەر یانەی یونیەن بەرلین شکستی هێنا.
بەم شێوەیە پادێربۆن بە تۆمارکردنی ٢٠ خاڵ لە ریزبەندی کۆتایی پاڵەوانێتی بوندسلیگا مایەوە.





تۆتینهام داوای کۆتینهۆ دەکات

رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی بڵاویکردەوە کە یانەی تۆتینهامی ئینگلیزی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە کەوتۆتە گفتوگۆوە سەبارەت بە ئالوگۆڕکردنی فیلیپ کۆتینهۆی بەڕازیلی.
کۆتینهۆ لە کۆتایی ئەم وەرزە ماوەی خواستنی لەگەڵ یانەی بایرن میونشن کۆتایی دێت و دەگەڕێتەوە بەرشلۆنە، بەڵام ئەو یاریزانە پێی خۆشە نەگەڕێتەوە بەرشلۆنە و حەزەکات جارێکی تر لە خولی ئینگلیزی یاری بکاتەوە.
یانەی تۆتینهام بۆ بەدەستهێنانی ئەو یاریزانە ئامادەیە ئالوگۆڕی بکات و هەریەک لە ندومبیلی ئالدیرفیریلد بداتە بەرشلۆنە، تا ئێستاش گفتوگۆکان بەردەوامن و نەگەیشتوونەتە رێککەوتن.

ئەمشەو مێسی لەبەردەم ژمارەیەکی مێژوویییدایە

بەتۆمارکردنی گۆڵەکەی لەیانەی لیگانس، لیۆ مێسی تەنها هەنگاوێکی ماوە بۆ تۆمارکردنی ژمارەیەکی ئەفسانەیی و مێژوویی. مێسی تەنها یەک گۆڵی ماوە بۆ ئەوەی ژمارەی گۆڵەکانی بگەیەنێتە 700 گۆڵ لە ماوەی کاروانی پیشەگەریی خۆیدا بەهەردوو دریسی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، ئەو یاریزانە 440گۆڵی لە لالیگا تۆمارکردووە و 114گۆڵیش لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و 53گۆڵیش لە جامی شای ئیسپانیا، 5گۆڵ لە مۆندیالی یانەکان، 14گۆڵ لە جامی سوپەری ئیسپانی، 3گۆڵیش لە جامی سووپەری ئیسپانی، لەسەر ئاستی هەڵبژاردەی ئەرژەنتیش، 84گۆڵ لە یاریی دۆستانە، 21گۆڵ لە پاڵاوتنەکانی ئەمریکا، 9گۆڵ لە کوپا ئەمریکا، 6گۆڵ لە جامی جیهانی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.18. Jun. 2020 No: (5956)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند "کاروان حەلاق" نوێترین کلیپی خۆی بڵاوکردەوە



هەمزە سەرحان

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەباتدا هونەرمەند کاروان حەمید حەلاق رایگەیاند: لەگەڵ کاک (بافل سەرهنگ) لە (ستودیوی یادمیدیا) بە ستایلێکی زۆر جیاواز و کلیپێکی نوێمان بەناوی (هەناسە جیاکان ئاوێتە دەبن) بڵاوکردەوە، کە کارێکی موزیکییە لە نێوان چەند نەتەوەیەک و کولتوورێکی جیاواز پێکهاتووە. لە دەرهێنانی هونەرمەند بافڵ سەرهەنگە.

هەردها گوتی: ئاوازی ئەم پارچە موزیکە فولکلۆری هەورامییە قبوڵکردنی موزیکی هەورامی لە لایەن هاوڕێ موزیک ژەنەکانمەوە دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بوون لە هونەری ئەفریقی و ئاسانکارییەک بۆ کارەکە بێگومان هەموو کارێک پێویستی بە بوودجە و بە کات هەیە ئینجا بە توانا و خۆشەویستی بۆ کارەکە من وەک کوردێک هەتا ئێستا چەند کارێکی ڤیدیۆ کلیپم بەرهەم هێناوە هەموو ئەم کارانەم ئەنجامم داوە لە ڕێگەی کارکردنم لە چێشتخانەیەک کە کاری تیادەکەم بۆ ڕاپەڕاندنی کارە هونەرییەکانم ،کەم تا زۆر توانیومە ڕاستگۆی لە کارەکانم بوونی هەبێ. لە کۆتایدا هونەرمەند کاروان حەلاق گووتی:" لەم کارمدا بە پێویستم زانی کە جل و بەرگی سپی بپۆشم ، چونکە ڕەنگی سپی ئاماژەیە بۆ ئاشتی بۆ ئەوەی بچرپێنم بە گوێی هەمو دوونیا ن کە میلەتی کورد گەلێکی ئاشتی خوازە هەمیشە حەز لە ئاشتی دەکات بە خۆشحاڵییەوە کە توانیومە تائێستا بەشداری چەند کۆنسێرت و فیستیڤاڵێکی نێو دەوڵەتیش بکەم ، هیودارم ئەم کارەشم بەدڵی بینەران و گوێگران بێت". شایانی باسە بۆ یەکەمین جارە ئامێرێکی کوردی بە کاردێت کە ئامێرێکی ئەفریقییە هونەرمەندە بەشداربووەکان بریتیین لە هەریەک لە: کاروان حەمید حەلاق بە ئامێری شمشاڵ و باڵەبان لە گەڵ مەقام ، خانم هونەرمەند "دیمفی پێتەرس" بە ئامێری کۆرا و خوێندنی ئۆپێرا، لەگەڵ گرووپی دانس و موزیکی ئەفریکی بە سەرپەرشتی "کۆلاو" بەشدارن.



چاپکراوی نوێ



کەسایەتی بەهێز

چاپی دووەمی کتێبی (کەسایەتی بەهێز.. چۆن کار لەوانی دیکە دەکەیت) بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و 115 لاپەڕەیی لە نووسینی ناسر هورمز، وەرگێڕانی دڵشاد مستەفا وەسانی و بەهزاد حەوێزی، کە لە لایەن خانەی (کولتوور بۆ چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگی) چاپ کراوە، کەوتە بەردەستی خوێنەران.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێ:"مرۆڤ کە لە دایک دەبێت، توانای کارلێکردنی هەیە، وەلێ ئەو (توانایەی کارلێکردن) پێویستی بە بیر و کارکردنێکی وا هەیە. کەسایەتیەکەی بە جۆرێک لێبکا بە هۆی کاریگەرییەکانەوە لە کەسانی دیکەی جیا بکاتەوە، ئا لەو کاتەدا دەبێتە کەسێکی کاریگەر لە کۆمەڵگەکەیدا. نهێنی کەسایەتی بەهێز لە ئیرادەیەکی بەهێز و بێوێنەدا خۆی دەنوێنێ. گەشەسەندنی کەسایەتی و پەرەپێدانی پێویستی بە پارە و پول و توانای تایبەتی و هزرێکی ئاڵۆز نییە. ریفۆرمی خود و وەدەستهێنانی داب و نەریتی چاک و تازە بەپێی چەمکە نوێیەکانی دەروونزانی، ڕێگە بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەک، کە بتوانێ ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆ دەرەکییەکان ببێتەوە".

شایانی باسە، ساڵی 2008 چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە لایەن (دەزگای وەرگێڕانەوە) کراوە.

فەرەنسا.. فەیسبووک 30 هەزار ئەکاونتی ساختەی داخست



هەردەوان:لە فەرەنسا فەیسبووک زیاتر لە ٣٠ هەزار هەژماری ساختەی بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵە و دوور لەراستییەوە، داخست. لەمبارەیەوە "شەبنەم شایک" بەرپرسی تیمی ئاسایشی فەیسبووک، لەلێدوانێکدا کە لە بلۆگی فەرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەوەکرد بەهۆی ئەوەی زانیاریی فریودەر و هەواڵی ناڕاستیان بڵاوکردووەتەوە، ئەو هەژمارانە داخراون.هەروەها شەبنەم شایک ڕایگەیاندووە "لەچوارچێوەی ئەو پاکسازییەی لە فەرەنسا دەستمان پێکردووە، زیاتر لە ٣٠ هەزار هەژمارمان داخستووە ."شایک باسی لەوەشکرد ئەو ڕێوشوێنانەی گرتوویانەتە بەر بەو مانایە نایەت کە هەر هەژمارێکی ساختە هەبێت داخرابێت، بەڵام ئەوان ئامانجیان ئەوەیە چالاکییەکانیان بۆ داخستنی ئەو جۆرە هەژمارانە زیاد بکەن. تیشکی خستە سەر ئەوەش کە ئەو هەژمارانەی کە زانیاری هەڵە بڵاودەکەنەوە، زیاتر دەبنە هۆی گەیاندنی زیان بە هاوواڵتیان لەرووی ماددییەوە و بە ئاراستەیەکی هەڵەیاندا دەبەن.

ئەنتی بیوتیک مەترسی قەڵەوی لە منداڵاندا زیاتر دەکات

لە ماڵپەڕی میدیکال نیکسپرێس، بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی " بەکارهێنانی ئانتی بیوتیکەکان ، مەترسی قەڵەوی لە منداڵان زیاتر دەکات .."، بڵاو کراوەتەوە، کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە ، ئەنجامی توێژینەوە زانستییەکان پیشانی داوە کە ئەو منداڵانەی کە لە سەرەتای ژیان چەند جارێک ئانتی بیوتیکیان بەکارهێنابوو ، ئەوا تووشی قەڵەوی و زیادبوونی کێشی لەش دەبنەوە . توێژەران بڕیان دەرکەوتووە کە ئەو منداڵە تەمەن 4سالانەی کە زیاتر لە 9جار ئانتی بیوتیکیان بەکارهێنابوو بە بەراوەرد لەگەڵ کەسانی هاوتەمەنی خۆیان بەرێژەی دوو ئەوەندە تووشی زیادە کێش و قەڵەوی ببوونەوە . بە ووتەی توێژەران ، لە هەندێک حاڵەتەکانی نەخۆشی منداڵان ، ئەوان بەکارهێنانی ئانتی بیوتیک زەروورییە . بەڵام بۆ هەندێک حاڵەتی وەک هەڵامەت ، ئەوا ئانتی بیوتیک پێویست ناکات.

بە ووتەی توێژەران، هەندێک لە جوتیاران بە مەبەستی قەڵەوکردنی ئاژەڵ و بەرهەمەکانیان ئەوا ئانتی بیوتیک بەکاردێنن ، کە ئەوەش دەبێتە هۆی گۆرانکاری میکرۆبیۆم . میکرۆبەکانی نێو ریخۆڵە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاشکەوتکردن و سووتاندنی کالۆری بەرهەمەکانی خۆراکی هەیە و ئەگەری گۆرانکاری لە میکرۆبیۆمەکان ئەوا زیادەکێش و قەڵەوی لێدەکەوێتەوە . لەو توێژینەوەیەدا ، زیاتر لە 5100منداڵی نیوزیلەندی کە تەمەنییان لە سەرەتای 4.5 ساڵی بوون بەشداربوون.

